

# چارەنووسی ئەی ڕەقیب لای ریفراندۆمە نەک پەرلەمان



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

سروودی نیشتمانیی سویسرا کە لە ساڵی (١٨٤١)ەوە لەلایەن (لیۆنارد فیدمەر ١٨٠٨ - ١٨٦٨)ەوە نووسراوە و (ئەلبیرك زۆیسیگ)یش ئاوازی بۆ دانابوو، لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵێك هەبوو بۆ گۆڕینی بە سروودێکی دیکە.

(نیدەر بێرگەر)ی سەرپەرشتیاری پێشبڕکێی گۆڕینەکە لە سەرەتای ساڵی پارەوە لەلایەن (کۆمەڵەی سویسرا بۆ بەرژەوەندی گشتیی) دەڵێت: «لەبەر ئەوەی لە سویسرادا گەل خاوەن و سەرچاوەی دەسەڵاتە، بۆیە پرۆژەی گۆڕینی سروودی نیشتمانیمان پرۆژەیەکی تەواو سویسراییە و گەل لە بنکەی کۆمەڵگەوە تا لوتکەی لەم بڕیاری گۆڕینەدا بەشدار دەبێت».

بۆ ئەم مەبەستە پێشبڕکێیەك سازکرابوو بەم جۆرە:

١. هەتا بەرواری (٢٠١٤/٦/٣٠) تێکستەکانیان وەرگرتووە لە (٢٠٠) کەس کە تێکستی نوێیان بۆ سروودی نیشتمانیی وڵاتەکەیان نووسیبوو بۆ هەر چوار زمانی فەرمی وڵاتیش وەرگێڕدرابوو.

٢. مەرجی سەرەکیی بۆ نووسەرانی تێکستەکان ئەوە بوو کە دەبووایە وشەکانی هۆنراوەکانیان ڕەنگدانەوەی دیباجەی دەستووری سویسرا بێت کە لە ساڵی (١٩٩٩) دا بە دەنگدانی گشتیی پەسەند کرابوو.

٣. لیژنەیەکی پسپۆڕ و فرەڕەنگ وەك لیژنەی دادوەریی کە لە (٧) کەس پێکهاتبوون، هەستاون بە هەڵبژاردنی (١٠) دەق و خاوەنی هەر (١٠) سرووده هەڵبژێردراوەکانیش خەڵاتێکیان وەرگرت کە لەنێوان (١٠٠٠) بۆ (١٠٠٠٠) فرەنکی سویسریدا بوو.

٤. هەر (١٠) تێکستەکە کراون بە سروود و لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە پەخش کراون.

٥. جەماوەر لە ڕێگەی دەنگدانی گشتییەوە سروودێکیان بە زۆرینەی دەنگی گەل پەسەند دەکەن.

٦. لەناوەڕاستی مانگی ئەیلولی ئەمساڵ (٢٠١٥) دا، سویسراییەکان لە ڕێگەی دەنگدانی ئەلکترۆنییەوە سروودی نوێی نیشتمانیی سویسرایان پەسەند کرد کە لە فیستیڤاڵی سروودی نیشتمانیی لە کانتۆنی (ئاراو) دا سازکرابوو، لە خولی یەکەمدا جەماوەر دەنگیان دا بۆ هەڵبژاردنی (٣) ئاواز و پاشان لە دەنگدانی دووەمدا یەك سروودیان پەسەند کرد کە زۆرینەی دەنگی هێنا لە نووسینی (ڤێرنەر فیدمەر)ی دانیشتووی کانتۆنی (زیۆریخ)ە کە تیایدا دەڵێت: «ئەوەتا بەدەم باوە دەشەکێتەوە ئاڵا سوور و سپییەکەمان.»

٧. سرووده هەڵبژێردراوەکە خراوەتە بەر دەستی حکومەت بۆ ئەوەی لە ئەمساڵدا پەسەندی بکات.

### ■ پەرلەمان و سروودی ئەی ڕەقیب

سروودی (ئەی ڕەقیب)ی کوردستانیش کە لە هۆنراوەی دڵداری شاعیرە کە ناوی (یونس مەلا ڕەئوف مەحموودی مەلا سەعدی)یە، واتە شاعیر لە بنەماڵەیەکی مەلازادەیە، ئاوازەکەیشی هی (شێخ حوسێن بەرزنجی)یە کە لە بنەماڵەی شێخانی قەرەچێوارە. پار و ئەمساڵیش ئەم



سرووده دێرینەی ئێمە بە ناوی بەیاساییکردنییەوە لەلایەن پەرلەمانەوە، هەوڵێك هەبووە و هەیە بۆ دەستکاریکردنی هەمووی، یان هەندێك کۆپلە و بڕگەی بەم هەنگاوانە:

**١.** لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/٩) خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژەیاسای سرووودی ئەی ڕەقیب کراوە.

**٢.** لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/١٤) ئاراستەی لیژنە پێوەندیدارەکان کراوە.

**٣.** لە بەرواری (٢٠١٥/١/١٩) لیژنەی رۆشنبیریی و راگەیاندن و هونەر راپۆرتی خۆی کۆتایی پێهێناوە و ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کردووە.

**٤.** لە بەرواری (٢٠١٥/٥/٥) لیژنەی کاروباری یاسایی لە سەر هەمان پرس راپۆرتی خۆی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە.

**٥.** لە بەرواری (٢٠١٥/٥/٥)وە، ئەم پڕۆژەیاسایە ئامادەیە بخرێتە بەرنامەی کارەوە.

## ■ ئێمە چی بکەین بۆ سروودی نیشتمانیی کوردستان؟

لە پێناوی پاراستنی سروودی نەتەوەیی و نیشتمانیی (ئەی ڕەقیب)دا، پێم باشە هەوڵەکانمان یەك بخەین بەم هەنگاوانەی خوارەوە:


**١.** کۆك بوون لەسەر ئەو راستییەی کە بە پشت بەستن بە عورفی نەتەوەیی و ڕای زۆرینەی گەل، ئەم سرووده تا ئەمڕۆش بە سرووودی نەتەوەیی و نیشتمانیی ناسراوە.

**٢.** راستتر و باشتر وایە پڕۆژەیاسای سرووودی ئەی رەقیب لە پەرلەمان وەربگیرێتەوە، چونکە سرووودی ئەی رەقیب شەرعییەتی جەماوەری و میللی وەرگرتووە و لە دەسەڵاتی پەرلەماندا نییە بیگۆڕێت، یان دەستکاری بکات.

**٣.** هەر کەس و لایەنێك داوای گۆڕین، یان دەستکاری سرووودی ئەی رەقیب بکات، پێویستە داواکەی بکەوێتە دوای پەسەندکردنی دەستووری کوردستان، پێویستیشە دەستکاریکردنەکەش لە ڕێگەی ریفراندۆمێکەوە بێت کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی ئەنجامی بدات.

تێبینی: بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە پڕۆسەی پەسەندکردنی سرووودی نوێی نیشتمانیی سویسرا بڕوانە ئەم لینکە:

http://elaph.com/Web/News/2015/9/1039427.html#sthash.e23vE0tf.dpuf




### سڕینەوەی ئاسەواری رق و کینە و دووبەرەکی

# ژێرخانێکی پتەوە بۆ دامەزراندنی

# دەوڵەتی کوردستان

گوڵان



**«نزیکەی سەدەیەک بەسەر ڕێککەوتننامەی ئاشتی ڤێرسای تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا کورد نەبۆتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، بەڵام لە ئێستادا کورد لە هەوڵ و بزاوتێکی زۆردایە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، لەگەڵ ئەوەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان کە کوردی هەر چوار وڵاتەکە بگرێتەوە، ئەگەرێکی دوورە، بەڵام پرسی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی تورکیا و سووریا لە گەشەکردندایە، گەرچی ئەم پرسە هەتا ئێستا لە ئێران بوونی نییە، بەڵام پرسی سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق پرسێکە ئەگەری ڕوودان و دامەزراندنی دەوڵەتی لێ دەکرێت.**

**کورد لە ئێستادا لەگەڵ دوژمنێکی توندڕەو و تیرۆریست لە شەڕێکی گەورەدایە، گەرچی خوازیاری ئەوەیە ئەم دوژمنە تێکبشکێنێت و زۆر بە باشی شەڕدەکات، بەڵام پرسەکە تەنیا تێکشکاندنی ئەو دوژمنە نییە، بەڵکو کورد دەیەوێت دەستکەوتی گەورەتر بەدەست بهێنێت، کە ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. ڕەنگە ئایندەی کوردستان بە توندی کەوتبێتە بەر بەرداشی بەشە عەرەبییەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام لە ئێستادا نە سووریا و نە عێراق خاوەنی حکومەتێکی بەهێز و کارای مەرکەزی نین، ئەگەرچی لە ڕابردوودا، هەمیشە توانیویانە بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کوردی تێکبشکێنن. لەبەر ئەوە لە ئێستادا کورد هەست دەکەن دەرفەتێکی گەورەیان**

**هەر کارێک ئاژاوەی بەرهەمهێنا و ناسەقامگیری دروستکرد و ئاشتیی کۆمەڵایەتی خستە مەترسییەوە، ئەوە کارێکە دوور و نزیک پێوەندی بە دیموکراتییەوە نییە و هەر یاسایەکیش بەو ئاستە بێ مانا بکرێت کە ببێتە پەرژینێک بۆ ئاژاوەگێڕان، ئەوە هەرگیز یاسا نییە و بێ ماناکردنی سەروەریی یاسایە**

**● سڕینەوەی ئاسەواری ڕق و کینە ژینگەیەکی لەبار بۆ دامەزراندنی دەوڵەت دورست دەکات**

لە ئێستادا لەوانەیە هیچ هاووڵاتیەکی بەریتانی ئامادە نەبێت بە شێوازی دەوڵەتی لیڤاسانی تۆماس هۆبز حوکمڕانی بکرێت، بەڵام هیچ تاکێکی ئینگلیزیش نییە کە بتوانێت نکوڵی لەوە بکات، لیڤاسان یەکێکە لە شاکارە دەگمەنەکانی ئەدەبیاتی سیاسیی ئینگلیزی و مرۆڤایەتیش، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لیڤاسان بووە خاڵی وەرچەرخان بۆ دامەزراندنی یەکەمین دەوڵەتی نەتەوەیی و سڕینەوەی ئاسەواری شەڕی ٣٠ ساڵەی خوێناوی لە ناوخۆی بەریتانیا. بۆ ئەمەش تۆماس هۆبز دەسەڵاتی رەها دەداتە پادشا بۆ ئەوەی ئاسەواری ڕق و کێنە و شەڕی ناوخۆ لە ئینگلتەرا بسڕێتەوە.

جوانیی تیۆری لیڤاسان ئەوەیە زۆر بە وردی کێشەی سەرەکیی دروستبوون و دامەزراندنی دەوڵەت دیاری دەکات، ئیلهامی ئەم تیۆرە، وردبوونەوەیە لەو پرسیارەی کە پەروەردگار چۆن مرۆڤی دروست کردووە؟ لیڤاسان وای پیشانداوە، پەروەردگار کاتێك مرۆڤی دروستکردووە، هەموو جووڵەیەکی مرۆڤی بە یاسا دیاری کردووە، بۆیە مرۆڤەکان لاسایی خوڵقێنەری خۆیان دەکەنەوە و مەخلووقێکی دیکە دروست دەکەن، بەڵام زۆر گەورەتر لە خۆیان کە ئەویش دەوڵەتە و دەیانەوێت هەموو جومگەکانی ئەم دەوڵەتە بە یاسا ڕێکبخرێت. هەروەها چۆن هەر بەشێکی جەستەی مرۆڤ تەواوکاری بەشەکەی دیکەیە، دەیانەوێت دەوڵەتیش بە هەمان شێوە بێت، لە مرۆڤدا ئەوەی تەحەکوم بە هەموو جووڵەیەکی مرۆڤەوە دەکات و بڕیاردەری هەر جووڵەیەکە، سەری مرۆڤەکەیە، لەباری ئاساییدا سەری مرۆڤ بڕیاری ئاسایی دەردەکات، بەڵام کاتێك بەشێك لە جەستەی مرۆڤەکە نەخۆش دەکەوێت، یان بریندار دەبێت و تەندروستی مرۆڤەکە تێکدەچێت، ئەوا سەری مرۆڤ بڕیاری قورس و رەها دەدات بۆ ئەوەی ئەو نەخۆشییە چارەسەر بکرێت. لە لیڤاساندا بەهەمان شێوە سەری دەوڵەت پادشایە، لەکاتی ئاساییدا بڕیاری ئاسایی دەدات، بەڵام کە ئاژاوە و ناسەقامگیری دروست بوو، کە نیزامی دەوڵەت بەرەو نانیزامی ڕۆیشت، کە بەشێك لە تاکەکانی کۆمەڵگە بوونە دوژمن و گورگ بۆ براکانیان لەناو هەمان کۆمەڵگە، ئەوا دەبێت سەری دەوڵەت کە پادشایە، وەك سەری مرۆڤ بڕیاری رەها و یەکلاییکەرەوە بدات، بۆ ئەوەی ئاشتی و سەقامگیری جێگەی ئاژاوە و پاشاگەردانی بگرێتەوە، نیزام جێگەی نانیزامی بگرێتەوە، مرۆڤەکان ببنەوە برا بۆ مرۆڤەکان و یەکتری کوشتن کۆتایی بێت.

دەسەڵاتی رەهای سەری دەوڵەت، یان پادشا بۆ هەموو کاتێك و سەردەمێك نییە، بەڵکو بۆ ئەو کاتانەیە کە جەستەی دەوڵەت بووە بە ئاژاوە و نانیزامی، هەروەك چۆن بڕیارەکانی سەری مرۆڤ لە کاتیکدا رەها و بێ سنوورە کە جەستە نەخۆش دەکەوێت و باری تەندروستی ئاڵۆز دەبێت، هەر بۆیە کە جەستەی مرۆڤ نەخۆش

بۆ ڕەخساوە بۆ بنیادنانی کوردستانێکی سەربەخۆ لەم ساتەوەختەدا. ئەو دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆیەی لە ئایندەدا دروست دەبێت، ڕووبەڕووی چەندین تەحەددای سیاسی و ئابووری و ئیداری دەبێتەوە، بەڵام سەرکەوتنی ئەم دەوڵەتە گەمەکە دەگۆڕێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەو ڕاستییە سەختەش لە ئارادایە کە هێشتا ڕۆژئاوا هەڵوێستی خۆی نەگۆڕیوە لە ئاست عێراق و سووریا و تورکیا و پێداگیری دەکات لەسەر ئەوەی سنوورەکان بە دەستکارینەکراوی بمێننەوە، کە ئەمەش دژی خواستی کوردە بۆ سەربەخۆیی.

کەواتە دەبێت سەرکردایەتی کورد لە بارەی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا گفتوگۆ بکەن. ناکرێت کورد لەم سیناریۆیەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا فەرامۆش بکرێن. گۆڕانکارییە سیاسی و پشێوییە پڕ لە توندوتیژییە ناوخۆییەکان لە سەرتاسەری ناوچەکەدا کوردیان کردۆتە گەمەکارێکی گرنگ لە زۆرێک لە پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە ئێستادا، ڕۆژ بە ڕۆژ کورد هەست دەکەن زیاتر نزیک دەبنەوە لە دواخەونی خۆیان کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. کەواتە خەونە نەتەوایەتییەکانی کورد، کە لەم ساتەوەختەدا لە ئاستێکی باڵادایە، بۆی هەیە ببێتە مایەی دووبارە داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست».

■ سەرچاوە: کوردستانی سەربەخۆ لە گەڵاڵەبووندایە

■ نووسینی: مانیش ڕای

---

دەکەوێت، سەری مرۆڤ فەرمان دەکات، جەستە بەشێك لە ژەهر وەربگرێت بۆ ئەوەی نەخۆشییەکە کۆتایی بێت، بۆ دەوڵەتیش لەو کاتە دیاریکراوەدا، سەری دەوڵەت بڕیاری قورس دەدات بۆ ئەوەی ئیرادەی خێر بێتە ئاراوە و ئاژاوە و ناسەقامگیری و نانیزامی کۆتایی بێت.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەم تیۆرەی لیڤاسان کە نزیکەی ٤٠٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، بۆ سەردەم و بارودۆخی ئێستای جیهان سوودێکی هەیە، تا باس بکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەزموونی دەوڵەتانی پڵنگەکانی ئاسیا دەیدەنەوە و پێمان دەڵێن: بونیادنان و گەشەکردنی ئەو دەوڵەتانە وەك پڵنگ لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، تا ڕادەیەکی زۆر تێکەڵکردنی تیۆرەکەی لیڤاسانە لەگەڵ ئابووریی بازاڕ. ڕاشکاوانەتر لە رووی سیاسییەوە دەوڵەت لیڤاسان بووە و لە رووی ئابوورییەوە کراوە بووە، مێژووی بونیادنانەوەی نەتەوە و بونیادنانەوەی دەوڵەتیش لە تەواوی سەدەی بیستەم، تەنیا ئەو چەند نموونەیەمان وەك نموونەی سەرکەوتوو پیشاندەدەن، کە لە بوینادنانەوەی نەتەوە و دەوڵەتدا، سەری دەوڵەت بە هاوشێوەی سەری مرۆڤ خاوەنی بڕیاری ڕەها و یەکلاییکەرەوە بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان. ئەزموونی کۆریای باشوور جیاوازی نێوان ساڵانی ١٩٥٣ – ١٩٦١ی حوکمڕانیی سینگمان رەی-مان لەگەڵ ئەزموونی ١٩٦١ – ١٩٧١ی پارگ چانگ-مان پیشان دەدا. لە قۆناخی یەکەمدا سینگمان رەی توانای بڕیاری یەکلاکەرەوەی نەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان، بۆیە کۆریای باشوور دوای شەڕ لە ١٩٥٣ زۆر باشتر بووە لە کۆریای باشووری ١٩٦١، بەڵام کاتێك پارگ چانگ هاتە دەسەڵات و بڕیاری ڕەها و یەکلاییکەرەوەی بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆریای باشوور دەرکرد، کۆریا لە دەوڵەتێکی دواکەوتووی جیهانی سێیەمەوە لە ماوەی ١١ ساڵدا بوو بە دەوڵەتێکی پێشکەوتوو لە جیهانی یەکەم.

هەر بۆیە ئەوانەی شارەزان لە مێژووی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ، زۆر باش دان بەو ڕاستییەدا دەنێن، کە دەوڵەتی نەتەوەیی دروست نابێت، ئەگەر هێزێك نەبێت کە سنوور بۆ شەڕی ناوخۆیی و تێکبەربوون دابنێت، یان هێزیك نەبێت رق و کینە و ئاسەواری شەڕی ناوخۆیی رابماڵێت. واتە لە وڵاتێکدا هێزێك نەبێت لێکترازان و تێکبەربوون بگۆڕێت بۆ پێکەوەکارکردن و پێکەوەژیان، ئەوا هەرگیز دەوڵەتی نەتەوەیی دروست نابێت.

لە مێژووی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا، بە جیهانی کۆن و هاوچەرخیشەوە، دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئامانج بووە، ئەمەش بەو مانایەی دەوڵەت دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ رزگاربوونی ئیرادەی تاك لە کاریگەری و ملکەچی بۆ هێزێکی دەرەکی، لەم قۆناخەدا دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێتە هێزی خواوەند بۆ لەدایکبوونی ئیرادەی ئازادی تاکەکانی نەتەوە، ئەوا ئەم ئیرادە ئازادە هەموو توانا و میکانیزمەکانی

> **هەرگیز کارێکی شیاو نییە شەرعییەتی دروستکردنی ئاژاوە لە دیموکراتی وەربگیرێت، یان بەرهەمهێنانی قسەی سووک و جنێو بە ئازادی ڕادەربڕین پەردە پۆش بکرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت، ئاژاوە و ناسەقامگیری دیاری بکرێت و لە ناو پرۆسەی دیموکراتی ڕەدبکرێتەوە**

# تەنیا دەوڵەت...
# نەتەوە لە ژێردەستەیی سیاسی و یاسایی ڕزگار دەکات

**دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتەیە کە تێیدا دڵسۆزی و وەلائی هاووڵاتیان بۆ ناسنامە خودییە کەلتوورییەکەیە، کە دەتوانین پێی بڵێین: نەتەوە، یان نەتەوایەتی، کە لە ڕۆژگاری ئێستادا بۆ فۆرمی باڵادەست بۆ ڕێکخستنی دەوڵەت، دەوڵەتە نەتەوەییەکان خاوەنی سەروەری و شەرعییەتن. گرنگیی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەوەیە کە هەر کاتێک پایەکانی خۆی لەسەر بنچینەی نەتەوەیەکی دیاریکراو چەسپاند، ئەوا دەبێتە فۆرمێکی جێگیر بۆ ڕێکخستنی دەوڵەت. دەوڵەتی نەتەوەیی تاکە فۆرمە تێیدا گەشەکردنی دیموکراسی تێیدا مومکین بێت و مەیلی فراوانخوازی و بەرفراوانکردنی سنوورەکانی نەبێت. ئەم ژینگە جێگیرە گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ سەرهەڵدانی شارستانییەتی دارایی و پیشەسازی و تەکنەلۆجی مۆدێرنی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە هەردوو سەدەی ١٧ و ١٨ـەدا.**

**تا دەرکەوتنی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە هەردوو سەدەی ١٧ و ١٨ـەدا. حکومەت لە لایەن حوکمڕان و دەسەڵاتدارانەوە بەڕێوەدەبردران کە سەرچاوەی دەسەڵاتیان لە ڕەزامەندیی حوکمڕانەکانەوە سەرچاوەی نەدەگرت، ئەو حوکمڕانانەی بە کەسانی ملکەچ دادەنران «subjects». بەو شێوەیە حوکمڕانیی ئەو دەوڵەتەیان دەکرد، کە حەوت فۆرمی جیاوازی هەبوو: حوکمڕانیی تاکەکەسی، تیوکراسی، دەوڵەت–شار، ئۆلیگارشی، دەوڵەتی سەربازی، دەوڵەتی خێڵەکی و ئیمپراتۆریەت.**

**دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئاڵوگۆڕێکی بە دوای خۆیدا هێنا کە بریتی بوو لە گواستنەوەی شەرعییەت لە حوکمڕانێک کە بەرپرسیار نەبوو لە بەردەم ئەو کەسانەی حوکمڕانیی**

ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەت پۆلینیان دەکات و هەر هێزێك ببێتە ئاستەنگ بۆ دواخستن، یان پەکخستنی پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەوا ئەو هێزە وەك هێزێکی داگیرکاری بیانی لە ویژدانی نەتەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەر هێزێك ببێتە هۆکاری دروستبوونی ئاژاوە و لێکترازانی ریزەکانی نەتەوە، ئەو هێزە خراپترین فاکتەر دەبێت، بۆ ئەوەی ئیرادەی تاکەکانی نەتەوە لە ژێر کاریگەری ئیرادەی دەرەکی بمێنێتەوە.

لە مێژووی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا، پرۆسەی حوکمڕانیی سەربەخۆ، لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە دەست پێدەکات، لەوانەیە لە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا، شێوازی لیبراڵیزم بە مانای دەوڵەتی سەروەریی یاسا، شێوازێکی باوی پیادەکراو بوویێت، ئەم لیبراڵیزمە لەسەر ئەو بنەمایە دروست بووە، کە چیدیکە تاکەکانی نەتەوە ناکرێت ملکەچی ئیرادەی هێزێکی دەرەکی بن، یان لە دەرەوەی ئیرادەی تاکەکان (بۆ نموونە کەنیسە یاساکان داناڕێژرێن و پاشان تاکەکانی نەتەوە ملکەچی بن. ئیلهامی پەنابردن بۆ ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی (وەك بەشێکی جیابووەوە لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی)، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لەناو ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی-دا بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا مرۆڤ خۆی یاسای بۆ خۆی داناوە، ئەمە وێڕای ئەو کەموکوڕییانەشی کە لە یاساکانی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بوونی هەبووە، بەڵام لۆژیکی پەنابردن بۆ یاساکانی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو یاسایانە مرۆڤ دایناون و بواری ئەوە هەیە گۆڕانکاری تێدا بکرێت، نەك وەك یاساکانی کەنیسە کە بەرگی پیرۆزیان بە بەردا دەکرێت و ناتوانرێت دەستکارییان بکرێت.

کەواتە لیبراڵیزم واتە دەوڵەتی سەروەری ئەو یاسایانەی کە مرۆڤ بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی خۆی دایدەڕێژێت و بەرهەمی راوێژی تاکەکانی کۆمەڵگەیە،

**ئەگەر ئەدای پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٥ بە ئەدای پەرلەمانی ٢٠١٥ بەراورد بکەین، دەبینین ئەو پەرلەمانەی کە لە کۆی شەڕی ناوخۆی کوردستان بێلایەن بووە، بەڵام لەو کاتەوەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆتە بەشێک لە پرۆسەی سیاسیی کوردستان، هەست دەکەین، خودی پەرلەمان لەم خولە و خولی پێشووشدا، خۆی بۆتە سەرچاوەی ئاژاوە و ناسەقامگیری لە کوردستاندا**

دەکردن، بۆ شـەرعییەتێکی سەرچاوەگرتوو لـە نەتـەوەوە. دەتوانیـن سـێ قۆنـاخ دەستنیشان بکەین لە ڕەوتی بەرەپێشچوونی هەر دەوڵەتێکـی نەتەوەیی. قۆناخی یەکەم: پەرەسـەندنی نەتەوایەتی لـە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کە پێشوەختە بە ڕوونی دیاریکرابێت و پێناسەکرابێت. قۆناخی دووەم: گواستنەوەی سەرچاوەی شەرعییەت بوو لە حوکمڕانەکانەوە بۆ نەتەوە. قۆناخی سێیەم: بریتی بوو لە گوزارشـتکردن لە شەرعییەت لە ڕیی پرۆسـەیەکی یاسـاییەوە، واتە لە ڕێی دەستوورەوە، کە لە سایەیدا دەتوانرێت حکومەت پێکبهێندرێت و هەڵبوەشێندرێتەوە، کە دەکرێت گفتوگۆ لەسـەر دەسـەڵاتەکانی بکرێت و پەسەندبکرێن. هەروەها چەمکەکانی شەرعییەت و سەروەری پێویستن بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی، لەبەر ئەوەی بە سرووشتی خۆی، وەلائـی هاووڵاتیان تێیدا بـۆ نەتەوەکەیە. لەبـەر ئەوەی هەر نەتەوەیـەک دەوڵەتێکی هەیـە، ئەوا ناکرێـت نەتەوەیەک لە ڕووی سیاسییەوە ملکەچ و ژێردەستی نەتەوەیەکی دیکـە بێـت. لەبەر ئـەوە ئێمـە چەمکێکی یاسـاییمان هەیە کە بریتییە لە سەروەری، بەو پێیـە دەوڵەتـی نەتەوەیـی ناکەوێتە ژێرباری دەسـەڵاتی یاسـایی هیچ لایەنێکی دیکەوە. هەروەها لەبەر ئەوەی دڵسۆزییەکە بۆ نەتەوەیە–وەک موجەڕەدێکی کەلتووری– ئەوا دەبێت حکومەتەکە لە لایەن خەڵکەوە– وەک سـەرچاوەی دەسـەڵاتی نەتەوەیـی– قبووڵ کرابێت. کەواتە چەمکێکی سیاسیشمان لە پێوەندی بە سەروەرییەوە هەیە.

■ سەرچاوە: دەوڵەتی نەتەوەیی

■ نووسینی: ئەنتۆنی پیک

بۆ ئەوەی سەرەنجام یاساکان دەربڕی ئیرادەی تاکەکان بێت، تاکەکانیش بێجگە لـە ملکەچبوون بۆ ئیرادەی خۆیـان ملکەچی هیچ ئیرادەیەکـی دیکە نەبن. ئەم وەرچەرخانە کـە لە ژێر چەتـری دەوڵەتی نەتەوەیی دێتەئاراوە، زەمینەی ئەوەی دروستکرد، کە دیموکراتی لیبراڵـی لەدایك بێـت، دیموکراتـی لیبراڵیش بەو مانایـەی، خەڵك لە چوارچێوەی سـەروەریی یاسـا بەشداری پرۆسەی سیاسی دەکات، ئامانجی پاراستنی دەوڵەتـە نەتەوەییەکەیەتـی لە هەڕەشـەی دەرەکی، هەروەها لە هەڕەشەی دەوڵەتەکەی بۆ سەر دەوڵەتێکی دیکە، ئەمەیە لۆژیکـی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ کە هاووڵاتیانی نە قبووڵ دەکەن هێرش بکرێتە سەریان، نە قبووڵ دەکەن دەوڵەتەکەیان هێرش بکاتە سەر نەتەوە، یان دەوڵەتێکی دیکە.

کێشەی سەرەکیی کۆمەڵگەی ئێمە لە کوردستان هەتا ئێسـتاش ئەوەیە جیاوازی لە نێوان یاسـای دانراوی هاووڵاتیانی کوردستان و یاسای دەرەکی ناکەن، ئەوجا یاسـای دەرەکی یاسـای دەوڵەتێکی دیکە بێت، یان یاسایەکی ئاسمانی بێت، بۆیە یاسا و بڕیار لە قۆناخی دامەزراندنـی دەوڵەتـی نەتەوەیی، لەسـەر بنەمای دەوڵەتـی نەتەوەیی وەك ئامانـج دادەڕێژرێت. هەر بۆ نموونە: کاتێـك تۆماس هۆبز لە پرۆسـەی دەوڵەتی لیڤاسـاندا ڕەهاترین دەسـەڵات دەداتە پادشا، دەزانێت ئەگەر پادشـا ئەو دەسـەڵاتەی نەبێت، ئەوا نەك هەر ئاسەواری شەڕی ناوخۆ و ئاژاوەگێڕی کۆتایی نایەت، بەڵکو دەوڵەتێك بوونی نابێت ناوی ئینگلیسـتان بێت، ئەو ئینگلیستانەی لەسەر دەوڵەتەکەی لیڤاسان دروست بوو، لە سـەدەی هەژدە و نۆزدەدا بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد: «بەریتانیای مەزن خۆری لێ ئاوا نابێت».

بۆ ئێمەی کوردسـتانی گرنگە سـوود لە ئەزموونی نەتەوەکانی جیهان لە پرۆسـەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی وەربگرین، بەتایبەتی لەم قۆناخە ناسکەی کە نەتەوەکەمانی پێدا تێدەپەڕێت، دەبێت ئەو ڕاسـتییەمان لەبەر چاو بێت کە مەترسـیترین ئاستەنگ لە بەردەم

**چۆن پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٤ «تەحریم و تەجریم»ی شەڕی ناوخۆی کرد، بە مانای ڕێگرتن لە ئاژاوە و ناسەقامگیری، بۆ ئەمەش هیچ پاساو و بیانوویەکی قبووڵ نەکرد، دەبێت لە ئێستاشدا بەهەمان شێوە دروستکردنی ئاژاوە و ناسەقامگیری هیچ پاساو وبیانوویەکی بۆ نەدۆزرێتەوە**

# دەوڵەتی نەتەوەیی بەرجەستەبوونی ئیرادەی ئەخلاقی کۆمەڵگەیە و لە سایەیدا هاووڵاتیان دەتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن

بە لای هیگڵ-ەوە دەوڵەت تەواوکردنی مەسیرەی خوایە لە سەر زەوی، بە مانای ئەوەی دەوڵەت بەرجەستەبوونێکی یەزدانییە لەسەر زەوی. وەک هەمیشە لای هیگڵ، دواقۆناخی هەر پەرەسەندنێک کۆکەرەوە و پوختەی سەرجەم قۆناخەکانی پێش خۆیەتی. بەتایبەتی هیگڵ دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕۆژگاری بەو شێوەیە لێکدایەوە کە سازانی چەمکی دەوڵەتە وەک کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی- ئەو کۆمەڵگە ئەخلاقییەی کە لە جیهانی کۆندا باڵادەست بوو- لەگەڵ چەمکە هاوچەرخەکانی دیکەی دەوڵەت کە پشتیوانییان لە ئازادی و تاکەکەس دەکرد.
ئەمەش پێکەوەسازانی یەکەی ئەخلاقیی خۆنەویستیی کۆمەڵگە بچووکەکانی کۆمەڵگەی یۆنان-Greek Polis- و ئازادی کۆمەڵگەی مەدەنییە لە یەکەیەکی باڵاتری خود-هۆشیاردا کە ئەویش دەوڵەتە و تێیدا هاووڵاتیان بە ئیرادەی خۆیان و بە شێوەیەکی ئازادانە ئەرکەکانی هاووڵاتی لە ئەستۆ دەگرن لە ئاست نەتەوەکەیاندا، هەم لە کاتی ئاشتی و هەم لە سەروەختی شەڕدا.
بە چەشنی ئەرکەکانی ناو خێزان، ئازادی لە قبووڵکردنی هۆشیارانە و ئازادانەی ئەم ئەرکانەدا دێتەدی. بەم شێوەیە هیگڵ بانگەشەی پێکەوەکۆکردنەوەی دوو چەشنە ئازادی دەکات، ئازادیی سلبیی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادی ئیجابیی ژیان بە گوێرەی سیستمێکی ئەخلاقی و سیاسی کردووە کە مایەی پەسەندکردنی ئێمەن. لەبەر ئەوەی ئەمە عەقڵانییەتە و ئەمە بەشێکە لە کۆمەڵگە نەتەوەکە کە ئێمە لە چوارچێوەیدا خۆمان پێناسە دەکەین و مەرام و مەبەستە ئەخلاقییەکانیشی بە هی خۆمان دەزانین.
کەواتە، چەمکی دەوڵەتی تەواو گەشەکردوو لای هیگڵ، بریتی بوو لە ئاوێتەبوونێکی دیالیکتیکی ئاڵۆزی ئاستە جیاوازەکانی ژیانی

**کێشەی سەرەکی بۆ بەردەوامیی ئاژاوە و ناسەقامگیری و بەردەوامیی رق و کینە لە مێژووی پەنجا ساڵی رابردووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە نەمانتوانیوە پێناسەیەکی گونجاو بۆ ئاژاوە و ناسەقامگیری و بەردەوامیی رق و کینە دیاری بکەین**

دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییمان، دروستکرنی ئاژاوە و لێکترازانی ریزەکانی نەتەوەیە، هەر بۆیە هەر هێز و شێوازێك بتوانێت سنوورێك بۆ ئاژاوەگێڕی و ئاشووب و سرینەوەی ئاسەواری شەڕی ناوخۆ دابنێت، ئەوا ئەو هێزە دەبێتە دروستکەری بڕیاری قورس و بەرهەمهێنانی ئیرادەی خێر، ئەم ئیرادە خێرە کە لە سەر بنەمای ویژدانی نەتەوە بۆ دژایەتی ئاژاوە و ناسەقامگیری بڕیاری قورس دەدات، لە ویژدانی هەر تاکێکی نەتەوە ئیرادەیەکی رەها رێزی لێدەگیرێت، وەك ئەمانوئێل کانت-یش دەڵێت: ئەگەر هیچ شتێك لەم جیهانەدا بە رەها هەژمار نەکرێت، ئەوا ئیرادەی خێر بە رەها دەژمێردرێت، لەبەر ئەوەی ئیرادەی خێر نەك هەر تەنیا دەبێتە هۆکارێك بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و سەقامگیر، بەڵکو لەسەر ئاستی تاکەکانیش دەبێتە وەڵامدەرەوە بۆ رەخنەکانی (ئەقڵی موجەڕەد و ئەقڵی کردەیی و شێوازی حوکمدان و دامەزراندنی میتافیزیای ئەخلاق)، ئەم وەڵامەش ژینگەیەك لە کۆمەڵگە دروست دەکات کە مرۆڤ هەست بە مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی خۆی بکات.

## ● چۆن ئاژاوە و ناسەقامگیری دەگۆڕێت بۆ ئاشتی و سەقامگیری

کێشەی سەرەکی بۆ بەردەوامیی ئاژاوە و ناسەقامگیری و بەردەوامیی رق و کینە لە مێژووی پەنجا ساڵی رابردووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە نەمانتوانیوە پێناسەیەکی گونجاو بۆ ئاژاوە و ناسەقامگیری و بەردەوامیی رق و کینە دیاری بکەین، بە مانا هیگل-ییەکەی بۆ پێناسە، نەمانتوانیوە ئاژاوە و ناسەقامگیری و رق و کینە، لە سیاقی ئەخلاقی کوردەواری بێنینە دەرەوە و بوێرانە دیاری بکەین، کە ئەم چەمکانە نامۆن بە ئەخلاقی کوردەواریمان، لەمەش راشکاوانەتر نەمانتوانیووە پێناسەی ئەم چەمکانە بە مانای رەدکردنەوە لەناو

کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی مەدەنی و خودی دەوڵەت. لە ڕێی بەشداریکردنیشەوە لەم ئاستە جیاوازانەدا تاکەکەسەکان گوزارشت لە خۆیان دەکەن و خودی خۆیان بەدی دەهێنن. بنەڕەتیترین ئاستیش بریتییە لە خێزان کە تێیدا تاکەکەسەکان ژیانێکی هاوبەش دەبەنەسەر لەسەر بنەمای ئەرک و خۆشەویستییەکی خۆنەویستانە، کە لە چوارچێوەیدا هەر کەسێک هێندەی ئەوەی خەمخۆری خۆیەتی، بە هەمان ئەندازەش خەمخۆری ئەوانی دیکەیە، ئەم کارانەش بە ئیرادەیەکی ئازادانە ئەنجام دەدەن، بەڵام لە دەرەوەی خێزان، ئێمە دەچینە قۆناخێکی جیاوازەوە، قۆناخێک کە لە سەر بنەماگەلێکی تەواو جیاواز بەڕێوەدەچێت. ئەمەش کۆمەڵگەی مەدەنییە، کۆمەڵگەی مەدەنیش قۆناخی شوێنکەوتنی بەرژەوەندییە خودییەکان، قۆناخی ململانێ و تمووح و خۆویستییە، قۆناخی تاکەکەسییە کە تێیدا موڵک و ماڵ بە گرنگ دادەنرێت و بە ڕەنگدانەوە و درێژبوونەوەی خودی تاکەکەس لە قەڵەم دەدرێت.

هیگڵ یەکەم تیورزان بوو کە پێداگری دەکرد لەسەر جیاکردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت. ئەو دەوڵەتی بە بەرجەستەبوونی ئیرادەی ئەخلاقی تەواوی کۆمەڵگە دادەنا. مشتومڕی ئەوەشی دەکرد کە تاوەکو بەم شێوەیە نوێنەرایەتی چاکەی گشتی نەکرێت، ئەوا دەوڵەت ناتوانێت بانگەشە بە سەر کۆمەڵگەیەکدا بکات کە تاکەکەسەکانی تەواو خۆویستن. لەبەر ئەوەی دەوڵەت بەرجەستەبوونی ئیرادەی ئەخلاقی کۆمەڵگەیە، ئەوا دەتوانێت داوای پشتیوانی لە هاووڵاتیان بکات لە کاتی ئاشتی، هەروەها لە سەروەختی شەڕدا.

■ سەرچاوە: چەمکی دەوڵەت لای هیگڵ

■ نووسینی: پوجا مۆندال

ئەخلاقی کوردەواری ڕەدبکەینەوە.

پێناسەکردن، ئەوجا پێناسەی چەمکێك بێت، یان هەر شێك، بە مانا هیگڵ- ییەکەی واتە جیاکردنەوە لە گشت و دەرهێنانی وەك بەش، ڕوونتر لەمە چۆن کاتێك پێناسەی قەڵەم دەکەین وەك گشتێك جیاوازە لەوەی قەڵەمێك بە ڕەنگێکی دیاریکراو، بۆ نموونە سوور، یان شین جیادەکەینەوە، لەو حاڵەتەدا کە دەڵێین ئەو قەڵەمە سوورە، یان شینە، ئەمە ئاماژە نییە بۆ قەڵەم وەك گشتێك، بەڵکو ئاماژەیە بۆ قەڵەمێك وەك بەش، بۆیە بە هەمان شێوە کاتێك هۆکاری ئاژاوە، یان ناسەقامگیرییەك دیاری دەکەین، ئەمەش مانای ئەوەیە ئاژاوە و ناسەقامگیری دیاردەیەکی گشتگیری نێو خەسڵەت و ئەخلاقی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان نییە، بەڵکو ئەمە بەشێك، یان گروپێك لەناو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان هۆکاری بەردەوامیی ئاژاوە و ناسەقامگیری و لێکترازان بووە.

کەواتە خاڵی سەرەکی و گەوهەری بۆ وەرچەرخانی ئاژاوە و ناسەقامگیری بۆ ئاشتی و سەقامگیری، دەبێت لەو خاڵەوە دەست پێبکات، هۆکاری ئەم ئاژاوە و ناسەقامگیرییە وەك دیاردەیەکی گشتگیر بگۆڕێت بۆ مەزاجی گروپێك، یان بەشێکی بچووك لە ناو کۆمەڵگەی کوردستان و لە کۆی گشتی بزاڤەکە جیابکرێتەوە. دوای ئەمە پێویستە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەی ئاژاوە و ناسەقامگیری، مامەڵەیەکی واقیعییانە و لۆژیکانە بێت. چۆن پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٤ «تەحریم و تەجریم»ی شەڕی ناوخۆی کرد، بە مانای ڕێگرتن لە ئاژاوە و ناسەقامگیری، بۆ ئەمەش هیچ پاساو و بیانوویەکی قبووڵ نەکرد، دەبێت لە ئێستاشدا بەهەمان شێوە دروستکردنی ئاژاوە و ناسەقامگیری هیچ پاساو وبیانوویەکی بۆ نەدۆزرێتەوە. لێرەدا ئەگەر ئەدای پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٥ بە ئەدای پەرلەمانی ٢٠١٥ بەراورد بکەین، دەبینین ئەو

**ئێمەی کوردستانی گرنگە سوود لە ئەزموونی نەتەوەکانی جیهان لە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی وەربگرین، بەتایبەتی لەم قۆناخە ناسکەی کە نەتەوەکەمانی پێدا تێدەپەڕێت، دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاو بێت کە مەترسیترین ئاستەنگ لە بەردەم دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییمان، دروستکرنی ئاژاوە و لێکترازانی ڕیزەکانی نەتەوەیە**



پەرلەمانەی کە لـە کۆی شـەڕی ناوخـۆی کوردستان بێلایەن بووە، بەڵام لەو کاتەوەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆتە بەشێك لە پرۆسەی سیاسیی کوردسـتان، هەست دەکەین، خودی پەرلەمان لەم خولە و خولی پێشووشـدا، خۆی بۆتە سەرچاوەی ئاژاوە و ناسەقامگیری لە کوردستاندا، هەتا کارگەیشتە ئەوەی لە رۆژی ١٩ی ئابی ٢٠١٥ بە تەواوەتی سـەرۆکی پەرلەمـان، پەرلەمانـی کوردسـتانی ئیفلیـج کرد. کێشـەی سـەیر لە مامەڵەکردنمان لەگـەڵ دیاردەی ئاژاوە و ناسەقامگیری، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، تەواوی لایەنە سیاسـییەکانی باشـووری کوردسـتان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریـی ئـەو چەمکانەی کە بەو جـۆرە پێناسـەی ئـاژاوە و ناسەقامگیری دەکەن، وەك ئەوەی ئاژاوە و ناسەقامگیری دیاردەیەکی گشتگیر و دەرهاویشـتەی پیادەکردنی سیستمی دیموکراتییە! لەم راستەوە ئێمە لە بری ئەوەی ئاژاوە و ناسەقامگیری

**لەوانەیە لە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا، شێوازی لیبراڵیزم بە مانای دەوڵەتی سەروەریی یاسا، شێوازێکی باوی پیادەکراو بووبێت، ئەم لیبراڵیزمە لەسەر ئەو بنەمایە دروست بووە، کە چیدیکە تاکەکانی نەتەوە ناکرێت ملکەچی ئیرادەی هێزێکی دەرەکی بن**

لە پرۆسەی دیموکراتی جیابکەینەوە، دێین دیموکراتی و پرۆسەی دیموکراتی بە جۆرێك پێناسە دەکەینەوە کە بە تەواوەتی ئاژاوە و ناسەقامگیری تێدا جێی ببێتەوە! ئەمە لەکاتێکدا پێناسەکردنی دیموکراتی و پرۆسەی دیموکراتی، بێ ماناکردنی دیموکراتییە لەناو پێناسەی دیموکراتیدا، لەبەر ئەوەی دیموکراتی ئەو چەمکەیە وەك ئازادی پێناسە ناکرێت و لە سیاقی پیادەکرندا بە هاوشانی ئازادی دیاری دەکرێت، هەر بۆیە کاتێك دیموکراتی بەوجۆرە پێناسە دەکرێت، شەرعییەت بە ئاژاوە و ناسەقامگیری بدات، ئەوە شتێك نامێنێت ناوی دیموکراتی بێت.

لەم چوارچێوەیەدا، ئەوە هەرگیز کارێکی شیاو نییە شەرعییەتی دروستکردنی ئاژاوە لە دیموکراتی وەربگیرێت، یان بەرهەمهێنانی قسەی سووك و جنێو بە ئازادی رادەربڕین پەرەدە پۆش بکرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت، ئاژاوە و ناسەقامگیری دیاری بکرێت و لە ناو پرۆسەی دیموکراتی رەدبکرێتەوە، دیموکراتی بەو جۆرە وەڵام بدرێتەوە، هەر کارێك ئاژاوەی بەرهەمهێنا و ناسەقامگیری دروستکرد و ئاشتیی کۆمەڵایەتی خستە مەترسییەوە، ئەوە کارێکە دوور و نزیك پێوەندی بە دیموکراتییەوە نییە و هەر یاسایەکیش بەو ئاستە بێ مانا بکرێت کە ببێتە پەرژینێك بۆ ئاژاوەگێڕان، ئەوە هەرگیز یاسا نییە و بێ ماناکردنی سەروەریی یاسایە.

**هەر هێزێک ببێتە ئاستەنگ بۆ دواخستن، یان پەکخستنی پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەوا ئەو هێزە وەک هێزێکی داگیرکاری بیانی لە ویژدانی نەتەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت**





**پرۆفیسۆر تۆماس شوارتز**

**تایبەتمەندی مێژوو لە زانکۆی میشیگان بۆ گوڵان:**

# لیڤاسان ڕێنیشاندەری دەوڵەتی هاوچەرخ بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیش جێی بایەخە

**پرۆفیسۆر تۆماس ئالان شوارتز، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری مێژوو لە زانکۆی هارڤاردی ئەمەریکی. حاڵی حازر وانەبێژی مێژوو و زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی ڤاندەربیلت و مێژوونووسی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمەریکایە و بایەخ بە مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا و مێژووی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەدات. گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد بۆ ئاشنابوون بە بیروڕاکانی لە بارەی گرنگیی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و پرسی ئەوەی چۆن نەتەوەکان هەست بە ئازادی ناکەن، تاوەکو سەربەخۆیی بەدەست نەهێنن. وەڵامەکانیشی بەم شێوەیە بوون.**

*** کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ لە ڕۆژئاوا، ئەوا دەوڵەتەکەی تۆماس هۆبز (لیڤاسان) بە سەرەتای دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی نەتەوەیی دادەنرێت. ئایا بۆچی دەوڵەتی لیڤاسان بە بنەمای دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ دادەنرێت؟**

- لیڤاسانی هۆبز بە یەکێك لە کۆنترین کارە فەلسەفییە سیاسییەکان دادەنرێت کە پرەنسیپەکانی دەوڵەتی داناوە و ئەم بیرۆکەیەی خستۆتەڕوو. لە سەدەی حەڤدەدا بناغەی دانا بۆ مشتومڕ لە سەر دەوڵەتی ویستڤالی کە ڕێککەوتنی ئاشتی ویستڤالیا وەك یەکەم سیستەمی نێودەوڵەتی لێی دەڕواندرێت، کە چەمکی دەستێوەرنەدانی هێنایەئاراوە لەگەڵ پێدانی پێگەیەکی یەکسان بە دەوڵەتان. دەتوانم وێنای ئەوە بکەم کە ئەمە بایەخی هەیە بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە، واتە پرسێکی گرنگ و ڕێنیشاندەری دروستبوونی دەوڵەتی نوێ، بەدڵنیاییەوە ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری درووستبوونی دەوڵەتی کوردستان، یان کۆماری کوردی.

*** ئاشکرایە شەڕی ٣٠ساڵەی ناوخۆیی ئایینی ئەوروپا ئاستەنگێکی گەورە بووە لە بەردەم ئاشتی و پێکەوەژیانی نەتەوەکانی ئەوروپادا، ئەوەی جێگەی سەرنجە دەوڵەتی نەتەوەیی بووە هۆکاری کۆتایی هێنان بە شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی، بەڵام ئایا تا چەند دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ بووە هۆکاری کۆتایی هێنان بەشەری ناوخۆیی ئایینی و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی؟**

- بەدڵنیاییەوە دروستبوونی دەوڵەت لە جەوهەردا مرۆڤی لە جەنگە ئایینییە ناوخۆییەکان دوورخستەوە کە ئەوروپا پێوەی دەینالاند، ئەمەش ماوەیەکی دوور و درێژی پێچوو، ئەویش پاش چاکسازی، هەروەها دوای ناکۆکی پرۆتستانەکان لەگەڵ کەنیسەی کاسۆلیکی. پێوەندی هەموو ئەمانە بە ئەمڕۆوە ئەوەیە کە لە ناو ئیسلامیشدا ناکۆکی هەیە لە نێوان شیعە و سوننەکان و ناکۆکییە نەژادییەکانی دیکە. بۆیە دروستبوونی دەوڵەتی نوێ لە ناوچەکەدا ڕەنگە ببێتە هۆی دامرکاندنەوەی ئەو ناکۆکییە ئایینییە لە ناوچەکەدا.

***مێژووی سیاسیی ڕۆژئاوا پێمان دەڵێت، نەتەوە ئازاد نابێت هەتا نەبێتە دەوڵەتی سەربەخۆ، هەر بۆ نموونە ئەمریکییەکان هەتا لە بەریتانیا ڕزگاریان نەبوو، خۆیان بە ئازاد نەدەزانی، بۆیە دوای ئەوەی لە بەریتانیا ڕزگاریان بوو، خۆیان ناونا کۆماری ئەمریکای ئازاد، هیندستان چەندین ساڵ کە لەلایەن پەرلەمانی بەریتانیاوە حوکمڕانی دەکرا، خۆیان بە داگیرکراو دەزانی، بۆیە دوای کشانەوەی بەریتانیا لە هیندستان، جاڕی ئازادی و سەربەخۆییان دا، ئایا بۆچی نەتەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیدا نەبێت، هەست بە ئازادی ناکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە، لەبەر ئەوەی ئەمریکییەکان تا ڕادەیەك ئازادییەکیان هەبوو لە ژێردەستی بەریتانیا، بەڵام لە کۆتاییدا هەستیان کرد بەریتانیا بەرژەوەندییەکانیان لەبەرچاو ناگرێت و سیاسەتی خۆی دەکات. پێموایە مەسەلەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ ناسنامەی نیشتمانی خۆت هەیە یان

**هیوادارم خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتییانە بە سەربەخۆیی خۆیان بگەن**

**سنووری نێوان دەوڵەتان نەماوە و جیاوازییەکان لەو دیو سنووری نیشتمانییەوەن و یاخیبوونی ناسنامەی نەژادی هەیە و خەڵکانێک هەن دەیانەوێت سەربەخۆ بن وەک کوردەکان**

نا، پێموایە لەو حاڵەتەی باستکرد، هەرچەندە دەسەڵاتی بەریتانی زۆر زاڵمیش نەبوو، بەڵام هێشتا ئەمریکی و هیندییەکان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دەویست. پێموایە کێشەی کوردەکان ئەوەیە لە ناوچەیەکی زۆر مەترسیداردان و دراوسێی زۆر خراپیان هەیە، بۆیە لە ئەمریکییەکان ناچن و پێموایە سەربەخۆییان زۆر قورس بێت.

*** مێژووی دیموکراتییەتی لیبراڵی پێمان دەڵێت، لیبراڵیزم و دیموکراتی بەرهەمی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخە، هەر ئەم مێژووە پێمان دەڵێت سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لە دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا بۆتە هۆکاری ئەوەی چیدیکە نەتەوە دیموکراتخوازەکان لەگەڵ یەکتری بە شەڕ نەیەن، ئایا بۆچی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لە دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ دەرکەوت و بۆچی لەو ژینگەیەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر ئاڵۆزە. هێشتا زۆر لە مێژوونووسان مشتومڕیان لەسەر ئەم بابەتە هەیە. پێموایە بێگومان ئەوەی یارمەتیدەری چەسپاندنی لیبراڵ دیموکراسی دا، بوونی بووژانەوەیەکی زۆر بەربڵاوی خەڵك بوو کە بێهیوا و تووڕە نەبوون. خەڵکی بێهیوا و هەژار ناتوانن دیموکراسی دروست بکەن، دەبێت ئاستێك لە بووژانەوە و چینی ناوەند هەبێت و خەڵکانێك هەبن کە رادەیەك سەربەخۆ بن، ئەمەش دەبێتە فاکتەر بۆ دیموکراسی. هەروەها بەرفراوانبوونی خوێندەواری بە دڵنیاییەوە بەشدارە لە دروستبوونی دیموکراسی و لیبراڵ دیموکراسیدا، واتە ئەمە پێویستی بە خوێندەواری و ئاستێك لە بووژانەوە و دەوڵەمەندی هەیە. بەدڵنیاییەوە، خوێندەواری و ئاستێك لە بووژانەوە و گەشەی ئابووری مەسەلەی سەرەکین بۆ چەسپاندنی دیموکراسی لیبراڵی لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا.

*** هەتا ئێستاش لە چوارچێوەی پاکتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان کە ئەو پاکتانە دەربڕی واقیعی درووستبونی شەڕی ساردن، مامەڵە لەگەڵ سەروەریی دەوڵەت دەکرێت، بەڵام دوای رووخانی دیواری بەرلین گۆڕانکاری بە سەر سەروەریی دەوڵەت هاتووە، هەروەها دوای بەهاری عەرەبی و ئاڵۆزییەکانی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەك هەر سەروەری، بەڵکو سنوورەکانیش بوونیان نەماوە، ئەگەر لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیەوێت کێشەی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر بکات، چۆن پێناسەی سەروەریی دەوڵەت و سنوورە دەستکردەکان دەکاتەوە؟**

- ئەمە بەڕاستی کێشەیەکی زۆر قورسە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ بارودۆخێکدا مامەڵە دەکەین کە سنووری نێوان دەوڵەتان نەماوە و جیاوازییەکان لەو دیو سنووری نیشتمانییەوەن و یاخیبوونی ناسنامەی نەژادی هەیە و خەڵکانێك هەن دەیانەوێت سەربەخۆ بن وەك کوردەکان. پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستی بە سەرکردایەتی هەیە لەم بارەیەوە و ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئێستادا ئەوە ناکات و ناشزانم لە غیابی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کێ ئەمە دەکات، بەڵام پێویستە یەکێك سەرکردایەتی ئەمە بکات. ئەمە پێویستی بە هاوکاری نێوان وڵاتەیەکگرتووەکان و رووسیا و چین و وڵاتە زلهێزەکانی دیکە هەیە. لەئێستاشدا نابینم ئەمە رووبدات.

*** بەگشتی کاتێك دەوڵەتێکی نوێ دەیەوێت دروست بێت، سالانێکی زۆر دەناڵێنێت بە شەڕی ناوخۆییەوە، پاشان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانی پێدا دەنێت، زۆر لە توێژەران پێیانوایە باری خراپی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باش نابێت، ئەگەر ئەو خەڵکانەی بێدەوڵەتن لە وڵاتە نادیموکراسیەکاندا دەوڵەتی خۆیان نەبێت، بۆچی ئەمە وایە؟**

- لەبەر ئەوەی بەرژەوەندییەکان نایەڵێت دەوڵەتی سەربەخۆ دروست بێت، بۆ نموونە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تورکیا نایەوێت دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ببینێت، عێراق و ئێران بە هەمان شێوە ئەمەیان ناوێت. وڵاتەیەکگرتووەکان شەڕێکی نوێی لەگەڵ بەریتانیا کرد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، سەرکەوتنیشی لەبەرئەوە بوو ئیسپانیا و فەڕەنسا یارمەتییان دا، بۆیە هیچ دەوڵەتێك نایەوێت دابەش ببێت، تەنیا چەند نموونەیەکی کەمی جیابوونەوەی ئاشتییانە لە مێژوودا هەیە وەك چیکوسلۆڤاکیا، بەڵام ئەمە زۆر دەگمەنە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا و بەداخەوە نەهامەتی و ئازار و کوشتن لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی نوێدا دێت، بۆیە لەم بارەیەوە من گەشبین نیم.

*** پێشبینی دەکەیت سەربەخۆیی کوردستان بە ئاشتییانە بێت، یان بە ناخۆشی؟**

- هیوادارم بە شێوەیەکی ئاشتییانە بێت. خاڵی هاندەر ئەوەیە کە کوردەکانی عێراق بۆ ماوەیەکی زۆرە پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ تورکیادا هەیە و تورکیا لە رووی ئابوورییەوە سەرمایە بەگەڕ دەخات لە ناوچەکەدا و ئەمەش لایەنێکی گرنگە. بۆیە گەشبین بووم کە ئەم دوو ئاڵوگۆڕە ئابوورییە ئاشتیانەیە ویستی ئیعتراف دروست بکات، بەڵام دڵنیا نیم. هیوادارم خەڵکی کوردستان بە سەربەخۆیی خۆیان بگەن بەلام بە شێوەیەکی ئاشتییانە.

**پێش ئەوەی چارەسەری سەروەری و سنوورەکان بکرێت، دەبێت کێشەی خەڵکەکە چارەسەر بکرێت، واتە هێنانی ئاشتی و ئاسایش و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ماڵی خۆیان و دڵنیاکردنی ژیانی تاک و کۆمەڵگە**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستی بە سەرکردایەتی هەیە لەم بارەیەوە و وڵاتەیەکگرتووەکان لە ئێستادا ئەوە ناکات و ناشزانم لە غیابی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کێ ئەمە دەکات**

**کێشەی کوردەکان ئەوەیە لە ناوچەیەکی زۆر مەترسیداردان و دراوسێی زۆر خراپیان هەیە، بۆیە لە ئەمریکییەکان ناچن و پێموایە سەربەخۆییان زۆر قورس بێت**

**لە ناو ئیسلامیشدا ناکۆکی هەیە لە نێوان شیعە و سوننەکان و ناکۆکییە نەژادییەکانی دیکە. بۆیە دروستبوونی دەوڵەتی نوێ لە ناوچەکەدا رەنگە ببێتە هۆی دامرکاندنەوەی ئەو ناکۆکییە ئایینییە لە ناوچەکەدا**

### تۆماس ئیوینگ تایبەتمەندی مێژوو لە زانکۆی میشیگان بۆ گوڵان:

# شۆڕشی فەرەنسا و شەڕی سەربەخۆیی ئەمریکا بایەخی مافی مرۆڤ و دەوڵەتی نەتەوەییان زیاتر کرد

**تۆماس ئیوینگ، پرۆفیسۆری بواری مێژووە و هەر لەم بوارەشدا بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی میشیگان بەدەست هێناوە. وانەبێژی مێژووی رووسیا، ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووی جیهانە، هەروەها چەندین وتار و توێژینەوەی لەم بوارانەدا ئەنجام داوە. بۆ ئاشنابوون بە تێڕوانین و بۆچوونەکانی لە بارەی بنچینەی دەوڵەتی نەتەوەیی و گرنگیی دەوڵەت بۆ فەراهەمکردنی ئازادی بۆ هاووڵاتیان و گەڕانەوەی ئیرادەی سەربەخۆ بۆ نەتەوە، گوڵان لە دیدارێکدا چەند پرسیارێکی ئاڕاستە کرد و وەڵامەکانی بەم شێوەیە بوون.**

*** لە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییدا، دەوڵەتی لیڤاسان بایەخێکی گرنگی هەیە، ئایا هۆکاری بایەخی ئەم مۆدێلەی دەوڵەت بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- پێموایە لەبەر ئەوەی لیڤاسان روانینێکی بۆ دەوڵەت دروستکرد کە زۆر بەهێز بوو، واتە دەوڵەت پارێزگاری لە هەموو هاونیشتمانییانی دەکات و هەروەها کۆنتڕۆڵی بوارەکانی ژیانی هاونیشتمانییان دەکات، بۆیە فۆڕمی راستەقینەی دەوڵەت کە پاش شۆڕشی فەرەنسی دەرکەوت، هێندە لەو روانینەوە نزیك بوو، هەروەها لەو چوارچێوەیەدا بوو کە هۆبز دەڕیبڕیبوو کە پێموایە هۆکارە بۆ دانانی لیڤاسان وەك بنەما بۆ دەوڵەت.

*** ئایا بایەخی ئەم دەوڵەتە لەسەر ئەو بۆچوونە نییە، بەوەی ئەم مۆدێلەی دەوڵەت توانی کۆتایی بە دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆ و شەڕی ئایینی لە ئەوروپا بهێنێت؟**

- پرسیارێکی جوانە. پێموایە سی ساڵ شەڕ و چەسپاندنی مەملەکەتی فەرەنسی و ئاژاوەکانی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانەکان بووە هۆی پەرەدان بە ناسنامەی نیشتمانی کە بە سنوورە سیاسییەکان دامەزرا بەرانبەر بەو جەنگە ئایینییانەی کە بۆ پاشا دەکرا، لەبەر ئەوەی ناسنامەی ئایینی زۆر جیاواز بوو، بۆیە سنوورەکانی دەوڵەت و ناسنامەی نیشتمانی پێکەوە بەسترانەوە. واتە شەڕی سی ساڵە کەمێك بەشدار بوو لەمەدا.

***تا چەند شۆڕشی فەرەنسا و شەڕی سەربەخۆیی ئەمریکا، توانییان بایەخی دەوڵەت زیاتر بکەن، یان بە جۆرێکی دیکە دەوڵەتیان کردە ناسنامە بۆ نەتەوە؟**

- لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی فەرەنسی و جەنگی سەربەخۆیی ئەمریکا لە سەدەی هەژدەدا کە دەوڵەت بەڕاستی گرنگ دەبێت بۆ پاراستنی مافەکانی تاك و بەڕاستی لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسیدا بانگەوازی ئازادیی ئایینی و مافی تاکەکەس و مافی دەربڕینی بیروڕا هاتەئاراوە، هەروەها هاوشێوە لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری ئەمریکی لە دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکاندا، پرسی مافی مرۆڤ و هەموو ئەم مافە تاکەکەسییانە تا رادەیەك پشت دەبەستێت بە دەوڵەت بۆ بەهێزکردن و هێشتنەوەی مافی تاکەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکان کە تا ئێستاش بەردەوامە لە رووی حکوومییەوە بە شێوەی جیاوازیش هەنگاوی ناوە بەرەو مافی دەربڕینی بیروڕا و هەڵگرتنی چەك و پیادەکردنی ئایینی تاکەکەسی. هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی دەستووردا بوون، بە پێچەوانەی ئەمەشەوە نموونەی وەك سنووردارکردنی مافی تاکەکان لەلایەن دەوڵەتەوە بە دانانی یاسای نوێ و دروستکردنی تەکنەلۆژیا هەیە کە رێگە بە هەواڵگری و کۆنتڕۆڵ دەدات. بۆیە پێموایە دەوڵەت بۆ هەردوو مەبەستەکە بەکاردێت، هەم بۆ کۆنتڕۆڵ و هەم بۆ ئازادیش.

*** لەم وەڵامەتان ئەوەمان خوێندەوە، کە پرەنسیپەکانی ئازادی و مافی مرۆڤ لە دوای شۆڕشی ئەمریکا و فەرەنسا هاتوونەتە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی مرۆڤایەتییەوە، ئایا لەگەڵ ئەم بۆچوونە هاوڕایت؟**



**پێش ئەوەی چارەسەری سەروەری و سنوورەکان بکرێت، دەبێت کێشەی خەڵکەکە چارەسەر بکرێت، واتە هێنانی ئاشتی و ئاسایش و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ماڵی خۆیان و دڵنیاکردنی ژیانی تاک و کۆمەڵگە**

**کوردستان دابەش بووە بە سەر چوار دەوڵەتدا و ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لەگەڵ هەرچواریاندا پێوەندیەکی ئاڵۆز و زۆرجار خراپی هەیە، لەبەر ئەوە هیچ هەوڵێکی گرنگی نەداوە بۆ گۆڕینی سیاسەتی بەرانبەر بە کوردەکان بەوەی پاڵپشتی ئۆتۆنۆمی، یان سەربەخۆیی، یان خۆبەڕێوەبردنیان بکات**

- پێموایە بۆ ئەو خەڵکانەی کە خۆیان بە نەتەوە دەزانن، دەیانەوێت کۆنترۆڵی سیاسی خۆیان لە ژێردەستی خۆیاندا بێت، ئەمەش وەك خستنەڕووی مافەکانیان دەبیندرێت، نەك لەناو بونیادێکی گەورەتردا بن کە ئەو بونیادە دەسەڵاتی هەبێت بەسەریانەوە و لە نەتەوە و ئایین و نەژادی دیکە جیاواز بن، هەرلەبەر ئەوەشە دەبینی لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا پرسی بەهێزی سەربەخۆیی بوون و ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبردن هاتەئاراوە و دووبارە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەو بیرۆکە بەهێزەی کە سەرۆك وێڵسن دەریبڕی سەبارەت بە مافی چارەنووس، نەك هەر لە رۆژهەڵاتی ئەوروپادا، بەڵکو لەسەرتاسەری جیهاندا بووە بزوێنەری بزووتنەوە سەربەخۆییخوازکان، دەتوانم چەند نموونەیەك بخەمەڕوو کە نەتەوە بچووکەکان بۆ ئەوەی ئاسایشی خۆیان بپارێزن چوونەتە بندەستی نەتەوە گەورەکانەوە، وەك ئەرمینیا کە چوونە لای رووسەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، یان سکۆتلاندییەکان لە بەر مەسەلەی ئابووری لە بەریتانیا جیا نەبوونەوە، بەڵام ئەمانە زۆر نین بە دڵنیاییەوە لەوەی کە حەزی زۆر هەیە بۆ خۆبەڕێوەبردن.

*** دیارە دەرکەوتن و پیادەکردنی زیاتری سیستمی لیبراڵ دیموکراتی زیاتر لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوەیی دەرکەوت، ئایا تاچەند لیبڕاڵ دیموکراتی و دەوڵەتی نەتەوەیی یەکتری تەواو دەکەن؟**

- پێموایە قورسە کە دەوڵەتانی لیبڕاڵ دیموکراسی لەگەڵ یەك بکەونە شەڕەوە، بەشێکی لەبەر ئەوەی پێویستی بە رێکخستن و پشتیوانی دانیشتووانی وڵاتانەوە هەیە کە میکانیزمیان هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان و خەڵك زیاتر هۆشیارن لە تێچوونەکانی شەڕ. بەدڵنیاییەوە چەندین نمونەی دەوڵەتانی لیبڕاڵ دیموکراسیمان هەیە کە چوون بۆ شەڕ، بۆ نموونە لە حاڵەتی جەنگی جیهانی دووەمدا بەریتانیا و وڵاتەیە کگرتووەکان و فەرەنسا کە هەموویان لیبڕاڵ دیموکراسین چوونە شەڕەوە، یان لەم دواییانەدا ئەمریکا سەرەتا چووە شەڕی ئەفغانستان و پاشان بۆ عێراق. لە لیبڕاڵ دیموکراسیدا خەڵك دەتوانن رای خۆیان دەرببڕن و خۆپیشاندان بکەن و یاسای دەستووری هەیە کە دەتوانن پەیڕەوی بکەن، تا دژی شەڕ ببنەوە، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەی بە رژێمە دیکتاتۆری و دەسەڵاتخواز و تاك حزبییەکان، دەبینی رێگری زۆر کەمن بۆ ئەوەی رێ لە چوونە ناو شەڕ بگرێت، هەر بۆ نموونە لەچەند مانگی پێشوودا بینیمان کە رووسیا دەستێوەردانی لە سووریا کرد، لە رێی ئەنجامدانی هێرشە مووشەکییەکانەوە، بەڵام دووساڵ لەمەو پێش کاتێك ئۆباما نزیك بووەوە لەوەی دەستێوەردان لە سووریا بکرێت، میدیاکان و کۆنگرێس رەخنەیان گرت و نەیانهێشت ئەمە رووبدات، بۆیە لیبڕاڵ دیموکراسی وا لە حکومەت دەکات وریاتر بێت و لە کارەکانی بەرپرسیار بێت.

*** پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان و رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ سەروەری دەوڵەتدا مامەڵە دەکەن، بەڵام پاش رووخانی دیواری بەرلین گۆڕانکارییەك روویدا لە ڕووی چەمکی سەروەریی دەوڵەت، هەروەها پاش بەهاری عەرەبی و ئاڵۆزییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەك هەر سەروەریی دەوڵەت، بەڵکو سنوورەکانیش نەمان، بۆیە ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیەوێت کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر بکات، ئەوا چۆن دەبێت چەمکی سەروەری دەوڵەت و سنوورە دەستکردەکان پێناسە بکاتەوە؟**

- پێش ئەوەی چارەسەری سەروەری و سنوورەکان بکرێت، دەبێت کێشەی خەڵکەکە چارەسەر بکرێت، واتە هێنانی ئاشتی و ئاسایش و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ماڵی خۆیان و دڵنیاکردنی ژیانی تاك و کۆمەڵگە، هەموو ئەمانە هەنگاوی پێویستن کە نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانێت رۆڵی گرنگی تیا بگێڕێت، ئەگەر کارایانە کاریان بۆ بکات. لەبەر ئەوەی ئەوە تەواو راستە کە سنوورەکانی دەوڵەت چیتر ئەو دانیشتووانەی تێدا نییە و دەبێت راستەوخۆ چارەسەر بکرێت. هەروەها ئەوەش تەواو راستە کە پاش جەنگی جیهانی یەکەم و






بە هۆی ڕێککەوتنی -سایکس پیکۆ- سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی ڕەمەکی سەپێندراوە و ئەمە بەڕاستی کێشەیە، بۆیە پێموایە بە پێی پێویست وەڵامەکە گەڕانەوە نییە بۆ سنوورەکانی پێش ساڵی ٢٠١١، بەڵکو دەبێت—چارەسەرەکە پێکهینانی حکومەتێکی دەستبەرکەری ئاسایش بێت کە ڕێز لە مافی دانیشتووانەکەی بگرێت بێ لەبەرچاو گرتنی نەژاد و نەتەوە. ئەگەر ئەمە دامەزرا، ئەوا ئەو ئەمنییەتە دابین دەکات بۆ خەڵك کە پیویستیەتی. تا رادەیەك ئەوە راستە کە ئەم کارە لە زۆرێك لە وڵاتانداو لە پێش ٢٠٠٣ داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە بە شێوەی جیاواز کراوە، بەڵام ئەوەی لەماوەی دە ساڵی پێشوودا دەیبینین تەواو جیاوازە لەوەی کە پێشتر بینیومانە لە رووی ڕێکخراو و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و دانیشتووانەوە.

*** زۆر لە توێژەران پێیانوایە باری خراپی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باش نابێت ئەگەر ئەو خەڵکانەی بێدەوڵەتن لە وڵاتە نادیموکراسییەکاندا دەوڵەتی خۆیان نەبێت، لەو بارەیەوە راتان چییە؟**

- لە حاڵەتی کوردستاندا کە دابەش بووە بە سەر چوار دەوڵەتدا و بۆچی ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ یەك هەڵناکەن و ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بەتایبەتی لەگەڵ هەرچواریاندا پێوەندیەکی ئاڵۆز و زۆرجار خراپی هەیە، لەبەر ئەوە هیچ هەوڵێکی گرنگی نەداوە بۆ گۆڕینی سیاسەتی بەرانبەر بە کورد بەوەی پاڵپشتی ئۆتۆنۆمی، یان سەربەخۆیی، یان خۆبەڕێوەبردنیان بکات، لەبەر ئەوەی پێوەندی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە باش نییە و لەگەڵ هاوپەیمانەکانیشی هەر باش نییە. بۆیە ئەگەر سەیری شوێنەکانی دیکە لە جیهاندا بکەین، نموونەی دیکە دەبینین وەك لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا لە کێشەی کرایمیا و پاش جەنگی دووەمی جیهانی دەوڵەتانی بەڵقان لە یەکێتی سۆڤیەتدا و هەندێك بەشی ئەمریکای لاتین و ئەفریقا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەتایبەتی رەتیکردووەتەوە پاڵپشتی ئۆتۆنۆمی ئەو نەتەوانە بکات، لەبەر ئەوەی پێوەندی باشی نەبووە لەگەڵ ئەو دەوڵەتە سەروەرانەی کە بانگەشەی دەسەڵاتیان کردووە بە سەر دانیشتووانەکانیاندا. پێموایە ئەوەی بارودۆخەکەی گۆڕیوە، خەباتی ئەو خەڵکانەیە بۆ خۆبەڕێوەبردن و ئۆتۆنۆمی کە قەیرانی دروستکردووە و هێزە دەرەکییەکان دەبێت دەستێوەردان بکەن، وەك پاش ١٩٥٧ لە فەلەستین و پاش ١٩٩٠ لە سۆڤیەت و سربیا و سلۆڤاکیا، هێزە دەرەکییەکان هەر سەیریان کردووە و ئەمەش جێگەی داخە.



هانا ئۆیانێن، پرۆفیسۆرە لە زانکۆی تامپیری و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری زانستە سیاسییەکان. پێشتر توێژەر بووە لە پەیمانگای فینلەندی بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان و پرۆفیسۆر بووە لە زانکۆی هێلسنکی، هەروەها سەرۆکی بەشی توێژینەوە بووە لە پەیمانگای سویدی بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان. گوڵان چەند پرسیارێکی لەبارەی دەوڵەتی نەتەوەیی و پرسی سەروەری و توانای دەوڵەتان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان ئاراستە کرد. ئەویش پێی باش بوو بە وتارێك وەڵام بداتەوە.

## هانا ئۆیانێن بۆ گوڵان:

# تا ئێستاش دەوڵەت کاراکتەری سەرەکی سیستمە جیهانییەکەیە

لە راستیدا لە سیستەمێکی سیاسی جیهانیدا دەژین کە هێشتا لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە دەوڵەت تێیدا ئەکتەری سەرەکییە. لەم سیستەمەدا نۆرمە نێودەوڵەتییەکان سەروەری و یەکپارچەیی دەوڵەتەکان دەپارێزن، هەروەها دەوڵەتەکانن کە ئەندامن لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بەشێکیشن لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، بە هەمان شێوە ئەوە دەوڵەتە کە زۆربەی سەرچاوەکان و پێوەندییەکان و بازرگانییەکان بەڕێوەدەبات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە دڵسۆزی و وەلائی خەڵك و هاونیشتمانییان بۆ ئەوە. بەڵام ئەمانە هەموویان دەوڵەتانی نەتەوەیی نین و چەمکی «نەتەوە» نەك هەر ئاڵۆزە، بەڵکو داتاشراوە و سرووشتی نییە. بە دڵنیاییەوە لە ناو ئەم سیستەمەدا چەندین ئەکتەری تریش جگە لە دەوڵەتان هەن و زۆریشیان لە راستیدا بەهێزترن لە زۆرێك لە دەوڵەتان. بەڵام ئەگەر سەیری پێگەی دەوڵەت بکەین لە ئەمڕۆدا، دەبینین کە هێشتا هەوڵی بەدیهێنانی دەدرێت و رێز لە سەروەرییە یەکسانەکەی دەگیرێت، هەروەك لە ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەوڵەتانی بچووك و گەورە وەکو یەکن و یەك دەنگیان هەیە. بەڵام ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان جیاوازە کە ئەندامە هەمیشەییەکان مافی زیاتریان لەوانی تر هەیە، هەروەها مشتومڕە بەردەوامەکان لەسەر ئەم نۆرمە و لە سەر پێکهاتەی ئەم ئەنجومەنە، نیشانەی گرنگیی بەردەوامی ئەو دامەزراوە و نۆڕمانەیە کە دەوڵەتانی پێکەوە بەستووەتەوە و دواجاریش یارمەتیدەرە بۆ رێگرکردن لە روودانی جەنگەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.

هەروەها دەوڵەتان گرنگن بۆ تاکەکان، ئەمەش لە حاڵەتی خەڵکانی بێدەوڵەتدا دەبیندرێت کە لە راستیدا رووبەڕووی کێشەگەلێکی زۆر دەبنەوە. بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەتداری تەنیا ماف نییە، بەڵکو ئەرکیشە. ئەوەی گرنگە ئەمڕۆ لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئەوەیە کە ئەوانەی پێیان دەوترێت دەوڵەتانی «لاواز» یان «شکستخواردوو» چەند بەگرفتن. کاتێك دەوڵەت ناتوانێت چاودێری و بایەخ بدات بەوەی وەك ئەرکە سەرەکییەکانی دەوڵەت دادەنرێت، وەك دابینکردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی هاونیشتمانییانی، ئەوا دەبێتە هەڕەشە بۆ دەوڵەتانی دیکە، هەروەها بۆ سیستەمی نێودەوڵەتیش. هەرلەبەر ئەمەشە نۆڕمی «بەرپرسیارێتی بۆ پاراستن» پەرەی پێدراوە و ماف دەدات بە دەوڵەتانی دیکە دەستێوەردان بکەن، ئەگەر دەوڵەتێك لە پاراستنی هاونیشتمانییانی لەسەر قەڵەمڕەوی خۆی شکست بهێنێت. هەروەها یەکێتی ئەورووپا چەمکی سەروەری تا رادەیەکی زۆر گۆڕیوە. دەوڵەتانی ئەندامی یەکێتییەکە سەروەر نین بە هەمان شێوەی دەوڵەتانی دیکە، چونکە سەروەرییان لە هەندێك ناوچە کێشاوەتەوە و وازیان لە مافە تایبەتییەکانی بڕیاڕدان هێناوە لە پێناو سیاسەتی هاوبەش و بڕیارەکانی زۆرینەی دەنگدان و رۆڵی زیاتری ئەو دامەزراوانەی لەسەرووی نەتەوەوەن. هەروەها مانای «هاونیشتمانیبوون» لە ئەورووپادا سەرهەڵدەدات لەبەر ئەوەی یەکێتی ئەورووپا هاونیشتمانی خۆی هەیە کە راستەوخۆ لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەورووپادا دەنگ دەدەن. هاونیشتمانییان دەتوانن دەستپێشخەری بکەن بۆ یاسای نوێی یەکێتیەکە، هەروەها یەکێتیەکەش بەردەوام هاوبەشانە دەیانپارێزێت لە دەرەوەی ئەورووپادا (لەڕێی خزمەتگوزارییەکانی کونسوڵەکانەوە) هەرچەندە یەکێتی ئەورووپا دەوڵەتیش نییە. کەواتە ئەی سەبارەت بە دیموکراسی چی بڵێین؟ ئەمە تەنیا بە دەوڵەتەوە نەبەستراوەتەوە، لەبەر ئەوەی دیموکراسی دەتوانێت هەبێت لە زۆر شوێن و کاتدا و لە هەر ئاستێکی سیاسی و چالاکی مرۆیی. دیموکراسی سیستەمی یەکێتی ئەورووپا یەکێکە لەو حاڵەتانە کە زۆر مشتومڕ و گفتوگۆی لەسەر کراوە و گرنگتریش ئەوەیە وەك هەمووومان دەزانین کە هەموو دەوڵەتان دیموکراسی نین. گەر سەیری ئەورووپا بکەین، زۆربەی دەوڵەتانی ئەورووپا بەشێوەی جیاواز ماوەی دیکتاتۆرییان بینیوە. یەکێك لە سەرەکیترین پێویستییەکانی چوونە ناو یەکێتی ئەورووپا دیموکراسی و حوکمی یاسایە. بەڵام هێشتا لەناو یەکێتی ئەورووپادا تەنانەت ئەمڕۆش پێویستە بەردەوام هۆشیار بین لە مەترسییەکانی سەر دیموکراسی و زۆربوونی سیماکانی دەسەڵاتخوازی و سنووردارکردنی ئازادی و مافەکان لە هەندێك دەوڵەتدا. دیموکراسی پێویستی بەوەیە چاودێری بکرێت و شتێك نییە هەر کە بەدەست هێنرا، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بمێنێتەوە. ئەمەش ئەو شوێنەیە کە سیستەمی نێودەوڵەتی دووبارە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بەوەی کە چارە بدۆزێتەوە بۆ پاراستنی خەڵك لە رژێمە زۆردارەکان کە لەوانەیە بەهۆی چەمکی سەروەرییەوە دووبارە ببووژێنەوە.

### پرۆفیسۆر مایکڵ مۆسیر تایبەتمەند لە زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# دەوڵەت پێناسەی نەتەوە تەواو دەكات و چوارچێوەیەكە بۆ دیاریكردنی ئازادیی تاك

**پرۆفیسۆر مایكڵ مۆسیر، خاوەنی بڕوانامەی دكتۆرایە لە بواری زانستە سیاسییەكان لە زانكۆی ویسكۆنسین. حاڵی حازر وانەبێژە لە بواری پێوەندیە نێودەوڵەتییەكان و دیراساتی جیهانی لە سەنتەری دیراساتی ئەوروپی لە زانكۆی تەكساس. پشتریش لەم بوارانەدا لە چەند زانكۆیەكی دیكە وانەبێژ بووە. هەروەها راوێژكاری سەنتەری دیراساتی ستراتیژی و نێودەوڵەتی بووە. گوڵان گفتوگۆیەكی لەگەڵدا ئەنجامدا بۆ زانینی شیكردنەوە و لێكدانەوەكانی دەربارەی گرنگی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ رزگاربوونی هاووڵاتیان لە ملكەچبوون بۆ هێزە دەرەكییەكان و چارەسەركردنی كێشە ئاڵۆزەكانی ناوچەیەكی پڕ لە ئاژاوە و نائارامی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە.**



*** لە مێژووی ئەوروپادا دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە وەرچەرخانێكی گرنگ لە مێژووی سیاسی ئەوروپا دادەنرێت، ئایا چۆن سەیری ئەو وەرچەرخانە دەكەیت كە دەوڵەتی نەتەوەیی هێنایەئاراوە؟**

- لە پێوەندی بە دەوڵەتی نەتەوەییەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین كە شەڕی پاشایەتی بۆ قەڵەمڕەوی و سەرچاوەكانی دیكە لە ئەوروپا لە داوی كۆتایی هاتنی جەنگی ئایینی، شەڕی سی ساڵە و شەڕی سەد ساڵە لە ئەوروپا، سەرهەڵدانی دوڵەتی هاوچەرخمان بینی. بە دڵنیاییەوە ئەمە یەكێكە لە نێو زۆرێك لە بژاردەكان و رێكخستنی سیاسیدا، بەڵام رەنگە —دەوڵەتی نەتەوەیی- باوترین شێوەی رێكخستنی سیاسی بێت. هەروەها مۆدێلی دیكەش هەن وەك دەوڵەتەشار، یان ئیمپراتۆر، یان شێوە رێكخستنی نەژادی، یان خێڵەكی، كە دەوڵەتی هاوچەرخ لە ئەوروپاوە سەریهەڵدا و لە جیهاندا بڵاوبووەوە و زیاتر بە هۆی بەرفراوانبوونی ئەورووپییەوە بووە لە ماوەی سەدەكانی پاش ١٦٤٨ـەوە.

*** تا چەند سەرهەڵدانی نەتەوەیی كۆتایی بە شەڕی ناوخۆیی هێنا و سەقامگیری گێڕایەوە؟**

- بەڵێ، بەدڵنیاییەوە ئەمە پێشبینی کراوە، کۆمەڵناس چارلس پیلی ئاماژە بە هەمان گریمانە دەدات کە باست کرد بەوەی کە دەوڵەتی نەتەوە بۆ هاونیشتمانییانی ئامادە دەکات وەك رێگەیەك بۆ رێگرتن لە جەنگی زیاتر.

*** ئایا تا چەند دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ پیشاندانی ئازادیی تاك و ئیرادەی تاك لە کۆمەڵگەدا؟**

- بەڵێ، بەدڵنیاییەوە دەوڵەتی نەتەوە دەرفەتێك بۆ تاکەکانی دابین دەکات لەناو ئەو دەوڵەتەدا و لەبەرانبەریشدا تاکەکان دەبێت خزمەتی ئەو دەوڵەتە بکەن، بەڵام ئایا تا چەند ئازادی بۆ تاکەکان دابین دەکات لە چوارچێوەی دەوڵەتدا؟ هەندێك پێیانوایە کە دەبێت لانیکەمی ئازادی دەستەبەر بکات بۆ تاکەکەسەکان و تەنیا لە رووی جەستەییەوە پارێزگارییان لێبکات و زیاتر نا، بەڵام هەندێك پێیانوایە دەوڵەت پێویستە زۆرترین ئاست و ئەندازەی ئازادی لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیان دەستەبەر بکات، ئەم بۆچوونانەش کە دەربڕاون، تەنیا فەلسەفی نین، بەڵکو پراکتیکیشن سەبارەت بە دەوڵەتی نەتەوەی هاوچەرخ لە سەرتاسەری جیهاندا.

*** بۆچی نەتەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیدا نەبێت، هەست بە ئازادی ناکات؟**

- لەو پرسیارە تێدەگەم و ئەوە پێوەندی بەو دابەشبوونەوە هەیە کە لە نێوان نەتەوە و دەوڵەتدا هەیە، نەتەوە- بەتایبەتی- لە یاسای نێودەوڵەتیدا چەمکێکە پێویستی بە دانپێدانانە لەلایەن ئەوانی دیکەوە، جۆرێك لە دیدی سەروەری ناوخۆیی و دەرەکیمان هەیە لە یاسای نێودەوڵەتیدا کە پێکەوەن، بەڵام ئەگەر بە تەواوی ئەو بانگەشەیە بکەیت، ئەوا نەتەوە بەبێ دەوڵەت کیانێکی راستەقینە نییە، بە دڵنیایەوە سەرۆکی ئەمەریکا وێڵسن پێیوابوو کە هەر نەتەوەیەك دەبێت دەوڵەتی خۆی هەبێت، بەڵام لە بارودۆخی ئێستادا وا نییە، لەم جیهانەی تیایدا دەژین هێشتا هێڵێکی باریك کێشراوە لە نێوان دەوڵەت و نەتەوەدا، ئەمەش دەمانگەیەنێت بە رەتکردنەوە، یان هەبوونی ناوچەیەك کە پێوەی ببەسترێتەوە و بیدرێتێ.

***سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لە دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ دەرکەوت و بۆچی لەو ژینگەیەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا؟**

- لە زۆر رووەوە لیبراڵ دیموکراسی باشترین بژاردەیە بۆ رێکخراوبوونی سیاسی، بەڵام لیبراڵ دیموکراسیش بێ کەموکوڕی و بێ خەوش نییە. ئایا وڵاتانی لیبراڵ دیموکرات لەگەڵ یەك بەشەڕ دێن؟ هێشتا ئەمە رووی نەداوە، ئەمە مانای ئەوە نییە کە شەڕ لە ئارادا نامێنێت لە نێو لیبراڵ دیموکراسییەکاندا.

بەڵام ئاشتی دیموکراسی تیۆرییەکی زۆر بەهێزە کە ئەمە دەڵێت لە رووی فەلسەفییەوە لەبەر ئەوەی دژی شەڕن، یان بەرژەوەندییان لەوەدایە لە بازرگانیدا بن لەگەڵ یەکدا، نەك لە شەڕ. کەواتە ئەمە تیۆرێکی بەهێزە بۆ روونکردنەوەی روونەدانی شەڕ لە نێو لیبراڵ دیموکراسییەکاندا.

*** ئەگەر لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیەوێت کێشەی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر بکات، چۆن پێناسەی سەروەریی دەوڵەت و سنوورە دەستکردەکان دەکاتەوە؟**

- ئەمە پرسیاری ساتەوەختە، خۆزگە بمتوانیبایە پێتان بڵێم چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چارەسەری کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات. پێوایە ئەمە پێوەندی بە بەرژەوەندییەوە هەیە. نەك هەر هێزە ئیمپراتۆریەکانی پێشوو کە بەرژەوەندییان هەیە لە ناوچەکەدا، بەڵکو ئەکتەری نوێش وەك دەوڵەتی ئیسلامی و کاراکتەری غەیرەدەوڵەت وەك بەرەی نوسرە و قاعیدە و ئەوانی دیکە وەك حەماس و حزبوڵڵا هەن، هەموو ئەمانە لە ناوچەکەدا چالاکن و بەرژەوەندییان هەیە لە داهاتووی ناوچەکەدا. ئایا رێککەوتنی -سایکس پیکۆ- رێککەوتنێکی شەرعی بوو؟ ئایا بەرهەمی هەل و مەرجی رۆژگاری خۆی بوو؟ هەموو ئەمانە پرسیارن، بەڵام ئایا لە ئێستادا دووبارە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێتەوە؟، ئەوا لە سەر ئەرزی واقیع ئەمە روودەدات، نەك لە نەتەوە یەکگرتووەکان، یان لە بەغدا، یاخود لە تاران، یان لە هەر پایتەختێکی دیکەدا. پێموایە ئەوەی ئێستا روودەدات ناکۆکییە لەسەر ئەوەی رێکخستنی سیاسی داهاتوو چۆن بێت، ئایا دەبێت دەوڵەت بێت، یان شتێك کە پێش مۆدێرن، یان پاش مۆدێرن بێت؟

*** زۆر لە بیرمەندان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی نەتەوە بێدەوڵەتەکان لە ناوچە نادیموکراتەکاندا، بەبێ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی چارەسەر ناکرێت. هەر بۆ نموونە کێشەی فەلەستین و کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا کە ئەمە چارەسەرکردنی ریشەیی ئەو دوو کێشە گرنگە بێت، بۆچی جیهان خۆی لەم چارەسەرە دەدزێتەوە؟**

- ژمارەیەك لە دەوڵەتە نەتەوەکان هەن کە بەرژەوەندییان هەیە لە هێشتنەوەی ئەم بارە باوە، ئایا ئەمە چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە لەسەر ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ وەڵامەکە ئەوەیە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین. هەموو ئەوەی کە دەتوانین گەرەنتی بدەینێ ئەوەیە کە گۆڕانکاری بە شێوەیەك لە شێوەکان روودەدات، بەڵام وەڵامی پرسیارەکە کە چۆن دەبێت، نازانین.

**لە زۆر رووەوە لیبراڵ دیموکراسی باشترین بژاردەیە بۆ رێکخراوبوونی سیاسی، بەڵام لیبراڵ دیموکراسیش بێ کەموکوڕی و بێ خەوش نییە**

**جۆرێک لە دیدی سەروەری ناوخۆیی و دەرەکیمان هەیە لە یاسای نێودەوڵەتیدا کە پێکەوەن، بەڵام ئەگەر بە تەواوی ئەو بانگەشەیە بکەیت، ئەوا نەتەوە بەبێ دەوڵەت کیانێکی راستەقینە نییە**

**دەوڵەتی نەتەوە دەرفەتێک بۆ تاکەکانی دابین دەکات لەناو ئەو دەوڵەتەدا و لەبەرانبەریشدا تاکەکان دەبێت خزمەتی ئەو دەوڵەتە بکەن**



دکتۆر مایکڵ نایتس، توێژەرە لە پەیمانگای واشـــنتۆن بۆ سیاســـەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك و تایبەتمەندە لە کاروبارە ســـەربازی و ئەمنییەکانی وڵاتانی عێراق و ئێران و یەمەن و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی. هەروەها ســـەردانی عێراق و وڵاتانـــی کەنداوی کردووە و توێژینەوەی چڕ و پڕی لە ســـەریان هەیە و بەردەوام لە لایەن سیاســـەتداڕێژەرانی ئیدارەی ئەمەریکا و فەرماندە ســـەربازیەکانی ئەمەریکاوە لەبارەی پرســـە ئەمنییەکانەوە پرس و ڕاوێژی پێدەکرێت. دکتۆراکەشی لە بەشی دیراساتی جەنگ لە کۆلێژی مەلەکیی لەندەن بەدەست هێناوە. بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی کوردســـتان لە پێوەندی بە شەڕی داعش و ســـەقامگیری ناوخۆییەوە، هەروەها بۆ ڕاوەستان لە بەردەم ئەگەرەکانی ئاییندە، گوڵان گفتوگۆیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.

**مایکڵ نایتس**

**پسپۆڕ لە پرسی کورد لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ گوڵان:**

# لە کاتێکدا کورد لە شەڕێکی گەورەدایە و سەرۆکی هەرێم هاوشانی پێشمەرگەیە شەرمەزارییە قەیرانی سیاسی لە کوردستان دروست بکرێت

*** لەمیانەی سەردانی سەرکردەی پلەباڵای سەربازیی ئەمریکی بەم دواییانە بۆ عێراق، سەرۆک وەزیران عەبادی داوای کرد کە پێویستیان بە هێرشە ئاسمانییەکانی رووسیا لەناو عێراقدا هەیە، بەڵام ئەمریکا ئەمەی رەتکردەوە. ئایا تا چ رادەیەك هاوپەیمانی لە نێوان عێراق و ئێران و سووریا و رووسیادا هەیە؟**

- ماوەیەکە حەیدەر عەبادی کەوتۆتە ژێر فشارێکی زۆرەوە لەلایەن خەڵکی عێراقەوە، کە ئەو خەڵکانەش خوازیاری ئەوەن رەوتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان خێراتر بکرێن لە دژی داعش. هەروەها لەبەر ئەوەی خەڵکی ئاسایی لە عێراقدا پێیانوایە هێرشەکانی رووسیا بە زەبر و کاریگەرن، هەروەها بە رەوتێکی خێرا و بە چڕی ئەنجام دەدرێن، ئەمە لە کاتێکدا هێرشەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا زۆر خاو و وریایانە و وردن، بۆیە حەیدەر عەبادی لە ژێر فشاردایە بۆ قبووڵکردنی ئەوەی رووسیا پێشکەشی

**مسعود بارزانی متمانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان و جیهانی بەدەستهێناوە و ناوبانگێکی زۆر باشی هەیە، بۆیە جێی شەرمەزاری دەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت شتێک رووبدات و ئەم ناوبانگە لەکەدار بکەن**

**سەرۆکایەتی کوردستان هەڵبژێردراوە و پێویستە لە یەک دوو ساڵی داهاتووشدا هەڵبژاردنێکی دیکە بکرێت، هاوکات ناتوانین ئەم راستییە فەرامۆش بکەین کە تەنیا لەبەر ئەوەی لە شەڕداین، هەڵبژاردن نەکرێت**

**نێچیرڤان بارزانی شتێکی واقیعی گوت کاتێک رایگەیاند ئەوە شتێکی لۆجیکی نییە کە بمانەوێت سەرۆک رۆڵێکی بەهێزی هەبێت و لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، تەنانەت ئەگەر سەرۆکێکی بێ هێزیشمان بوێت، دەبێت لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت**

دەکات. لێرەوە حەیدەر عەبادی دەیەوێت هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا بجووڵێنێت، بۆیە رووسیا بەکاردێنێت بۆ ئەوەی قەناعەت بە ئەمریکییەکان بکات کاری زیاتر بکەن. ئەمەش بەڕاستی ئەو یارییەیە کە لێرەدا دەکرێت.

*** هاوکارییەکی هاوبەش لە نێوان کورد و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەیە بۆ ئۆپەراسیۆن لەپێناو رزگارکردنی موسڵ لە دەستی تیرۆریستانی داعش، ئەمەش رەنگە بە رزگارکردنی شنگال لە سەرەتادا دەست پێبکات. تا چ رادەیەك گرنگە موسڵ بەبێ شیعەکان لەلایەن ئەمریکا و هێزە سوننەکانەوە رزگار بکرێت؟**

- پێموایە خەڵك پێشبینی دەکات کە هێزەکانی حەشدی شەعبیی شیعەکان لە شەڕی گرتنەوەی موسڵ تێوەبگلێن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە سەرکردایەتی شەڕی گرتنەوەی موسڵ نەکەن. ئەگەر سەیری بەرەی شەڕەکانی رومادی و تکریت بکەین، دەبینین ئەمریکییەکان پێیان خۆش بوو حەشدی شەعبی لە شەڕەکاندایە، بەو مەرجەی سەرکردایەتی شەڕەکە نەکەن، لەبەر ئەوەی ئەمریکییەکان پێویستیان بە بوونی ئەو بارەگا سەرەکییانە هەیە کە کاری لەگەڵدا بکەن، بەڵام تەنیا دەتوانن لەگەڵ ئەو بارەگا سەرەکییانەدا کاربکەن کە لەلایەن سوپای عێراق و پێشمەرگەوە سەرکردایەتی دەکرێن. بۆیە لە شەڕی موسڵدا یەکەم کار ئەوەیە موسڵ و رەققە لە یەك جیابکرێتەوە، ئەمەش ئەوەیە کە ئەمریکا و پێشمەرگە لە ئێستادا دەیکەن، بڕینی رێگای سەرەکی لە نێوان موسڵ و رەققەدا بۆ ئەوەی موسڵ گۆشەگیر بکرێت و یارمەتی پێنەگات، هەروەها بۆ ئەوەی داعش نەتوانێت نەوت و بەرهەمە ئابوورییەکانی بجووڵێنێت لە سووریاوە بۆ موسڵ و تورکیا.

*** لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگە لە ئێستادا ئەو رێگەیەی گرتووە، کەواتە بەبێ پێشمەرگە ناتوانرێت موسڵ رزگار بکرێت. ئایا تاچەند ویلایەتە یەکگرتووەکان پشت بە پێشمەرگە دەبەستێت بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە و یارمەتییەکانی بۆ پێشمەرگە بە چەك و تەقەمەنی زیاد دەکات؟**

- لەبەر ئەوەی حەتمییە کە پێشمەرگە کاری هێرشبەری ئەنجام بدات، ئەوا هۆکارگەلێکی زۆر هەن بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان داوای ئەندازەیەکی زیاتری چەکی هێرشبەر بکات. ئەگەر هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی لە بەرەکانی شەڕدا تەنیا بەرگری بکەن، ئەوا تۆزێك قورس دەبێت بۆ ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە چەك و تەقەمەنی بنێرن بۆ کوردستان، بەڵام ئەگەر ئێستا پێشمەرگە یارمەتی گۆشەگیرکردنی موسڵ بدەن، ئەوا لەوکاتەدا کورد لە پێگەیەکی باشتر دەبێت بۆ داواکردنی زیاتری چەکی دژە تانك و زریپۆش و چەکی قورسی وەك هاوەن.

*** لە کاتێکدا سەرۆك بارزانی سەرکردایەتی شەڕی دژە داعش دەکات لە کوردستان و بەردەوام لە بەرەکانی پێشەوە سەردانی پێشمەرگە دەکات، کەواتە تا چەند گرنگە لەم کاتەدا سەرۆك لە پێگەی خۆی بمێنێتەوە بۆ راپەڕاندنی ئەم کارە لەبەر ئەوەی ئێستا هەرێمی کوردستان لە شەڕدایە و بارودۆخەکە ئاسایی نییە؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی زۆر قورسە لەبەر ئەوەی پێموایە مسعود بارزانی متمانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان و جیهانی بەدەستهێناوە و ناوبانگێکی زۆر باشی هەیە، بۆیە جێی شەرمەزاری دەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت شتێك رووبدات و ئەم ناوبانگە لەکەدار بکەن. مسعود بارزانی هاوڕێیەکی زۆرباشی ئەمریکایە و هەروەها فەرماندەیەکی زۆر بوێری پێشمەرگەیە و هەمیشە زۆر خۆشحاڵ بووە کاتێك لە بەرەکانی پێشەوە لەگەڵ پێشمەرگە بووە و پێموا نییە حەزی لە پۆست بێت، بۆیە پێموایە شەرمەزارییە کە لەم کاتی شەڕەدا —کە پێویستە ئێمە تەرکیز لە سەر شەڕەکە بکەین- ئەوا قەیرانی سیاسی دروست بکرێت. بەڵام بێگومان سەرۆکایەتی کوردستان هەڵبژێردراوە و پێویستە لە یەك دوو ساڵی داهاتووشدا هەڵبژاردنێکی دیکە بکرێت، هاوکات ناتوانین ئەم راستییە فەرامۆش بکەین کە تەنیا لەبەر ئەوەی لە شەڕداین، هەڵبژاردن نەکرێت. زۆربەی ئەو وڵاتانەی لەشەڕدان هێشتا هەر هەڵبژاردنیان تێدایە، بۆیە پێویستە هاوسەنگی لەنێوان ئەو دوو شتەدا دروست بکرێت: دڵسۆزی بۆ هەوڵەکانی شەڕ و حکومەت، بەڵام هێشتنەوەی دیموکراسیش بە زیندوویی.

*** هەندێك لە پارتە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان داوا دەکەن سیستەمی سەرۆکایەتی بگۆڕدرێت بە پەرلەمانی و سەرۆك لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، پێت وایە کامیان باشترە؟**

- من کورد نیم و ئەمە پێوەندی بە خەڵکی کوردستانەوە هەیە کە چ سیستەمێکی سیاسی هەڵدەبژێرن، بەڵام پێموایە نێچیرڤان بارزانی شتێکی واقیعی گوت کاتێك

رایگەیاند ئەوە شـــتێکی لۆجیکی نییە کە بمانەوێت سەرۆک رۆڵێکی بەهێزی هەبێت و لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، تەنانەت ئەگەر سەرۆکێکی بێ هێزیشمان بوێت، دەبێت لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت. لەو بارەوە دەکرێ بڵێم من خەڵکی ئەمریکام کە ســـەرۆک تیایدا بەهێزە و لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، بۆیە پێموایە ئەو سیستەمەی ئێستادا لەئارادایە لۆجیکێکی زۆری تێدایە و دەکرێت هەندێك لە دەســـەڵاتەکانی ســـەرۆك دابەش بکرێـــت، بەڵام پێموایە هەڵبژاردنی ســـەرۆك لەلایەن خەڵکەوە باشترین سیستەمە، لەبەر ئەوەی واتا دەسەڵات لە دەستی خەڵکدایە و پێشموایە هەڵبژاردنی ســـەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت، لەلایەن ئەو پارتانەوە پشـــتگیری دەکرێت کە هەســـت دەکەن زۆرینەیـــان لە پەرلەماندا هەیـــە. من زۆر حەز ناکەم باس لە سیاسەت بکەم لە کوردستان لەبەر ئەوەی ئەوە پێوەندی بە خەڵکی کوردســـتانەوە هەیە، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە لۆژیکییە ئەوەیـــە کە ئەگەر بمانەوێت ســـەرۆك دەســـەڵاتی زیاتری هەبێت، ئەوا پێویســـتە راســـتەوخۆ لەلایەن خەڵکـــەوە هەڵبژێردرێت، چونکە لەگەڵ ئەنجامەکان مامەڵە دەکات.

*** پار لە کێشـــەکانی نێوان هەرێـــم و بەغدا بارزانی لە بارەی ســـەربەخۆیی کوردستانەوە لێدوانی دا، وەك دەبینی ئێســـتا هەرێمی کوردستان هیچ پێوەندییەکی راستەوخۆی بە بەغداوە نەماوە و لە رووی ئابووریشەوە ســـەربەخۆ بووە. بۆیە کوردســـتان بووەتە دەوڵەتێکی دیفاکتۆ و ســـەرۆك بارزانی چاوەڕێی هێوربوونەوەی بارودۆخەکـــە دەکات بۆ ئەوەی ریفراندۆم بکات. تا چ رادەیەك ریفراندۆم پێویستی بە سەرپەرشتی نێودەوڵەتی هەیە بـــۆ ئەوەی لەلایەن هێزە نێودەوڵەتییەکانەوە دانی پێدا بنرێت؟**

- گەر راشـــکاو بـــم، پێموایە مەســـەلەی ریفراندۆم ئەوەندە مشتومڕی لە سەرە ناتوانێت سەرنجی چاودێرە نێودەوڵەتییەکان رابکێشـــێت. واتە دەبێت بەغدا لەسەر مەسەلەی ریفراندۆم رازی بێت، پێش ئەوەی چاودێرانی نێودەوڵەتی بەشداری بکەن. پێشبینی ناکرێت چاودێرانی نێودەوڵەتی بەشداری بکەن، ئەگەر حکومەتی فیدراڵی عێراق رازی نەبێت، بۆیە پێویستە رێککەوتنی سیاسی هەبێت، پێش ئەوەی چاودێرانی نێودەوڵەتی بەشداربن. ئەگەر رای منت دەوێت لەسەر ریفراندۆم، دووبارە دەڵێم ئـــەوە پێوەندی بە خەڵکی کوردســـتانەوە هەیە، بەڵام وەك کەســـێك کە چاودێریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەم، پێموایە کوردســـتانی عێراق ئێستا دەرفەتێکی گەورەیـــان هەیە، ئەو دەرفەتـــەش ئەوەیە کە ئەمریکا لایەنی کوردســـتانی گرتووە، ئەمەش واتە حکومەتی فیدراڵـــی بەغدا ئامادەیە ڕێگە بدات بە کوردســـتان هەموو نەوتی کەرکووك ببات و بیفرۆشێت و پارەکەی هەڵگرێت. پێموایە رۆژێك دەبێـــت ریفراندۆم بکرێت، بەڵام لە ئێســـتادا ریفراندۆم ئامانج لێی تۆمارکردنی خاڵی سیاســـییە لەناو کوردستان و پێموایە کاریگەری دەبێت لەسەر پێوەندییەکانی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، هەروەها گرفتی یاسایی زیاتر دروســـت دەکرێت لەلایەن بەغداوە و ئەمەش زیان بە هەناردەی نەوتی کوردستان دەگەیەنێت.

*** بەڵام ئەگەر حکومەتی ناوەندی رازی بوو بە ریفراندۆم و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ســـەلماندی، ئەمە تا چەند کاریگەری دەبێت لە ســـەر جیابوونەوەی ئاشتییانەی کوردستان و ئایا رازی دەبن بە دەرئەنجامەکانی لەبەر ئەوەی وەك دەزانی زۆربەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ جیابوونەوەدان؟**

- ریفراندۆم بـــژاردەی زۆری هەیە، وەك کۆنفیدراڵی لەگەڵ عێراق، یان سەربەخۆیی، یان مانەوە وەك هەرێم. ئەگەر بژاردەیەکی ناوەند هەبێت، وەك ئەوەی هەندێ پێوەندی بهێڵێتەوە بە عێراقەوە، باشـــترە. دەبێت بزانن ئەگەر بتانەوێ بە تەواوی لە عێراق جیا ببنەوە، ئەوە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و نابێت پەلەی تیا بکرێت. بەڵام ئەگـــەر بەغدا رازی بێت، ئـــەوا دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاودێر بنێرێت.

*** ئەگەر کوردســـتان سەربەخۆ بێت، پێگەی کوردی رۆژئاوا چۆن دەبێت؟**

-ئەوە ئاشکرایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەم دواییانە ســـتراتیژی خۆی لە ســـووریا گۆڕیوە. پێشتر زیاتر ســـتراتیژییەکەی بایەخی بە رۆژئاوای ســـووریا وەك حەلـــەب و بەشـــە عەرەبییەکە دەدا، بەڵام بۆ بەشـــە کوردییـــەکان زۆر کەم بوو. دوای کۆبانێ و کارەکانی یەپەگە، ئەمریکییەکان زیاتر بایەخیان بە کوردستانی ســـووریا داوە. واتە لـــەم دواییانـــەدا ئەمریکییەکان سیاسیەتی خۆیان گۆڕی و پشتگیری کوردی سووریا و هاوپەیمانەکانیـــان کردووە، وەك هێزی شـــەڕکەری ســـەرەکی لە ســـووریا. ئەمە ئاڵوگۆڕێکی گەورەیە. بـــەڵام وەك دەزانن تورکیا کاردانـــەوەی توندی هەبوو بەرانبـــەر بەمە، ئەمەش هەر ئێســـتا روودەدات، بۆیە ئێستا شەڕی داهاتوومان ئەوەیە ئایا ئەمریکا یەپەگە هەڵبژێرێـــت، یان تورکیا؟ ئەمـــەش لە چەند مانگی داهاتوودا دەردەکەوێت.

**حەیدەر عەبادی دەیەوێت هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا بجووڵێنێت، بۆیە رووسیا بەکاردێنێت بۆ ئەوەی قەناعەت بە ئەمریکییەکان بکات کاری زیاتر بکەن**

**ئەگەر هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی لە بەرەکانی شەڕدا تەنیا بەرگری بکەن، ئەوا تۆزێک قورس دەبێت بۆ ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە چەک و تەقەمەنی بنێرن بۆ کوردستان**

**من خەڵکی ئەمریکام کە سەرۆک تیایدا بەهێزە و لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، بۆیە پێموایە ئەو سیستەمەی ئێستادا لەئارادایە لۆجیکێکی زۆری تێدایە و دەکرێت هەندێک لە دەسەڵاتەکانی سەرۆک دابەش بکرێت، بەڵام پێموایە هەڵبژاردنی سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە باشترین سیستەمە**



### تۆفیق یاسری شارەزای سەربازی و ستراتیژی بۆ گوڵان:

# ئەگەر پێشمەرگە بەشداری نەکات گرتنەوەی موسڵ کارێکی مەحاڵ دەبێت

**ماوەی نزیکەی دوومانگە باس لە ئازادکردنەوەی رومادی دەکرێت، بەڵام هەتا ئێستا نەتوانراوە ئەو شارە کۆنترۆڵ بکرێتەوە، لە هەمانکاتدا ماوەیەکیشە باس لە ئازادکردنەوەی موسڵ دەکرێت، بەڵام هێشتا نازانرێت، ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵ کەی دەســت پێدەکات. زۆربەی شارەزایانی سەربازی پێیانوایە مەسەلەی ئازادکردنی موسڵ گرێ دراوەتەوە بە ئاستی هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، بەوجۆرە باس لە ئازادکردنی موسڵ دەکرێت، ئەگەر پێشـــمەرگە بەشداری تەواو نەکات، ئەوا ئازادکردنەوەی موســـڵیش هەروەك ئازادکردنەوەی رومادی دەبێت و کارێکی ئاســـان نابێت. بۆ قسەکردن لەســـەر ئەم لایەنە سەربازییە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەفسەری خانەنشین د.تۆفیق یاسری کرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**



*** وەك شـــارەزایەکی ســـەربازی و ستراتیژیی ئاســـتی شـــەڕ دژی داعش لە بەرەکاندا چۆن دەبینی؟**

- لـــە راســـتیدا ئەمـــە شـــەڕێکی سیســـتماتیك و رێکخراو نییە، ئەوەی هەیە پارتیزانییە بە شـــێوەیەکی پێشـــکەوتووتر، چونکە داعش بەو چەك و پێداویستییە ســـەربازییەی هەیەتی، هەروەها پشـــتیوانی ناوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی توانیویەتی تا رادەیەك بەرگری بکات، لەهەمان کاتدا ئەو بیروباوەڕەی لای چەکدارانی داعـــش هەیە لەگەڵ ئەوەی ئێمە جیاوازە کە باکیان بە هیچ نییە و دەتوانن لە شـــوێنێك شـــکان لە شوێنێکی دیکە بەرگری بکەنەوە، بۆیە بە هەموو شـــێوەیەك ئەو شەڕە پارتیزانییە و سیستماتیك نییە، لەلایەکی دیکەوە دەبینین داعش کاتێ دەزانێ لە شـــوێنێك، یان بەرەیەك تێکدەشکێ یەکســـەر دەکشێتەوە بۆ بەرەیەکی دیکە کە پێشتر خۆیان بۆ ئامادە کردووە، بۆ نموونە کاتێ لە بێجی تێکشـــکان و زیانێکی زۆریان پێگەیشت، بە کتوپڕی و بەپێی پلانێکی دیکە روویان لە شـــوێنێکی دیکە کرد، ئەویش دەســـتگرتن بوو بەسەر رێگای سەرەکی بێجی-ســـامەرا و توانییان ئەو رێگایە کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام ســـەرباری ئەمەش کە ئەو شوێنەیان کۆنترۆڵ کردووە، ئەوان حیسابی هەندێ شتی دیکەشیان کردووە، ئەویش ئەوەیە کە رەنگە ئێستا کەش و هەوا بۆ ئەوان لەبار بێت کە فڕۆکەکانی عێراق نەتوانن گورزیان لێ بوەشـــێنن، بەڵام لە ماوەیەکی نزیکدا هێزەکانی عێراق و حەشـــدی شەعبی دەتوانن ئەو رێگەیان پێ چۆڵ بکەن.

*** لە ئێستادا زۆر باسی رزگارکردنی موسڵ دەکرێت، ئایا پێتوایە ئەم پرۆســـەیە سەرکەوتن بەدەست دێنێت و ئەو تەگەرە و ئاســـتەنگانە چین لە بەردەم رزگارکردنی ئەم شارەدان؟**

- مـن لەو بـاوەڕەدا نیم رزگارکردنی ئەو شـارە بەو ئاسـانییە بێت، ئەوە بۆ دوو مانـگ دەچێت باس لە رزگارکردنی رومادی دەکرێت و هەموو رۆژێك لێدوانمان گوێ لێ دەبێت لە شارەزایان و فەرماندە سەربازییەکان و بەرپرسـان کە رزگار دەکرێت و دڵی خەڵکەکە خۆش دەکەن، بەڵام وا دەبینن تا ئێسـتا تەنیا هەندێ تۆپباران دەسـتی پێکردووە، کە ئەمەش لە رووی سەربازییەوە بە هێرش دانانرێت، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە هەر یەکێك هەڵدەسـتێ لێدوان دەدات، فڵانە رۆژ دەسـت دەکرێ بەو ئۆپەراسـیۆنە، یان ئەو هێرشە، لە هیچ شەڕێکی پارتیزانی، یان سیسـتماتیکی دەوڵەتان ئەم شتە نییە، ئاخر بە دەسـتی خۆمان بە دوژمن دەڵێین، ئاگات لێ بێت بەم زوانە دێینە سـەرت و هێرش دەست پێدەکەین. چۆن دەبێت پلانی سـەربازی ئاشـکرا بکرێت، ئەدی دوژمن کاردانەوەی چی دەبێت؟ بێگومان ئامادەسازیی خۆی دەکات. بۆیە رزگارکردنی موسـڵ زۆر سەخت و زەحمەتە و پێویسـتی بە توانای زۆری سـەربازیی هەیە، لە چەك و ئامێـر و تەقەمەنی، هاوکات هێزی ئاسمانی و هەماهەنگیی تەواو لە نێوان هێزی زەمینی و ئاسمانی، لەگەڵ توانای ناوخۆی شارەکە و هاوکاریی دانیشـتووان، بۆیە کات و رێوشـوێنی زۆر گرنگ و هەسـتیاری دەوێت، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ئەم کارە پێویسـتی بە بەردەوامبوون هەیـە، واتا قۆناغی یەکەم کە تەواودەبێت، نابێ راوەسـتن، بەڵکو قۆناغی دووەم و پشـتیوانیی زەمینی و ئاسمانی بە بەردەوامی هەبێـت، لە هەمووی گرنگتـر ورەی چەکداران و ئەو هێزانەی بەشداری تێدا دەکەن.

*** دەگوتـرێ بۆ ئەم ئۆپەراسـیۆنە هـاوکاری تەواو لـە نێوان هێزەکانی عێراقی و هێزەکانی پێشـمەرگەی کوردستان دەکرێ، لەم بارەیەوە راتان چییە؟**

- ئەگـەر پشـتیوانیی تـەواوی پێشـمەرگە نەبێت، رزگارکردنی موسڵ ئاسان نابێت، چونکە هەموو لایەك دەزانێـت کە پێشـمەرگە توانایـی و ورەیەکی بەرزی شـەڕکردنیان هەیە و زیاتر خۆڕاگرن، پاشـان ئەوانن لە رووی جوگرافیشـەوە شـارەزاییان هەیە لە زەمین و رێگەوبان و شـوێنەکان بە گشـتی بە بەراورد لەگەڵ هێزەکانی عێراقی کە خەڵکی ناوەڕاسـت و باشـووری عێراقـن، جگە لەمەش پێشـمەرگە توانای بەرگرییان هەیـە و ئەزموونێکی دیـار و بەرچاویـان هەیە، لە هەموو شەڕەکاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە و چەك و تەقەمەنی پێشـکەوتوویان هەیە، نزیکترین نموونەش بەشداریکردنیان بوو لە ئۆپەراسیۆنی (حەویجە) لەگەڵ هێزە ئەمریکییەکان کە بۆ هەموو خەڵکیان سەلماند کە توانای شەڕ و بەرگری و خۆڕاگرییان هەیە.

*** سەبارەت بەو هەزاران کەسەی دانیشتووانی موسڵ، چارەنووسـیان چۆن دەبێـت؟ ئایا زیانیـان پێدەگات بەتایبەتیش لەبەر بۆردومانی فڕۆکە؟**

- من پێموایە شەڕەکە زیاتر لە ئاقار و دەروبەری موسڵ دەبێت، واتا زیاتر لەو شوێنانە چڕدەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی داعش کە زانی ئەو هەموو هێزەی پێشمەرگە و سوپای عێراق و حەشـدی شـەعبی هێرش دێنن، ناچار دەبێ هێزێکی زۆری بکێشێتەوە لە موسڵ و بەرەو (رەقە)یان بەرێت، بەڵام چاکتروایە سەرەتا شنگال و تەلەعفەر ئەو شوێنانە ئازادبکرێن تاکو رێگە لە هەڵاتن و کشانەوەی داعش لە موسڵ بگیرێت، بۆیە شەڕی ناو شار سنووردار دەبێت و ئەوەندە ناخایەنێت و یەکلایی دەبێتەوە.

*** بـەڵام بەپێی راپـۆرت و زانیارییـەکان ئەوەیە کە هەنگاوی یەکەم لە دابڕانی پێوەندیی نێوان موسـڵ و سـووریا لەلایەن هاوپەیمانانەوە دەست پێ دەکات، ئەمە تا چەند راستە؟**

- زۆر چیرۆك و قسـە لەسـەر ئەمـە هەیە، هەندێك دەڵێن هاوپەیمانان بە بۆردوومانی بەردەوام ئەم پرۆسەیە سەردەخەن، یان بە پشتیوانیکردنی هێزی زەمینی، بەڵام من پێموایە ئەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دەیکات لە رووی هێرشـە ئاسمانییەکان زۆر کەمە و کەموکورتیی تێدایـە و بە پچڕپچڕ پلانەکانـی جێبەجێ دەکات، لە ئێستادا رووسیاش هاتە سەرخەت و لە سووریا پرۆسەی سـەربازی ئەنجام دەدات، بەمەش هاوسەنگیی هێزی گۆڕیـوە، کـە تا رادەیـەك بەشـداری دەکات و زۆر ئامانجی پێکاوە، بۆیە پێویسـتە عێراق سوودێکی زۆر لـەو هاوکارییەی هاوپەیمانـی نێودەوڵەتی وەربگرێت، چ لـە ئەمریکا یان لە هاوپەیمانییـە چوارقۆڵییە، بۆ ئەوەی بتوانێت تا رادەیەك لە رووی سەربازییەوە هەندێ سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

*** دوا پرسیار ئەوەیە ئایا داعش لە رووی ئاست و ورەی شەڕکردنی سەربازییەوە دابەزیوە و توانای بەرگریکردنی وەك جاران نەماوە؟**

- لە راسـتیدا ئەم زانیارییە سـەربازییانە زۆر روون و ئاشکران، لە ئێسـتادا داعش لەبەر گورزی ئاسمانیی رووسـیا لە رەققـە زیانی زۆریان پێگەیشـتووە، بۆیە دەبینیـن هێزو چەکەکانیـان لەوێدا دەکێشـنەوە و بۆ عێراقی دەگوازنەوە، لەبەر ئەوە پێویستە عێراق وریا بێت و بزانێت کە رەنگە شەڕی داهاتوو چارەنووسساز بێت و بێ گومان زیانی زۆریشی لێدەکەوێتەوە، بۆیە پێویستە لەم رووەوە ئامادەباشـیی تەواو بکرێت تاکو بتوانن بەرەو رووی ئەو هێزەی داعش ببنەوە.

**داعش بەو چەک و پێداویستییە سەربازییەی هەیەتی، هەروەها پشتیوانی ناوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی توانیویەتی تا رادەیەک بەرگری بکات**

**داعش لەبەر گورزی ئاسمانیی رووسیا لە رەققە زیانی زۆریان پێگەیشتووە، بۆیە دەبینین هێزو چەکەکانیان لەوێدا دەکێشنەوە و بۆ عێراقی دەگوازنەوە**

**پێویستە عێراق وریا بێت و بزانێت کە رەنگە شەڕی داهاتوو چارەنووسساز بێت و بێ گومان زیانی زۆریشی لێدەکەوێتەوە، بۆیە پێویستە لەم رووەوە ئامادەباشیی تەواو بکرێت تاکو بتوانن بەرەو رووی ئەو هێزەی داعش ببنەوە**

## هەرێمی کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە..

# چۆن دەکرێ چارەسەریان بکات؟



کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەو کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییانەی هەرێمی کوردستان رووبەڕوویان دەبێتەوە، هەمان شێوەو سروشتی ئەوانەی بەشی عەرەبیی عێراقن، تەنیا لە یەك پرسدا نەبێت، ئەویش ئەو سەقامگیرییەیە کە لە هەرێمدا هەیەو لەوی دیکەدا نییە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە سیستەمی ئێرە نیمچە عەلمانییە، بەڵام ئەوەی عێراق بێ سەر و بەرە، بەڵام ئایا ئەو سیستەمە نیمچە عەلمانییە بە رووە مرۆیی و پراکتیکییەکەیەوە بەسە بۆ ئەو کۆمەڵگەیە؟ هەموو بەڵگەکان کە مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان هەستیان پێ دەکات ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم کۆمەڵگایە چی دیکە ئەم واقیعەی ناوێت و تەنیا ئاسایشی بەس نییە، بەڵکو چاك دەرك بەوە دەکات کە دەرفەتگەلێکی زۆر و گرنگ و خێرا هاتۆتە پێش، بەڵام سیاسەتە ناواقیعی و نادروستییەکەی هەرێم لە دەستی داون، کە وا پێویست دەکات چاویان پێدا بخشێنرێتەوە، چونکە بە بێ گۆڕانکاریی، بارودۆخەکە روو لە خراپی دەکات و دواتر کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر حوکمڕانان و حزب و لایەنە سیاسییەکانی ئەم وڵاتەی لێدەکەوێتەوە، ئەوەی روو بکاتە ئەو هەرێمەی کوردستان ناتوانێت ئەوە نادیدە بگرێت کە واقعی هەرێم پێویستە وەك خۆی باس بکرێت و ناکرێ پشتگوێی بخرێت، ئەگەر نا حەزی لە گۆڕانکاریی نییە یان دەبێتە بەشێك لەو کاربەدەستانەی کە کاروبارەکان بەڕێوەدەبەن.

ئەرکی هێزو حزبە سیاسییەکانی کوردستانە کە ئەمڕۆ باس لە پرەنسیبی هەڵبژاردنی سەرۆك هەرێم دەکەن، ئەمە کارێکی گرنگەو زۆریش پێویستە بۆ بنیادنانی دیموکراسییەت، پێویستە بەر لە هەموو شتێك گفتوگۆبکەن لەسەر هەندێ پرسی دیکەی گرنگ کە پەیوەستن بە هەموو نەتەوەکانی ئەم وڵاتە، من کاتێ ئەوە دەڵێم پێوەندییەکی دۆستایەتیم لەگەڵ گەلی کورد و هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئەم هەرێمەدا هەیە، داوا لە هەموو حزبە فەرمانڕەواو ئەوانەی دەرەوەی حوکمڕانیی دەکەن جارێکی دیکە خوێندنەوە بۆ رەوشی عێراق و هەرێمی کوردستان بکەنەوە بە دیدێکی هۆشیارانەی بەرپرسانە، بە شێوەیەك راستگۆ بن لەگەڵ خۆیان و گەلەکەیان و دڵسۆز بن بۆ بنیادنانی داهاتوویەکی گەش بۆ عێراق و هەرێم، لەمەشدا ئەم رێچکانە راست بکەنەوەو پەیڕەویان بکەن لەوانەش، شێوەی پێوەندیی گرژیی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵ کە بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی زۆرو هەڕەشەی نێوانیان کە هیچ سوودێکی لێ نابینرێت، لێرەدا ئاماژە بە هەندێ خاڵ دەکەین:

١- مەسەلەی هەڕەشەی بەردەوام بە جیابوونەوە لە عێراق، لە کاتێکدا کە هەرێم مافی خۆشیەتی، چونکە مافی چارەنووس چەسپاوەو هەموو رێکەوتننامەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان دووپاتی دەکەنەوە، کەواتە بۆچی بەردەوام هەڕەشەکردن بەم ئاماژەیە، لەکاتێکدا کە نە هەلومەرج و نە بارودۆخی خۆماڵی ونێودەوڵەتی و ئیقلیمی رێگە بەم هەنگاوە دەدات، من پێموایە تەنیا ختوکەدانە بە هەست و سۆزی کورد و بێزارکردنی عەرەبە قەومچییەکان و ئیسلامیە سیاسییەکانە لە شیعەو سوننەو هیچی دی، بۆیە لەم قۆناغەدا ئەمە پێویست نییە، چونکە لە هەردوو حاڵەتدا جۆرە شکست و نائومێدییەك لای کورد دروست دەکات و هەمیش دوژمنایەتی خەڵکانی دیکە زیاتر دەکات.

٢- پرسی گرێبەستەکانی نەوت کە حکومەتی هەرێم واژۆی کردوون و دواتر بوونە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی نێوان هەردوو حکومەتی فیدڕاڵ و هەرێم، ئەویش بەهۆی بە کردەنیی سەرپێچیکردنی دەستووری عێراق و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە پێویستن بۆ یەکێتیی هەڵوێستی عێراقی عەرەبی و کوردی لە هەمبەر وتووێژەکان و واژۆکردنی گرێبەستەکان لەگەڵ کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانی نەوت کە وا پێویست دەکات لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراقدا بێت.

٣- نەبوونی هەموو شێوەیەکی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێم و فیدراڵدا، هۆکارەکەشی بەتەنیا ناخرێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمەوە، بەڵکو حکومەتی فیدڕاڵیش پشکی زۆرتری بەردەکەوێت، بەڵام رۆڵی حکومەتی هەرێم لە راستکردنەوەی پێوەندییەکە و نواندنی نەرمیی پێویست چییە؟ هەروەها لە فشارخستنە سەر ئەو لایەنانەی لەنێو حکومەتی فیدڕاڵدا بەمە قایل نییە، هاوکات رازیکردنی گەلانی عێراق بە راستیی هەڵوێستەکانی هەرێمی کوردستان.

٤- پشتبەستنی بێ پاساو و لێکدانەوەی بەهەڵەو ناپاسندی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ناکۆکیی شیعە-سوننە بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی هەرێم، لە کاتێکدا کە پێویستە بەرژەوەندییەکانی هەرێم بەشێك بن لە بەرژەوەندییەکانی هەموو عێراق، ئەمەش بە یەکێتیی کۆمەڵگای عێراقی دێتەدی بە عەرەب و کورد و تورکمان و کلدۆئاشووری و سریان و هەموو شوێنکەوتووانی ئایین و ئایینزاکان کە ئەگەر بە دیدگایەکی تەسك بەکاربهێنرێن بۆ هەمووان خراپ بێت، هەروەك چۆن سەرۆکی پێشووی حکومەتی عێراق گرتییەبەر کە بریتی بوو لە تایفەگەریی کوشندەو شۆڤینی دژ بە کوردو نەتەوەکانی دیکەی عێراق.

## ● بەهەڵە پشتبەستن بە هەوڵ و بۆچوونەکانی دەرەکی

بەدرێژایی مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە عێراق لە ساڵی ١٩٢٦ تاکو ١٩٩١ چەندین وانەی گرنگمان دەست دەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە پێویست ناکات پشت بە دەوڵەتانی بیانی ببەستین لە وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی گەل. چونکە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکان دادەمەزرێن نەك لەسەر (خۆشەویستی ئاڵوگۆڕکراو)! بەم شێوەیە بووە بەر لە ساڵی ١٩٧٥ و رێکەوتننامەی شومی جەزائیر، بەڵکو پێویستە پشت بەستن بە هاوپەیمانیی عەرەبی — کوردی و هەموو نەتەوەکانی دیکەی عێراق و دەرەوە بە هۆکاری لاوەکی دابنرێت، نەك هۆکاری سەرەکی لە بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکەی هەرێم.

## ● پێوەندیی نێوان حزبە کوردستانییەکان

لەو وانەو پەندە گرنگانەی کە پێویستە بزاڤی رزگاریخوازیی کوردی سوودی لێوەرگرتبن ئاماژەکردنە بە مەترسیی شەڕی ناوخۆی نێوان خودی هێزە کوردستانییەکان، ئەزموونی نێوان ساڵانی ١٩٦٤ تاکو ١٩٩٨ ئاشکرایە کاتێ ململانێ کەوتە نێوان باڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وردەوردە بوو بە کەمین و دواتر کوشتارهاتە ئاراوە، ئینجا شەڕی سەربازی دوای ساڵی ١٩٧٦، واتا دوای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرهەڵدانی هێزگەلێکی تازەی سیاسی کە زۆربەیان لە منداڵدانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەدایك بوونە، ئەو ململانێیە پەرەی سەند لەسەردەمی بزووتنەوەی پارتیزانی لە کوردستانی عێراق و مەینەتییەکانی شەڕی یەکەم و دووەمی پشتاشان، بە تایبەتیش لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، لە هەمووی تاڵتریش لە ساڵی ١٩٩٦/١٩٩٥ و ئەو دەرئەنجامە سەختەی دواتر هاتە ئاراوە بۆ هەموو گەلی کوردو خودی هێز و حزبە سیاسییەکان، ئەو دەرئەنجامانە بێ گومان گومان هەڵناگرن کە ململانێ و گرژیی نێوان هێزەکانی کوردستانی عێراق دەبێتە هۆی کاولکاری و ماڵوێرانیی و پەرتکردنی یەکێتیی ماڵی کورد، کە پێویست دەکات ئەو گەلە بیر لە کاری دیموکراسی و هەنگاو بەرەوە ئازادی و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ و نەتەوەکان بکاتەوە، من پێموایە ئەو حزب و لایەنە سیاسییانە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت پەندیان لەم وانانە وەرنەگرتووە و پشتیان نەبەستووە بە پرەنسیبی دیموکراسی و دەستووری مەدەنیی دموکراسی لە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانیاندا، بۆیە لە کۆتاییدا کاریگەریی دەبێت بۆ سەر کۆمەڵگای کوردەواری و ئەو دەستکەوتانەی لە رابردوودا هاتوونەتەدی، بۆیە ناکرێ یەکێتیی هێزەکان و هاوکاریی نێوانیان بچەسپێنرێت مەگەر بە سەروەریی ئازادییە گشتییەکان و پابەندبوون بە دەستوورو دیموکراسی و مافەکانی گەل و نەتەوە بچووکەکان، هاوکات هاتنەکایەی هێزی رکابەری دیموکراتیخواز کە حوکمڕانیی وڵات بکەن لەگەڵ بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی دروست و بابەتیانە و هۆشیار.

## ● مافە نەتەوەییەکان

گەلی کورد لەوەتەی ساڵی ١٩٢٦ بە دەست ستەم و جەوری حوکمڕانە شۆڤینییەکانی عەرەبەوە ناڵاندوویەتی، بەتایبەتیش لە سەردەمی حوکمڕانیی بەعسی شۆڤینی،

ئەوەی روو بکاتە ئەو هەرێمەی کوردستان ناتوانێت ئەوە نادیدە بگرێت کە واقعی هەرێم پێویستە وەک خۆی باس بکرێت و ناکرێ پشتگوێ بخرێت، ئەگەرنا حەزی لە گۆڕانکاری نییە، یان دەبێتە بەشێک لەو کاربەدەستانەی کە کاروبارەکان بەڕێوەدەبەن

داوا لە هەموو حزبە فەرمانڕەوا و ئەوانەی دەرەوەی حوکمڕانیی دەکەین جارێکی دیکە خوێندنەوە بۆ رەوشی عێراق و هەرێمی کوردستان بکەنەوە بە دیدێکی هۆشیارانەی بەرپرسانە، بە شێوەیەک راستگۆ بن لەگەڵ خۆیان و گەلەکەیان

پرسی گرێبەستەکانی نەوت کە حکومەتی هەرێم واژۆی کردوون و دواتر بوونە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی نێوان هەردوو حکومەتی فیدڕاڵ و هەرێم، ئەویش بەهۆی سەرپێچیکردنی دەستووری عێراق و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بوو

که به هەموو شێوەیەك سیاسەتی پەراوێزخستن و جیاخوازی و شەڕوشۆڕی پەیڕەودەکرد، ئەویش لەبەر ئەوەی کورد داوای مافی ڕەوای نەتەوەیی خۆیان دەکرد، بەڵام گەلی کورد لە ساڵی ١٩٩١ گەورەترین دەستکەوتی هێنایەدی بە خەبات و قوربانیدان، کاتێ فیدراڵیی کوردستانی ڕاگەیاند لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بۆیە پێویستە هەموو هێزە سیاسییەکانی حوکمڕان ئەمە لەبەرچاوبگرن، هاوکات ئەو میللەتانەی دیکەش کە لەگەڵ کورددا دەژین خاوەن مافی خۆیانن و هەرێمیش بە هیچ شێوەیەك گۆڕانکاریی دیمۆگرافی ئەنجام نەداوە بەرامبەر دانیشتوانی کریستیان، هەروەك چۆن لە کەرکوك بەرامبەر بە کورد کرا.

### ● نەبوونی پەرەپێدانی ئابووری

کاتێ باس لە پەرەپێدانی ئابووری دەکەین مەبەستمان ئەو باڵەخانەو خانووە جوانانە نییە، یان هاوردەکردنی کاڵاو شمەکی بەکاربردن و پڕکردنەوەی بازاڕ بەو کاڵایانە، بەڵکو مەبەستمان لێرەدا مەبەستمان لە پەرەپێدانی ئابووریی سەرتاپاگیرو دامەزراندنی پڕۆژەکانی بنیادنانی ژێرخان و پڕۆژە ئابوورییەکانی بەرهەمهێنانە لە پیشەسازی و کشتوکاڵ و تەرخانکردنی ڕێژەیەکی گرنگی داهاتی نەتەوەیی بۆ وەبەرهێنان کە یاریدەدەری کۆکردنەوەی سەرمایە و هەمەجۆرکردنی ئابووریی نیشتمانییە، هەروەها گۆڕینی بنیادی قازانجی نەوت و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتی نەتەوەیی و زیادکردنی کار بۆ بێکاران لە دامەزراوە پیشەسازییەکاندا و لە پڕۆسەی تازەی کشتوکاڵدا لە پێناو دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئەگەر کاڵاو شمەك هاوردەش بکرێت شتێکی خراپ نییە بەمەرجێ زیان بە پەرەپێدان و بەرهەمی خۆماڵی نەگەیەنێت، بەڵام ئەم هاوسەنگییە لە هەرێمی کوردستان هێشتا کامڵ نەبووە، چونکە ئەو ئاراستەو بۆچوونە لیبڕالییەی ئێستای هەرێم کوردستان لە بواری ئابووریدا بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ سروشت و ئاستی پێداویستییەکانی پەرەپێدانی ئابوریی هەرێم و تەنانەت عێراقیش ناگونجێت. بۆیە ئەو قەیرانە داراییانەی لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستاندا سەریان هەڵداوە، هەموویان دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە چەوتانەیە کە کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر یەکەیان بە پێی کات و دەرفەتی خۆیان لەوەتەی ساڵی ١٩٩١ەوە پیادەیان کردووە، بۆیە ئەو واقیعە نەرێنییە لە بەرژەوەندیی گەلی هەرێمدا نییە بە هەموو پێوەرێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەبەر ئەوە پێویستە چاو بخشێنرێتەوە بە یاساکانی ئابووری تاکو بتوانرێت هەرێم لەو قەیرانە ئابووری و داراییە ڕزگاربکرێت.

### ● ئاسایش و سەقامگیریی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی

بێگومان دامەزراوەکانی ئاسایشی ناوخۆ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پاراستنی هاووڵاتیان دژ بە تێکدانی هێزەکانی تیرۆر و بێ ئەو دامەزراوانە ئەستەمە بگەینە ئاسایشێکی سەقامگیر و وەستان دژ بە تیرۆریستان، بۆیە بە شانازییەوە دەزگاکانی ئاسایشی کوردستان سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەربکرێت و ئاماژەی پێ بکرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەم هێزانەی ئاسایش لە سیاسەت بەدوور بن، چونکە ئەو هێزانە بۆ ئەوە درووست بوونە کە پارێزگاریی لە ناوخۆی وڵات بکەن هەروەك چۆن هێزی پێشمەرگە بەرگریی لە خاکی نیشتمان دەکات، نابێ ئەو هێزانە دەست وەربدەنە کاروباری سیاسیی ڕۆژانەی حزب و لایەنە سیاسییەکان، هەروەها لە ئازادیی ڕادەربڕین و بیروبۆچوونی هاووڵاتیان، هەرچەندە تا ڕادەیەکی باش ئەمە پەیڕەوکراوە، بەڵام هێشتا پێویستمان پێیەتی، هیوادارم سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆشش بکەن بۆ ئەوەی ئەو هێزو دامەزراوانەی ئاسایش و هێزی چەکدار دوور بن لە کاروباری سیاسیی و هاووڵاتیان، بۆیە ئەگەر ئەمە زیاتر جێگیر بوو ئەو کاتە کۆمەڵگای کوردەواری زیاتر پەرچەکرداری ئەرێنی و سۆزو ئینتیمای لەلا دروست دەبێت، لەوەش چاکتر ئەگەر هێزەکانی ئاسایش بە تەواوی ڕێك بخرێن. من کاتێ باس لەم بۆچوونانەم دەکەم بە سێ پرسی سەرەکییان دەبەستمەوە:

یەکەمیان گرنگیی پشت بەستن بە پرەنسیبەکانی دیموکراسی کە لەنێو کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسیدا بوونیان هەیە، هاوکات هێنانەکایەی حوکمی دیموکراسیی چاك و لەبار کە گوزارشت لە ویست و بەرژەوەندییەکانی گەل بکات.

دووەمیان بەتەنگەوەهاتنم لە ئاست دوورخستنەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان لە کێشەو ململانێی بەحەق یان بێ پاساو کە زیان بە هەموومان دەگەیەنێت، بۆیە من لەو باوەڕەم کە پێویستە حوکمڕانییەکی دیموکراسی لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان بێتە ئاراوە بۆ بنیادنانی عێراقێکی گەشاوە لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.

سێیەمیان سووربوون و بەتەنگەوەهاتنم بۆ ڕێزگرتن لە ویست و بەرژەوەندییەکان و ئایندەی هاوکاری و هەماهەنگی و تەواوکاریی نێوان هەموو نەتەوەکانی عێراق، لەگەڵ هیواو خۆزگەی من لە پێشەوەی هەمووان بۆ ئەوەی ئاسوودەیی و سەقامگیری و گەشانەوەو پێشکەوتن باڵ بەسەر هەموو عێراق و هەرێمی کوردستاندا بکێشێت.

گەلی کورد لە ساڵی ١٩٢٦ەوە بە دەست ستەم و جەوری حوکمڕانە شۆڤینییەکانی عەرەبەوە ناڵاندوویەتی، بەتایبەتیش لە سەردەمی حوکمڕانیی بەعسی شۆڤینی، کە بە هەموو شێوەیەک سیاسەتی پەراوێزخستن و جیاخوازی و شەڕوشۆڕی پەیڕەودەکرد، ئەویش لەبەر ئەوەی کورد داوای مافی ڕەوای نەتەوەیی خۆیان دەکرد

بە درێژایی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە عێراق لە ساڵی ١٩٢٦ تاکو ١٩٩١ چەندین وانەی گرنگمان دەست دەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە پێویست ناکات پشت بە دەوڵەتانی بیانی ببەستین لە وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی گەل

دامەزراوەکانی ئاسایشی ناوخۆ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پاراستنی هاووڵاتیان دژ بە تێکدانی هێزەکانی تیرۆر و بێ ئەو دامەزراوانە ئەستەمە بگەینە ئاسایشێکی سەقامگیر و وەستان دژ بە تیرۆریستان



مەلا یادگار سەید عەلی عەبدولواحید

پێشنوێژ و وتاربێژی مزگەوتی شێخ تەیب لە سلێمانی بۆ گوڵان:

# بۆ ئەوەی بگەینە کەناری ئارامی پێویستە هەموومان هاوکاریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەین

بارودۆخی ئێستای کوردستان پێویستی بە هێورکردنەوە هەیە، بەڵام هێورکردنەوە لەسەر بنەمای وەلانانی رق و کینە و کردنەوەی دەرگای خۆشەویستی و پێکەوەکارکردن، لەبەر ئەوەی لەم قۆناخە هەستیار و ناسکەی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، بێجگە لە یەکڕیزی و یەکتری قبووڵکردن، رێگەیەکی دیکە نییە پەنای بۆ بەرین. ئێستا کوردستان بەرامبەر دوژمنێکی دەرەکی و دڕندە بۆتەوە کە ئەویش تیرۆریستانی داعشە و درێژی ئەم بەرەیەی شەڕیش زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەترە، بۆیە ئەگەر ئامانجی هەموومان و هەموو حزبە سیاسییەکان لەم قۆناخەدا تێکشکانی تیرۆریستان و سەرکەوتنی پێشمەرگە لەم شەڕە نەبێت، ئەوا ئەو دەرفەتەی بۆمان هاتۆتە پێشەوە لە دەستمان دەچێت. لەم بوارەدا مامۆستایانی ئایینی ئەو توێژە دیارە کۆمەڵگەن کە رۆڵێکی کاریگەریان هەیە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم لایەنە هەستیارە کە ئەرکی سەرشانی هەر هاووڵاتیەکی کوردستانە. بۆ زیاتر تاوتوێکردن و قسەکردن لەسەر ئەو بابەتەش، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ مامۆستا یادگار سەید عەلی عەبدولواحید پێشنوێژ و وتاربێژی مزگەوتی شێخ تەیب لە سلێمانی سازکرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.

*** مامۆستایانی ئاینی توێژێکی دیار و کاریگەری ناو کۆمەڵگەی کوردستانن و هەموو کات لەسەر بارودۆخی سیاسی کوردستان قسەی خۆیان هەبووە، بۆیە پرسیارەکەمان لەو خاڵەوە دەست پێدەکەین ئایا ئێوە چۆن سەیری بارودۆخی ئێستای کوردستان دەکەن و چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم ئاژاوەو ناسەقامگیرییە کۆتایی بێت؟**

- بە ناوی خوای بەخشەندە و میهرەبان. من ئەم بارودۆخەی کوردستان وەك برینێك دەبینم کە لە ئێستادا هەوکردنێکی زۆری کردووە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت ئەم برینە چارەسەر بکەین، ئەوا دەبێت هەوڵبدەین سەرەتا ئەو هەوکردنە نەمێنێت، ئەوجا باس لە چارەسەرکردنی بکرێت. بۆیە پێویستە لە ئێستادا هەوڵەکان بۆ ئەوەبن بارگرژی و هەڵچوونەکان خاو بکرێنەوە بۆ ئەوەی ژینگەیەك بێتەئاراوە کە بتوانین تێیدا باس لە کێشەکان بکرێت و رێز لە را و هەوڵەکانی بەرامبەر بگیرێت، هەروەها پێویستە سوود لە شێوازی حوکمڕانیی دەوڵەتانی دیکەی جیهان وەربگرین، کە نزیکترینیان تورکیایە. لە تورکیا حزبی عەلمانی و ئیسلامی و نەتەوەپەرست بوونیان هەیە، هەمووشیان رێز لە یەکتری دەگرن و بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن و رێزی ئاکامی هەڵبژاردنەکانیش دەگرن، سەرەنجام هەموو ئەمانە خزمەت بە تاك بەتاکی کۆمەڵگەی تورکیا دەکەن، حزبەکانی ئێمەش دەبێت بە هەمان شێوە رەفتار بکەن. واتە شێوازی بیرکردنەوەی سیاسییان هەرچۆنێك بێت و چەند لە یەکتری جیاواز بن، دەبێت رێزی یەکتری بگرن. ئەوەی لای من سەیرە ئەوەیە بۆچی حزبەکانی کوردستان ناتوانن خۆیان کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن؟ بۆچی دەبێت هەموو کات لایەنێکی دەرەکی، یان دەوڵەتێکی دەرەکی بێنە نێوانیان بۆ ئەوەی کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات و سەرەنجامیش کۆمەڵێك مەرجی خۆی بەسەریاندا فەرز بکات؟ بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە بارودۆخەکە هێور بکرێتەوە بۆ ئەوەی ژینگەیەك دروست بێت، حزبەکان بتوانن دانوستاندن بکەن و سازش بۆ یەکتری بکەن. حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ئێستادا گرنگە خۆیان رووبەڕووی ئەو پرسیارە بکەنەوە، بۆچی سەد ساڵە خەبات دەکەین و خوێن دەبەخشین، کەچی هەتا ئێستا نە خاوەنی ئاڵای خۆمانین، نە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمانین؟ من پێموایە هەموو نەتەوەیەك دوو دوژمنی سەرەکی هەیە، دوژمنێکیان دەرەکییە، ئەوی دیکەیان دوژمنی ناوخۆییە و پێوەندی بە نەفسی خۆمانەوە هەیە. دوژمنی یەکەمیان زۆر ترسناك نییە، ئەگەر کێشەی ناوخۆیی نەبێت، بەڵام دووەمیان کە دوژمنی ناوخۆییە زۆر بەهێزە و دەبێت زاڵ بین بەسەریدا، سەبارەت بەم لایەنە پەروەردگار دەفەرمووێت: «قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاس. مَلِكِ النَّاسِ. إِلَهِ النَّاسِ. مِن شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ. الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ.» سەیر بکەن بۆ ئەم دوژمنە ناوخۆییە چەندجار پەنا بۆ پەروەردگار دەبات، بەڵام بۆ دوژمنی دەرەکی پەروەردگار دەفەرموێت: «قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ (١) مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ (٢) وَمِنْ شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ (٣) وَمِنْ شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ (٤) وَمِنْ شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ». سەیر بکەن لە میاندا یەکجار پەنا بۆ پەروەردگار براوە. بۆیە من دەڵێم لە کوردستاندا هیچ لایەك دوژمن نییە، هەمووومان برای یەکین و ئەگەر لایەنێك بدۆڕێت، هەموومان دەدۆڕێین و ئەگەر لایەنێك بیباتەوە، هەموومان براوە دەبین.

*** ئەگەر لێرەوە باسی رێکخراوی تیرۆریستانی داعش بکەین، کە ئێستا دوژمنە دەرەکییە گەورەکەیە، ئایا چۆن سەیری ئەم دوژمنە ترسناکە دەکەیت، بەتایبەتی کە هەڕەشەیەکی گەورەی لەسەر کوردستان دروستکردووە؟**

- وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، تیرۆریستانی داعش دوژمنی دەرەکین، ئەگەر کێشەی ناوخۆییمان نەبێت، دوژمنی دەرەکی زۆر ترسناك نییە، من هیچ کاتێك دوژمنی دەرەکیم بە مەترسیی گەورە نەزانیوە، تەنانەت رژێمی سەدام حوسێن کە ئەنفال و کیمیابارانی کردین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دوژمنی دەرەکی تەنانەت ئەگەر خاکیشمان داگیربکات، ئەگەر ئێستا نەتوانین لێی بسەنینەوە، ئەوا نەوەکانی ئایندە هەر ئازادی دەکەن و لێی دەسەننەوە، بۆیە ئەگەر خۆمان یەکهەڵوێست و یەکڕیز بین و خۆمان لە ناوخۆمان یەکتری قبووڵ بکەین و کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین، داعش چەند بەهێز بێت، ئەوا لە بەردەم ئیرادەی ئەم میللەتە ناتوانێت خۆی رابگرێت، بۆیە ئێستا شەڕی تیرۆیستانی داعش دووبەرەیە، بەرەیەکیان بەرەی سەربازییە و لەم بەرەیەدا پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر شەڕی داعش دەکەن و خوای پەروەردگار هیدایەتی داون و سەرکەوتنی گەورەیان بەسەر ئەو تیرۆریستانەدا بەدەستهێناوە، لەم بەرەیەدا ئەوان بە چەك و ئاگر هێرشمان دەکەنە سەر و پێشمەرگەش بە چەك و ئاگر تێکیان دەشکێنێت، بەڵام بەرەی دووەم، بەرەی شەڕی فیکرییە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، لەم بەرەیە دەبێت زیاتر مامۆستایانی ئایینی پێشەنگ بن و رووبەڕووی ببنەوە، سوپاس بۆ خوا مامۆستایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەم بوارەدا رۆڵێکی هێجگار باشیان گێڕاوە. بەڕێز مامۆستا عەلی قەرەداخی پێشنیارێکی کردبوو، کە ژمارەیەك لە سەرکردەکانی داعش بێن لەگەڵ کۆمەڵێك زانای ئیسلامی دابنیشن بۆ ئەوەی پێیان بڵێن کە ئەوان هەڵەن و ئەوەی دەیکەن پێوەندی بە ئیسلامەوە نییە، بەڵام داعشەکان بەدەنگ ئەم داوایەوە نەهاتن، ئەم نموونەیە نیشانەی ئەوەیە کە زۆر گرنگە لە رووی فیکرییەوە تیرۆریستانی داعش تێکبشکێندرێن.

**ئەگەر لە ناوخۆمان یەکگرتوو بین و کێشە لاوەکی و ناوخۆییەکانمان چارەسەر بکەین، ئەوا ساڵی ٢٠١٧ تێناپەڕێت دەبینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان و ئاڵای کوردستانی سەربەخۆ دەشەکێتەوە**

**بەڕێز مامۆستا عەلی قەرەداخی پێشنیارێکی کردبوو، کە ژمارەیەک لە سەرکردەکانی داعش بێن لەگەڵ کۆمەڵێک زانای ئیسلامی دابنیشن بۆ ئەوەی پێیان بڵێن کە ئەوان هەڵەن و ئەوەی دەیکەن پێوەندی بە ئیسلامەوە نییە، بەڵام داعشەکان بەدەنگ ئەم داوایەوە نەهاتن**

**بەشداریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی حزبە سیاسییەکانی دیکەش لەم شەڕەی داعشدا، بووە هۆکاری ئەوەی ئاراستەی شەڕەکە بگۆڕێت و پێشمەرگە زیاتر بجەنگێت و سەرکەوتن تۆمار بکات**

**پێویستە سەرۆک دەسەڵاتی هەبێت و بەرامبەر دەسەڵاتەکانی بەرپرسیار بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر سەرۆک دەسەڵاتی نەبێت، ناتوانێت کارەکانی سەرشانی ڕاپەڕێنێت**

**حزبەکانی ئێمە کەموکورتیان ئەوەیە، لەسەر بنەمای ئەوەی کێ دەنگی زۆر دەهێنێت، کاندید بۆ پەرلەمان دیاری دەکەن، نەک لەسەر بنەمای ئەوەی تاچەند ئەو کاندیدە سیاسەتمەدارە و ئەزموونی هەیە**

**لە ناو هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا خەڵکی زۆر باش و دەست پاک و نیشتمانپەروەر بوونی هەیە، لەبەرامبەریشدا لەناو هەموویاندا خەڵکانی گەندەڵ و نابەرپرسیاریش بوونی هەیە، بۆیە لێرەدا کێشەکە ئەوە نییە حزبەکە بە چ ئایدیایەک سیاسەت دەکات، کێشەکە ئەوەیە چۆن خەڵکی گەندەڵ و نابەرپرسیار دوور دەخرێتەوە**

*** ئەم لایەنەی کە پێی دەڵێن شەڕی فیکری دژی تیرۆریستانی داعش، ئایا پێویست نەبوو وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاوی تێدا بگێڕێت؟ لەم ڕووە پێتوانییە وەزارەتی ئەوقاف کەمتەرخەم بووە؟**

- من قسە لەسەر کەموکورتیی وەزارەتی ئەوقاف لە کابینەیەکی دیاریکراودا ناکەم، بەڵکو پێموایە لە هەموو کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، وەزارەتی ئەوقاف کەموکورتی هەبووە و لە ئاستی پێویستدا نەبووە، دەبوو زیاتر بایەخ بە مامۆستایانی ئایینی بدرایە، لەبەر ئەوەی مامۆستایانی ئایینی بەردەوام لەناو خەڵکدان و ڕۆژانە چەندین جار پێشنوێژیی دەکەن و ڕۆژانی هەینی گوتار دەدەن، لەم لایەنەوە وەك پێویست بایەخیان پێنەدراوە، لایەنێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم، ئەوەیە هەموو دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان هەوڵیانداوە سوود لە ئایین وەربگرن بۆ سەرکوتکردن و چەوسانەوەی نەتەوەی کورد، بەڵام کورد خۆی سوودی لەم ئایینە پیرۆزە وەرنەگرتووە بۆ بەرەوپێشەوە بردنی دۆزە ڕەواکەی، بۆیە گرنگ بوو لە زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لیژنەیەك دروست بکرێت، بۆ ئەوەی سەردانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بکەن و ڕەوایەتیی کێشەی کورد بۆ ئەوان ڕوون بکەنەوە، هەروەها لەمەش زیاتر لەسەر ئاستی ناوخۆ دیسان مەلا و پیاوانی ئایینی کاریگەری زۆریان بۆ جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی ئەوقافەوە هەوڵ بدات مەلا و پیاوانی ئایینی لەخۆی دانەبڕێت، لەبەر ئەوەی مەلا و پیاوانی ئایینی هاوکارێکی باشی حکومەتی خۆیان دەبن و دەبنە هۆکارێك بۆ ئەوەی یاسا و بڕیارەکانی حکومەت باشتر لەناو خەڵکدا جێبەجێ بکرێت.

*** لە کوردستاندا چەندین حزبی ئیسلامی بوونیان هەیە، ئایا تاچەند لەگەڵ ئەوەی کە بەناوی ئایینەوە سیاسەت بکرێت؟**

- لای من هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان وەك یەکن و کە دوعاش دەکەم، دوعای خێر بۆ هەموویان دەکەم، ئەوجا سەبارەت بە حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان، کە من خۆم لەگەڵ هەموویان دانیشتووم و لە نزیکەوە دەیاناسم، ئەوان ناڵێن ئێمە بە ئایینی ئیسلام سیاسەت دەکەین، بەڵکو ئەوانیش وەك هەر حزبێکی سیاسیی دیکە سیاسەت دەکەن و بەشداری هەڵبژاردن دەکەن و دەچنە پەرلەمان، بەڵام ئایدیایەکی ئیسلامییان هەیە، ئەمەیان جیاوازە لەوەی کە ئایین بەکاربهێندرێت بۆ سیاسەت، یان بۆ بەرژەوەندیی حزبێك. ئەگەر ئەمە کرا، منیش ئەمەم پێ هەڵەیە، بەڵام حزبێکی سیاسی بە ئایدیایەکی ئیسلامی سیاسەتی خۆی دەکات، ئەمە کێشە نییە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە حزب کادری باش بۆ خزمەتی ئەو میللەتە پەروەردە بکات، ئەوجا ئەو حزبە ئیسلامییە، یان شیوعییە، یان نەتەوەیی ئەوە کێشە نییە، گرنگ ئەوەیە خەڵکانی گونجاو لە شوێنی گونجاو دابنرێن بۆ ئەوەی میللەتەکەمان سوودیان لێوەربگرێت. ئەوەی من تێبینم کردووە، لە ناو هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا خەڵکی زۆر باش و دەست پاك و نیشتمانپەروەر بوونی هەیە، لەبەرامبەریشدا لەناو هەموویاندا خەڵکانی گەندەڵ و نابەرپرسیاریش بوونی هەیە، بۆیە لێرەدا کێشەکە ئەوە نییە حزبەکە بە چ ئایدیایەك سیاسەت دەکات، کێشەکە ئەوەیە چۆن خەڵکی گەندەڵ و نابەرپرسیار دوور دەخرێتەوە.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کوردەواری خۆمان هەست دەکەین، هەموو کات ئاینیی ئیسلام سەرچاوەی لێبوردەیی و پێکەوەژیان بووە، مزگەوت و حوجرەکان قوتابخانەی پەروەردەکردنی سەرکردەکانمان بوون. ئێمە کە خاوەنی ئەم مێژووەین بۆچی ناتوانین فیکری داعش بنبڕ بکەین؟**

- جوگرافیای کوردستان بەو جۆرەیە بە زۆر لکێنراوین بە عێراقەوە، بۆیە داعشەکانیش وەك هەر داگیرکارێکی دیکە چاویان لەوەیە داگیری بکەن، دوای ئەوەش یەکێك لەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆکاری ئەوەی بوونی داعش درێژە بکێشێت، ئەوەیە ئەم تیرۆریستانە گەڕانەتەوە شوێنی خۆیان، واتە شام، پێشتر خەڵك لە سعودیە و عێراق و سووریاوە دەچووە ئەفغانستان بۆ ئەوەی هاوکاری ڕێکخراوی تاڵیبان و قاعیدە بکەن، بەڵام ئێستا لە شوێنی خۆیانن، ئەو تیرۆریستانە بە ناهەق پەلاماری کوردستانیان داوە، بەڵام ئەم پەلاماردانەیان بە شێوەیەکی ئیجابی بۆ کوردستان شکاوەتەوە، من بەو جۆرە سەیری ئەم بارودۆخە دەکەم، ئەگەر لە ناوخۆمان یەکگرتوو بین و کێشە لاوەکی و ناوخۆییەکانمان چارەسەر بکەین، ئەوا ساڵی ٢٠١٧ تێناپەڕێت دەبینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان و ئاڵای کوردستانی سەربەخۆ دەشەکێتەوە.

*** ئێستا ئێمە بەرەیەکی شەڕمان لەگەڵ ئەم تیرۆریستانە هەیە کە زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەترە، لەوەتەی ئەم شەڕە دەستی پێکردووە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لە بەرەکانی شەڕ ئامادە بووە. ئایا تاچەند ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەناو بەرەکانی شەڕدا کاریگەری لەسەر مۆڕاڵی پێشمەرگە هەبووە؟**

- بەشداریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی حزبە سیاسییەکانی دیکەش لەم شەڕەی داعشدا، بووە هۆکاری ئەوەی ئاراستەی شەڕەکە بگۆڕێت و پێشمەرگە زیاتر بجەنگێت و سەرکەوتن تۆمار بکات، ئەوەی لەم شەڕە جێگەی هەڵوەستەکردنە، ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆری فەرماندەکانمان شەهید بوون، ئەمەش مانای ئەوەیە

لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش فەرماندەکان لە پێش پێشمەرگەوەن، لایەنێکی دیکە کە لەم شەڕەدا بەرجەستە بووە، ئەوەیە کە فەرماندەکان هەر هەموویان بە پێشمەرگە دەڵێن وادەڕۆم، ئێوەش دوام کەون، ئەمەشیان کاریگەریی گەورەی کردۆتە سەر مۆراڵی پێشمەرگە و بۆتە هۆکاری ئەوەی خوا پشتیوانیان بێت و ئەو سەرکەوتنە گەورانە تۆمار بکەن. راستییەکەش هەروایە کاتێك پێشمەرگە دەبینێ فەرماندەکەی پێشی دەکەوێت، ئەوا ئەویش بە هەموو توانای خۆی شەڕدەکات و دوژمن دەشکێنێت، بۆیە جێگەی سەربەرزییە هەر لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە تادەگاتە تەواوی فەرماندە سەربازییەکانی پێشمەرگە، هاوشانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا دەجەنگن.

*** ئێستا لە کوردستاندا پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پرسێکی دیکەیە لەو پرسانەی کە حزبەکان لەسەری ناکۆکن. لەم بوارەدا دوو بۆچوون هەیە، لایەك پێی باشە سەرۆکی هەرێم لەناو پەرلەمان هەڵبژێردرێت، لایەکیش داوادەکات راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، وەك مامۆستایەکی ئایینی لەسەر ئەم پرسە رات چییە؟**

- بە هەر شێوازێك سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرێت لای من قبووڵە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەم حزبانە لە سەر شێوازێك بگەنە رێککەوتن، من وای دەبینم ئەو کێشەیە ئەوەندە قورس نییە رێککەوتنی لەسەر نەکرێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە پێویستە چەند خاڵێك رەچاو بکرێت، یەکەمیان ئەوەیە یاسا سەروەر بێت، دووەمیان ئەوەیە پێویستە سەرۆك دەسەڵاتی هەبێت و بەرامبەر دەسەڵاتەکانی بەرپرسیار بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر سەرۆك دەسەڵاتی نەبێت، ناتوانێت کارەکانی سەرشانی راپەڕێنێت، بۆیە گرنگە دەسەڵاتی زۆری هەبێت و بە یاساش لە بەرامبەر ئەم دەسەڵاتانەی بەرپرسیار بێت. ئێستا بارودۆخی کوردستان بارودۆخێکی هەستیار و مەترسیدارە، وەك کەشتییەك وایە لەناو ئاگر مەلە دەکات نەك ئاو، بۆیە ئێمە پێویستمان بە سەرۆکێکە کە بەهێز بێت و بتوانێت کابتنێکی باشی ئەم کەشتییە بێت بۆ ئەوەی ئەم کەشتییە بگەیەنێتە کەناری ئارام، ئەم کەشتییە چارەنووسی هەموومانە، ئەمە بەو شێوەیە نییە ئەگەر خوانەخواستە ئەم کەشتییە کون بوو، لایەك زەرەر دەکات و لایەك قازانج، نەخێر، ئەگەر خوانەخواستە ئەو کەشتییە کون بێت، هەموومان زەرەر دەکەین. بۆیە گرنگە هەموومان هاوکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەویش پێویستە چاوی لە هەموو گەلەکەی خۆی بێت.

*** ئەی سەبارەت بەو هەموو قەیرانەی کە ئێستا رووبەڕووی کوردستان بۆتەوە، ئایا ئەمە باری کەشتییەکەی قورستر نەکردووە؟**

- وێڕای شەڕی داعش و گەمارۆی ئابووریی بەغدا کە ماوەی ١٧-١٨ مانگە بودجە و مووچەی کوردستانی بڕیووە، دەوڵەتێکی وەك ئەڵمانیا کە یەکێکە لە دەوڵەتە گەورە و دەوڵەمەندەکانی جیهان، وێڕای ئەو هەموو بانگەشەی کە گوایە پەنابەر وەردەگرێت، بە هەموو توانای خۆی توانیویەتی ٣٠٠-٤٠٠ هەزار پەنابەر وەربگرێت، بەڵام کوردستان کە ژمارەی دانیشتووانی تەنیا ٥-٦ ملیۆن کەسە، بۆتە لانەی حەوانەوە بۆ نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەو پەنابەر، ئەمە مانای ئەوەیە هەموو خێزانێکی کوردستان پەنابەرێکی بەردەکەوێت بەخێوی بکات، چونکە ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارە پێویستی بەهەموو جۆرە خزمەتگوزارییەکی کارەبا و شارەوانی و تەندروستی و نیشتەجێکردن و خوێندن هەیە، ئەمانەش هەمووی رەنگدانەوەی لەسەر تاك بە تاکی هاووڵاتیانی کوردستان دەبێت، بۆیە لە ئێستادا ئەرکی سەرشانی هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانە کە سیاسەتێکی ئەوتۆ دابڕێژن بۆ ئەوەی بتوانن ئەم بارودۆخە تێپەڕێنین.

*** ئەگەر باس لە پەرلەمانی کوردستان بکەین، دیارە لە ئێستادا پەرلەمانی کوردستانیش بە قەیرانێکی سیاسیدا تێدەپەڕێت، شارەزایان وای دەبینین، هۆکاری ئەم قەیرانە سیاسییەی پەرلەمان دەگەڕێتەوە بۆ کەمئەزموونی پەرلەمانتارانی ئەم خولە، ئایا چۆن سەیری ئەم قەیرانە سیاسییە دەکەیت؟**

- ئەم قەیرانە سیاسییە بە بێ جیاوازی پێوەندی بە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە هەیە، حزبەکانی ئێمە کەموکورتیان ئەوەیە، لەسەر بنەمای ئەوەی کێ دەنگی زۆر دەهێنێت، کاندید بۆ پەرلەمان دیاری دەکەن، نەك لەسەر بنەمای ئەوەی تاچەند ئەو کاندیدە سیاسەتمەدارە و ئەزموونی هەیە، بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین لە نێو کاندیدەکانی ئەم خولەی پەرلەماندا خەڵکانێك هەن، هیندەی کۆمەڵایەتین، سیاسیی نین، یان بانگخوازە، یان کەسێکی نووسەر، یان رۆژنامەنووسە، دیارە لە ئیش و کاری پەرلەمانیدا ئەم جۆرە کەسانە وەکو پێویست نین، ئەوەی پێویستە لە ناو پەرلەمان کارەکان هەڵبسوورێنێت، دەبێت زیاتر کەسانی سیاسی بن و خاوەنی ئەزموونی سیاسی بن، من رێزم بۆ هەموو پەرلەمانتارەکان هەیە و رەخنەیان لێ ناگرم، بەڵام گرنگە ئاماژە بە راستییەکان بکەین، کە لەم خولەی پەرلەماندا هەموو ئەوانەی بوونە ئەندام پەرلەمان، ئەو خەڵکانەن کە کەمترین دەسەڵاتیان لەناو حزبەکانی خۆیان هەیە. بۆیە توانای بڕیاردانیان نەبووە و ئەگەر ویستبێتیان بڕیار بدەن، بۆ لای سەرکردایەتی حزبەکانیان گەڕاونەتەوە، ئەمەش وایکردووە پرۆسەی بڕیاروەرگرتن قورس بێت و نەتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن.

**گرنگ بوو لە زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لیژنەیەک دروست بکرێت، بۆ ئەوەی سەردانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بکەن و رەوایەتیی کێشەی کورد بۆ ئەوان روون بکەنەوە**

**ئەگەر خۆمان یەکهەڵوێست و یەکڕیز بین و خۆمان لە ناوخۆمان یەکتری قبووڵ بکەین و کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین، داعش چەند بەهێز بێت، ئەوا لە بەردەم ئیرادەی ئەم میللەتە ناتوانێت خۆی رابگرێت**

**هەموو دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان هەوڵیانداوە سوود لە ئایین وەربگرن بۆ سەرکوتکردن و چەوسانەوەی نەتەوەی کورد، بەڵام کورد خۆی سوودی لەم ئایینە پیرۆزە وەرنەگرتووە بۆ بەرەوپێشەوە بردنی دۆزە رەواکەی**



پاوڵ هارت پرۆفیسۆر و توێژەرە لە بەشی حوکمڕانی -school of governance- زانکۆی ئۆترێختی هۆڵەندی، لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە تاوەکو ساڵی ٢٠١١ پرۆفیسۆری زانستی سیاسی بووە لە زانکۆی نیشتمانی ئوستراڵی. تایبەتمەندە و وانەبێژە لە بوارەکانی کەرتی گشتی و ئیدارەدانی گشتی و سەرکردایەتی ستراتیژی و سەرکردایەتی لە سەروەختی قەیرانەکاندا. ئەندامی دامەزرێنەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی قەیرانەکانە لە زانکۆی لەیدن. سەرۆکی کۆمەڵەی هۆڵەندییە بۆ ئیدارەدانی گشتی. گوڵان چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا ئەنجامدا بۆ وەرگرتنی بیروبۆچوونەکانی لەبارەی ئەو سەختییانەی رووبەڕووی سەرکردەکان دەبنەوە کاتێك دەیانەوێت لە ساتەوەختی قەیرانەکاندا بڕیار بدەن، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

پڕۆفیسۆر پاوڵ هارت
وانەبێژ و توێژەر لە زانکۆی ئۆترێختی هۆڵەندی بۆ گولان:

# خۆڕاگری لە بەرامبەر بارودۆخە هەستیار و چاوەڕواننەکراوەکاندا پێویستی بە ئامادەکاری و بەرنامە و پلان هەیە

*** سەردەمی ئێستامان بەوە دەناسرێتەوە کە زەحمەتە پێشبینی قەیرانەکان بکەین، یان بەلانی کەمەوە رووبەڕووی گرفتێکی زۆر دەبینەوە لە پێشبینی کردنیاندا، بۆ نموونە کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد داعش دەوڵەتی ئیسلامی رابگەیەنێت، یان رووسیا کریمیا داگیربکات و بیخاتە سەر خاکی خۆی. چۆن بۆ سەرۆك گرنگە کە توانای پێشبینی قەیرانەکانی داهاتوو بکات، هەروەك وینستۆن چەرچل و فرانکلین رۆزڤێلت کە پێشبینی هاتنی هەڕەشەکانیان کرد؟**

- دەقاودەق لەبەر ئەوەی لە جیهانێکدا دەژین کە ئاڵۆزییەکان روو لە زیادبوونن و گۆڕانکارییەکان بە خێرایی روو دەدەن و سەرەڕای پەلکێشبوونمان و راکێشانی سەرنجمان لەلایەن «داتای زۆر» و چاودێری گشتگیرەوە، پێشبینیکردنی هاوسەنگ بۆ رووداو و قەیرانە وێرانکارییەکان زیاتر قورس بووە و ئاسان نییە. بۆیە سەرکردە و حکومەتەکان سەرکەوتوو نابن لە خۆلادان لە رووداوە لەناکاوە ناخۆشەکان و لێرەشەوە پێویستە خۆیان رێکخەن و ئامادەکاری بکەن بۆ رووداوە چاوەڕواننەکراوەکان، ئەمەش واتە بتوانن خێرا بکەونەخۆ و پلانی گشتییان هەبێت بۆ بارودۆخە هەستیارەکان بۆ ئەوەی لەبەرامبەر رووداوە «چاوەڕواننەکراوەکاندا» خۆڕاگربن.



**ڕەنگە دیموکراسی پشێوی لە خۆبگریت و بە ڕووکەش بێسەروبەرە و خاو بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە چارەنووسسازەکان، بەڵام وڵاتە دیموکراسییەکان سەلماندوویانە کە خۆڕاگرتن لەوەی کە مونافیسە دەسەڵاتخوازەکانیان (ئەوان بەگشتی وەک لاواز و ناکارا سەیریان دەکەن) بیری لێدەکەنەوە**

**وڵاتە دیموکراسییەکان وەک زەبەلاحی نوستوو وان، بۆیە هەندێک کاتی دەوێت تا بەخەبەر دێنەوە و ڕاستیەکان دەبینن، بەڵام هەر کە ئەمەیان کرد، ئەوا بە شێوەیەکی بەربڵاو هێزی پاڵپشتی جەماوەری وایان لێدەکات کە خۆ ڕێکبخەن و بە شێوەیەکی کاریگەر و بەرچاو بەردەوام بن**

*** بـــە درێژایـــی مێژووی سیاســـەت کە پێشـــبینی قەیرانەکانـــی داهاتوو بووەتە بابەتی مشـــتومڕەکانی پەرلەمـــان، پارتەکانـــی ناو پەرلەمان تەســـکبیرانە و بەرژەوەندخوازانە هەڵســـوکەوتیان کردووە، ئەمەش وای کردووە پرۆســـەی بڕیاردان قورستر بێت، لەم حاڵەتەشدا ســـەرۆک ناچاربووە بگەڕێتەوە بۆ ڕای خەڵك. کەواتە چۆن ســـەرۆك دەتوانێت بە باشی لەگەڵ دابەشبوون و ناکارایی پەرلەماندا بدوێت و بە پشتیوانی خەڵك بڕیار بدات؟**

- سەرۆکەکان هەرگیز ناتوانن تەنها بەخۆیان قەیرانەکان چارەســـەر بکەن. ڕەنگە دیموکراســـی «پشـــێوی لە خۆبگرێـــت» و بە ڕووکەش بێســـەروبەرە و خاو بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە چارەنووســـسازەکان، بەڵام هەم لە ڕوانگەی پێوانەیـــی (normative) و (ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و هەڵسەنگاندنی هاوسەنگی بەها و بەرژەوەندییـــەکان) و هەم لە ڕوانگـــەی کردارییەوە (pragmatic)، وڵاتە دیموکراسییەکان سەلماندوویانە کە خۆڕاگرتن لەوەی کە مونافیســـە دەسەڵاتخوازەکانیان (ئەوان بەگشـــتی وەك لاواز و ناکارا سەیریان دەکەن) بیری لێدەکەنەوە. وڵاتە دیموکراسییەکان وەك زەبەلاحی نوستوو وان، بۆیە هەندێك کاتی دەوێت تا بەخەبەر دێنەوە و ڕاستییەکان دەبینن، بەڵام هەر کە ئەمەیان کرد، ئەوا بە شێوەیەکی بەربڵاو هێزی پاڵپشتی جەماوەریی وایان لێـــدەکات کە خۆڕێك بخەن و بە شـــێوەیەکی کاریگەر و بەرچاو بەردەوام بن. ئەو ســـەرۆکە هەڵبژێردراوانەی بڕیاریان داوە «بەتەنیا ڕێگەکە ببڕن»، ئەم حیکمەتەیان فەرامۆش کـــردووە، ئەوەش زیان بە خۆیان دەگەیەنێت، سەرکێشی ئەوەش دەکەن کە لە ڕووی سیاسییەوە خۆیان کەنارگیـــر بکەن، لـــە کاتێکدا دەبێت بـــۆ ئیدارەدانی قەیرانەکان کاری یەکەمیان دروســـتکردن و پاراستنی هاوپەیمانییە فراوانەکان بێت.

*** چەندیـــن ڕێگەی جیاواز هەن بۆ چارەســـەرکردنی قەیرانەکان و هەڵهێنجانی ڕێگەیەکی گونجاو کارێکی ئاســـان نییـــە، کەواتە تـــا چ ڕادەیـــەك دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو پێویستی بە پێداگریی و دڵسۆزی سەرۆك هەیە؟**

- پێداگری و دڵســـۆزی هەمیشە باشـــن و دەتوانین بڵێین مەرجی پێویستن بۆ بە ژێری ئیدارەدانی قەیران، بەڵام بە تەنیا بەس نین. لەگەڵ ئەوەشـــدا ســـەرۆك و سەرۆك حوکمەتەکان پێویستە: ١. شارەزا پێوەندیدارەکان کۆبکەنـــەوە و ڕێزیان لێ بنێـــن (بۆ نموونە، نەك تەنیا گوێ لە شارەزا سەربازییەکان، بەڵکو گوێ لە شارەزا جوگرافییـــەکان و شـــارەزایانی بـــواری تەکنیکی و مێژوونووســـان و کۆمەڵناسان بگرن)؛ ٢. هاوپەیمانییە فراوانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و نێودەوڵەتییەکان دروست بکـــەن و بیپارێزن؛ ٣. لەگەڵ کۆمەڵگە هەرەوەزییەکان کاربکەن و کۆیان بکەنەوە و هەروەها ســـوودوەرگرن لە کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی دیکە بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشانەی کە حکومەت بە تەنیا خۆی ناتوانێت چارەسەریان بکات.

*** لە دیموکراســـییە ناکامڵەکاندا، پارتە سیاسییەکان ڕۆڵیان هەیە لە پرۆسەی بڕیاردان و زۆر جار دەبنە ڕێگر لە بەردەم هەوڵەکانی سەرۆك بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانی نەتەوە لەبەر ئەوەی نایانەوێت ســـەرۆك سەرکەوتنەکان**



**تۆمار بكات، كەواتە چۆن لەم كاتە دژوار و پڕ فشارانەدا سەرۆك كار بكات و نەتەوە بەیەكەوە بهێڵێتەوە؟**

- پارتە سیاسییەكان لەبەر هۆكارێك هەن و هەڵبژاردنی ئەو پارتانەش بۆ ناو پەرلەمان لەبەر هۆكارێكە، هەرچەندە هەندێكجار مایەی نائومێدی دەبن بۆ دەسەڵاتی جێبەجێكار، بەڵام پێویستمان بە پەرلەمانێكی تەندروستی فرەپارت هەیە بۆ ئەوەی ببێتە رەقیب بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێكارەوە. زۆربەی وڵاتە تازە دیموكراسیەكان دەكەونە بەر ئەو وەسفەی باستكرد لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێكار نایەوێت ئەو سازان و هاوپەیمانییەتە فراوانانە دروست بكات كە دابەشبوونە ناوچەیی و تائیفییەكان ببڕیت و دەست دەكەن بە دەستگرتن بە دەسەڵاتدا و پەرلەمان فەرامۆش دەكەن و یاری « جیاوازی دروست بكە و حوكم بكە» (divide and rule) پەیڕەو دەكەن. لە ئەنجامدا دەوڵەت گەوهەری دیموكراسی لە دەست دەدا و دەرگا بە رووی حوكمی دەسەڵاتخوازی، یان كێشەی سیاسی درێژخایەن دەكاتەوە.

*** راگەیاندنەكان لە قەیرانەكاندا رۆڵ دەگێڕن و هەندێك جار قوڕی قەیرانەكە خەستتر دەكەنەوە، كەواتە چۆن سەرۆك دەتوانێت هاوسەنگی لە نێوان پاراستنی راگەیاندنی سەربەخۆ و رێگری لە بەكارهێنانی خراپی ئەو ئازادییە بۆ مەبەستی خراپ دروست بكات ؟**

- تەنیا دەتوانن خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن. بەبێ راگەیاندنی ئازاد، دیموكراسی نابێت. بە بێ دیموكراسیش بیر لە بووژانەوەی درێژخایەن و سەقامگیری مەكەرەوە. سینگافور لە دەرەوەی ئەم یاسا گشتییەیە كە دیموكراسی بە سەر ئۆتۆكراسیدا سەركەوتووە بە هەموو پێوانەكانی حوكمڕانیی باشی و گەشەكردنی مرۆیی. لەوانەیە چین مەكینەی گەشەی ئابووری هەبێت، بەڵام لەسەر حیسابی ئازادییە مەدەنی و ناسنامە ناوچەییەكانە.

*** هەر قەیرانێك لەگەڵ خۆیدا ناسەقامگیری و نادڵنیایی دەهێنێت، رۆڵی سەرۆك چییە لە كاتی قەیراندا بۆ دڵنیاكردنەوەی خەڵك و گەڕانەوە بۆ حاڵەتی ئاسایی؟**

- ئەمە زیاتر بەندە بەو قەیرانەی كە هەیە. هەندێك قەیرانی كتوپڕ كە روودەدەن، وەكو رووداوە پیشەسازییە گەورەكان، ئەوا بەگشتی دەتواندرێت بە هۆی توانستە تەكنیكییەكانەوە چارەسەر بكرێن، وەك پاككردنەوە و ئاوەدانكردنەوە و پێداچوونەوە بە یاساكاندا. قەیرانی تر هەن پێویستیان بە گۆڕانی گونجاوی سەرەكی هەیە، وەك دووبارە بەهەند وەرگرتنەوەی بەها نەتەوەییەكان و ئەولەوییەت و شێوازەكانی ژیان. بۆ نموونە گەر سەیری یابان دوای كارەساتی فۆكۆشیما بكەین، دەبینین مشتومڕێكی سەرەكییان هەبووە لەسەر پشتبەستن بە هێزی ناوەكی بۆ بەرهەمهێنانی وزە. لەم حاڵەتانەدا سەرۆك و حكومەتەكان هەرگیز ناتوانن هەموو وەڵامەكانیان لا بێت. جەوهەری سەركردایەتیكردن لەم قەیرانانەدا ئەوەیە كە وا لە كۆمەڵگە بكەیت رووبەڕووی واقیعی بارودۆخەكە و گرفتەكانی بەردەست بێتەوە و ئەو گفتوگۆ، یان ناكۆكییانە رێك بخات كە روودەدەن لە ئەنجامی ئاڕاستەكردنی ئەو گرفتانە و نەخشەڕێگەیەكی نوێ بۆ نەتەوەكەی بكێشێت.

**جەوهەری سەركردایەتیكردن لە كاتی قەیرانەكاندا ئەوەیە كە وا لە كۆمەڵگە بكەیت رووبەڕووی واقیعی بارودۆخەكە و گرفتەكانی بەردەست بێتەوە و ئەو گفتوگۆ، یان ناكۆكییانە رێك بخات كە روودەدەن لە ئەنجامی ئاڕاستەكردنی ئەو گرفتانە و نەخشەڕێگەیەكی نوێ بۆ نەتەوەكەی بكێشێت**

**سەركردە و حكومەتەكان سەركەوتوو نابن لە خۆلادان لە رووداوە لەناكاوە ناخۆشەكان و لێرەشەوە پێویستە خۆیان رێكبخەن و ئامادەكای بكەن بۆ رووداوە چاوەڕواننەكراوەكان، ئەمەش واتە بتوانن خێرا بكەونە خۆ و پلانی گشتییان هەبێت بۆ بارودۆخە هەستیارەكان بۆ ئەوەی لە بەرامبەر رووداوە چاوەڕواننەكراوەكاندا خۆڕاگر بن**



**دەبێت ئایدیای دیموکراسیەتی جەنگاوەر تەنیا لە حاڵەتە هەرە توندەکاندا بەکاربهێندرێت ئەویش کاتێک مەترسییەکی روون و هەنوکەیی لەسەر ئایندەی دیموکراسی دروست دەبێت لە لایەن هێزگەلێکی نادیموکراتی، یان دژ بە دیموکراسییەوە**

*** لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان و ژینگەی دیموکراتییە تازەکان بەگشتی ژینگەیەکی سیاسیی نارێکخراوە و پڕە لە هاودژی بەرژەوەندی و گوشار و ململانێی حزبەکان لە سەر نفوزی سیاسی، ئەم ژینگەیەش ئەگەر رێکنەخرێت، دەبێتە گەورەترین مەترسی بۆ سەر پرەنسیپەکانی پرۆسەی دیموکراتی، ئایا میکانیزمی رێکخستنی سیاسی لە ژینگەی دیموکراتییە تازەکاندا چۆن دەستی پێدەکرێت؟**

- باشترین رێگە بۆ رێکخستنی پارتەکان ئەوەیە کە من لە نووسینەکانماندا پێی دەڵێم «aggregation» واتە «نوێنەرایەتیکردن لەسەر ئاستی نەتەوە، هەروەها «translation» واتە «نوێنەرایەتیکردن لەسەر ئاستێکی دیاریکراو»، ئەرکی یەکەمیان بە پارتە سیاسییە نەتەوەییەکان دەکرێت کە نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی وڵاتەکە دەکەن. دەکرێت ئەم ئامانجەش لە رێی سیستمی هەڵبژاردنەوە بهێندرێتەدی. نموونەیەکی باش لەم رووەوە بریتیە لە ئەندەنوسیای هاوچەرخ. کە سەرجەم پارتەکان ناچار دەکات رێکخراو بن و مەودایەکی نەتەوەیی راستەقینەیان هەبێت. ئەمەش هاوکار بوو بۆ دروستکردنی سیستمێکی حزبی نەتەوەیی لە وڵاتەکەدا کە وڵاتێکی گەورەیە و لە چەندین دورگە و گرووپ و ئایین و زمانی جیاواز پێکدێت. بژاردەی دیکە بریتیە لە «translation» و بە مانای ئەوە دێت کە وەك کۆمەڵگەیەك بوار دەدەیت پارتە سیاسییەکان لەسەر هەر بناغەیەك بێت، دروست بن. واتە دەستێوەردان لە دروستبوونی پارتە سیاسییەکاندا ناکەیت. کەواتە ئەگەر پارتێکی سیاسی ویستی نوێنەرایەتی گروپێکی ئایینی، کەمینە، یان ناوچەیەك بکات، ئەوا گرفت نییە و ئەوە دیموکراسییە، بەڵام دەبێت ئامادە بێت لە کۆتاییدا بوار بە دابەشکردنی دەسەڵات بدات لەبەر ئەوەی دەبێت پارتەکان پێکەوە کاربکەن بۆ حوکمڕانیکردنی وڵات. رەنگە ئەفریقیای باشوور و عێراق دوو نموونەی باش بن لە بارەی چۆنیەتی کارکردنی ئەم شێوازەوە. کەواتە رێگریکردن، نوێنەرایەتی لەسەر ئاستی نەتەوە و نوێنەرایەتی لەسەر ئاستێکی دیاریکراو، سێ رێگەی سەرەکین کە کۆمەڵگە دەتوانێت لە رێیانەوە پارتە سیاسییەکان رێکبخات، ئەگەر ئێوەش بۆچوونی منتان دەوێت، ئەوا دەڵێم لە رووی دیموکراسییەوە رێگریکردن کارێکی قورسە و رەنگە کاراش نەبێت. لە دیموکراسیدا بژاردەکە لە نێوان نوێنەرایەتیکردنە لەسەر ئاستی نەتەوە

## ماسیش بووگاردس

وانەبیژ و توێژەر لە زانكۆی ئۆترێختی هۆڵەندی بۆ گولان:

# ئەڵمانیا لە دوای تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی دیموكراتی جەنگاوەری پیادەكرد و حزبی دژەدیموكراتی قەدەغە كرد

**ماسیش بووگاردس، خاوەنی بڕوانامەی دكتۆرایە لە زانستە سیاسییەكان و لە ئێستادا پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەكانە لە زانكۆی مەركەزی ئەوروپی و پێشتریش وانەبێژ بووە لە زانكۆكانی جاكوبس، بودابست و ساوزئەمپتۆن، هەروەها تایبەتمەندە و توێژەرە لە بوارەكانی سیستمی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی فرەحزبی و شەڕی ناوخۆ و ڕێكخستنی پارتە سیاسییەكان و ئیدارەدانی ناكۆكییە ئیتنییەكان. گوڵان چەند پرسیارێكی ئاڕاستەكرد لەبارەی پرسەكانی پەیوەست بە كێشەكانی وڵاتە تازەگەشەكردووەكان و كێشەی پارتە سیاسییەكان لەو وڵاتانە كە لە قۆناغی ڕاگوزەریدان، ئەویش بەم شێوەیە بیروبۆچوونەكانی خستەڕوو.**

و نوێنەرایەتیكردنە لەسەر ئاستێكی دیاریكراو.

*** كێشەی وڵاتە تازەگەشەكردووەكان جیاوازە لە كێشەی وڵاتە گەشەكردووەكان، بۆ نموونە لە ڕووی كێشەی گەندەڵییەوە، هەروەها گەورەترین كێشەی قۆناغی گواستنەوە لە وڵاتە تازە گەشەكردووەكاندا كێشەی پێوەندی نێوان حزبە سیاسییەكان و پەرلەمانە، ئەم دوو دامەزراوە كە گرنگترین دوو دامەزراوەن و نوێنەرایەتی خەڵك دەكەن لە دروستكردنی بڕیاری سیاسیدا، بەڵام لە ڕاپۆرتی شەفافییەتی نیودەوڵەتیدا دەركەوتووە، حزبەكان و پەرلەمان گەورەترین هۆكاری گەندەڵیی سیاسین، ئایا بۆچی حزب و پەرلەمان لە دیموكراتییە تازەكاندا لە بری ئەوەی نوێنەرایەتی خەڵك بكەن، قەیران دروست دەكەن؟**

- پارتە سیاسییەكان لە هەموو شوێنێك ناوبانگێكی خراپیان هەیە، نەك تەنیا لە پێوەندی بە پرسی تێوەگلانیان لە گەندەڵییەوە، بەڵكو لە پێوەندی بە پرسی پێدانی هەلی كار لە سەر بنەمای مەحسووبییەت بە دۆست و ئەندامانی پارتەكەیان. ئەمە كێشەیەكی مەترسیدارە، تەنانەت لە هەرێمی كوردستانیش ئەمە مایەی مەترسییە. كەواتە دەكرێت چی بكەین؟ ئێوە ئاماژەتان بە پەرلەمان كرد وەك دامەزراوەیەكی گرنگ، هەروەها دامەزراوەی سیاسی دیكەش هەن، لە نێویاندا دادگاكان و دەزگای چاودێری و چاودێری پەرلەمانی، وەك نووسینگەی ژمێریاری سەربەخۆ، یاخود نووسینگەی بودجەی پەرلەمانی. هەموو ئەم دامەزراوانە چاودێری و لێپرسینەوە ئەنجام دەدەن. ڕەنگە سیستمی هەڵبژاردنیش لەم ڕووەوە ڕۆڵ ببینێت.

*** ئەگەر لە هەرێمی كوردستان بڕوانین ئەوا دەبینین كە لەم هەرێمەدا سیستمی لیستی كراوە بۆ هەڵبژاردنەكان پیادەدەكرێت؟ ئایا ئەمە چ كاریگەرییەكی ئیجابی لێدەكەوێتەوە و چ دەرئەنجامێكی دەبێت؟**

-گرنگ ئەوەیە بزانین ئایا خەڵكی بەڕاستی هەڵبژاردنەكان و سیستمی لیستی كراوە بۆ جیاكردنەوە و هەڵاوێردكردنی نوێنەرە گەندەڵەكان لە نوێنەرە ناگەندەڵەكان بەكار دەهێنن، ئەو كات كاریگەرییەكانی دەبینین.

*** كێشەكە لە عێراقدا ئەوەیە زۆرینەی وڵاتەكە شیعەیە، هەروەها كورد و سوننەش هەن لەم وڵاتەدا، ئەوەی سەرنج دەدرێت و بەدی دەكرێت ئەوەیە كە هەر پێكهاتەیەكی ئەم وڵاتە دەنگ بۆ نوێنەرانی پێكهاتەكەی خۆیان دەدەن.**

**لە ساڵانی پەنجا و شەستەكاندا، دادگای باڵای دەستووری لە ئەڵمانیا دوو پارتی سیاسی هەڵوەشاندەوە، یەكێكیان ئەو پەڕی چەپ و ئەوی دیكەیان ئەو پەڕی ڕاست. قەناعەتەكە ئەوە بوو كە ئەو دوو پارتە نەك هەر نادیموكراتین، بەڵكو دژ بە دیموكراتین و ئەگەر بگەنە دەسەڵات ئەوا دیموكراسی هەڵدەوەشێننەوە**

**واتە شیعەکان دەنگ بۆ پارتە سیاسییە شیعەکان دەدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەنگ بۆ کاندیدی جیاواز دەدەن لەبەر ئەوەی لیستی کراوەیە و هەر پارتێك ژمارەیەکی باشی کاندیدی هەیە بۆ پەرلەمان، واتە دەنگی جیاواز بەدەست دەهێنن، راو و بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟ ئایا ئەمە چ جیاوازی و گۆڕانکارییەکی لێدەکەوێتەوە و تاچەند جێی ئومێدە؟**

-لە سیستمی لیستی کراوەدا دەنگدەران دەتوانن جیاوازی دروست بکەن، ئەویش بە پاداشتکردنی سیاسەتمەدارە باشەکان و سزادانی سیاسەتمەدارە گەندەڵکارەکان.

*** دەکرێت ئەم پرسە لە مەودای دووردا کاریگەری و دەرهاویشتەی خۆی هەبێت، بەڵام عێراق لە نێو هەرە گەندەڵترین وڵاتانی جیهاندایە ریزبەندی بۆ کراوە، لەم وڵاتەدا لێپرسینەوە و چاودێری نییە، شەفافییەت بوونی نییە، لە رووی حوکمڕانییەوە کەموکورتی گەورە هەیە. سەرۆك وەزیران هەوڵ دەدات هەندێ چاکسازی ئەنجام بدات، بەڵام کۆسپ و ئاستەنگی زۆریشی لە پێشە، تا چ رادەیەك ململانێی پارتە سیاسییەکان لە ژینگەیەکی نارێکخراودا دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانەی خەڵك بە پارتە سیاسییەکان و بە پرۆسە سیاسییەکە؟**

- ئەمە کێشەی ئەو سیاسەتەیە کە بۆ پێدانی کار مەحسووبییەت و دۆستەکانی خۆی لەبەرچاو دەگرێت «patronage politics» ئەمەش تەنیا پەیوەست نییە بە عێراقەوە. لە مەودای کورتدا، ئەگەر کۆمەڵگە و سیاسەت لەسەر بنەمای ئەم سیاسەتە رێکخران، ئەوا باشترین کارێك کە بتوانیت ئەنجامی بدەن، ئەوەیە ئە و سیاسەت و تۆڕانە بکەونە ململانێ بۆ ئەوەی چاودێری یەکتر بکەن و یەکتر لە سنوورێکدا رابگرن. ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی یەکەم، کە دیموکراسی چەند کەموکوڕی هەبێت، هێشتا گەندەڵی کەمترە بە بەراورد بە دیکتاتۆرییەت. ئەوەش بەهۆی بوونی ململانێی سیاسییە لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا.

*** تا چ رادەیەك بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی پارتەکان لە سەروەختی قەیران و شەڕدا ئایندەی نەتەوەکە دەخاتە مەترسییەوە، لە کاتێکدا دەبێت ئەم پارتانە بە تەنگ بەرژەوەندیە نیشتمانییەکانەوە بێن و وڵات لەو شەڕ و قەیرانانە رزگار بکەن کە هەڕەشە لە ئایندەی وڵاتەکە دەکەن، لەم بارەیەوە راتان چییە؟**

- لەو کاتانەدا کە نادڵنیاییەکی قووڵ و توندوتیژی بەردەوام باڵی کێشاوە بەسەر بارودۆخەکەدا و خەڵکەکەش چاوی لە دەستکەوتی کورت مەودایە، پرسیارەکە ئەوە دەبێت چۆن کارێك بکەین کە سەرکردە سیاسییەکان لە ئاکامە دوور مەوداکانی کردەوەکانیان بڕوانن و وایان لێبکەین کارێك بکەن کە لە بەرژەوەندی تەواوی نەتەوەکەیاندا بێت، نەك تەنیا بەرژەوەندییەکانی گروپەکەیان لەبەرچاو بگرن. هەندێ جار ئەو تێڕوانینەم لا دروست دەبێت کە پارتە سیاسییە کوردییەکان زۆر بایەخ بە بەغدا و حکومەتی ناوەندی نادەن، بەڵکو پتر گرنگی بە کوردستان و زیاترکردنی مەودای خۆبەڕێوەبەری و دڵنیابوون لە سەلامەتی و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیانی کوردستان دەدەن، کە بە دڵنیاییەوە ئەمانە خەمی شەرعین. بەڵام وەهمێکی مەترسیدارە باوەڕت وابێت هەرێمی کوردستان دەتوانێت دابڕاو بێت لە کاریگەرییەکانی عێراق و تەواوی ناوچەکە. ئایندەی هەرێمی کوردستان بە رادەیەکی گەورە بەندە بەوەی لە بەغدا روودەدات. کەواتە، پێموایە باشترە پارتە کوردییەکان پتر چالاك بن لە حوکمڕانیکردنی عێراق، هەروەها لەبەر ئەوەی لە هەر لایەنێکی دیکە پتر عەلمانی و مەیل بە رۆژئاوان. من هیچ کاتێك لە عێراق نەبووم، لەبەر ئەوە من وەك ئەکادیمییەکی دەرەکی قسە دەکەم، بەڵام پێدەچێت دەرفەتێکی ئاشکرا هەبێت بۆ ئەوەی پارتە سیاسییە کوردەکان بتوانن پێکەوە لەگەڵ پارتە عەرەبە شیعە میانڕەوەکان کار بکەن، کە ئەم کارەشیان لە رابردودا کردووە، هەروەها لەگەڵ پارتە سوننە عەلمانییەکاندا بۆ ئەوەی هاوپەیمانێتی حوکمڕانیی باش پێکبهێنن لە نێو جەرگەی سیاسەتێکی نەتەوەییدا.

*** پارتە کوردییەکان لە بونیادنانەوەی حکومەتی عێراقدا بەشدارییان کرد و دەیکەن، بەڵام بە هۆی کێشە هەڵپەسێردراوەکانیان لەگەڵ بەغدا و کێشەی کەرکووك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و کێشەی بودجە و هەناردەکردنی نەوت ئێستا ناکۆکیمان هەیە و هەروەها زەمینەیەکی هاوبەش لە نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان نییە، سەرباری ئەوانەش شەڕی داعشیش هاتەئاراوە، کەواتە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسی پارتە سیاسییەکان و بپرسین ئایا ئەگەر پارتە سیاسییەکان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا سەرچاوەی کێشە بن، چۆن لە ئایندەی دیموکراسی لەم وڵاتانەدا دەڕوانیت ؟**

- بە شێوەیەکی گشتی من زۆر بە ئیجابی ئایندەی دیموکراسی دەبینم. باوەڕم وایە دیموکراسی تەنیا رێگای شەرعییە بۆ حوکمڕانیی کۆمەڵگەکان، ئیتر گرنگ نییە کۆمەڵگەی مۆدێرن، یان کۆمەڵگەی تەقلیدی بن. لە رووی عەمەلیشەوە سەلمێندراوە دیموکراسی سەرکەوتووترین شێوازە بۆ رێکخستنی سیاسەت. تەحەددییەکە لە ئێستادا بریتییە لە باشترکردنی کارکردنی دیموکراسی و قووڵکردنەوەی دیموکراسی. من باوەڕم وایە دوو رێگە هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. یەکەمیان بەندە بە کۆمەڵگەی مەدەنییەوە.

**زۆر ئاسانە مۆدێلە دەرەکییەکان کۆپی بکەن، عێراقیش دەتوانێت بەلای کەمەوە دەرس لە چیرۆکە سەرکەوتووەکانی سەرتاسەری جیهان وەربگرێت**

**رۆمانیا کێشەی جددی هەیە لەگەڵ گەندەڵیدا، بەڵام بارودۆخەکە لەبەر دوو هۆکار بەرەو باشتر دەچێت. یەکەمیان خەڵکی لە رۆژنامەکاندا دەربارەی ئابڕووچوونەکانی گەندەڵی دەخوێننەوە و نارەحەت دەبن و لە دەرئەنجامدا دەنگ بەو سیاسەتمەدارانە دەدەن کە تێوەنەگلاون. دووەم، پارتە سیاسییەکانیش جیاوازی لە دۆخەکەدا دروست دەکەن**

**دیموکراسی تەنیا رێگای شەرعییە بۆ حوکمڕانیی کۆمەڵگەکان، ئیتر گرنگ نییە کۆمەڵگەی مۆدێرن، یان کۆمەڵگەی تەقلیدی بن. لە رووی عەمەلیشەوە سەلمێندراوە دیموکراسی سەرکەوتووترین شێوازە بۆ رێکخستنی سیاسەت**

پێشتر ئەمە دەستەواژەیەکی زۆر باو بوو و لە بنەڕەتدا کۆمەڵگەی مەدەنی واتە خودی خەڵك خۆیان، لەبەر ئەوەی هەر کاتێك خەڵکی لە پارتە سیاسییەکان نائومێد بوون، ئەوا پێویستە کارێك بکەن لەم بارەیەوە، بۆ نموونە، لە رێی بوونە ئەندام لە پارتێکی سیاسیدا بۆ ئەوەی ئەم پارتە لە ناوخۆدا بگۆڕن. یاخود لە رێکخراوە ناحکومییەکاندا چالاك بن. هەروەها راگەیاندنیش رۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی روون بکاتەوە کە چی دەگوزەرێت. چارەسەری دووەم بریتییە لە نەخشەی دامەزراوە سیاسییەکان. من هاووڵاتیەکی هۆڵەندیم و خێزانەکەم خەڵکی رۆمانیایە، کە یەکێکە لە دیموکراسییە نوێیەکانی ئەورووپای رۆژهەڵاتی دوای کۆمۆنیست. رۆمانیا کێشەی جددی هەیە لەگەڵ گەندەڵیدا، بەڵام بارودۆخەکە لەبەر دوو هۆکار بەرەو باشتر دەچێت. یەکەمیان خەڵکی لە رۆژنامەکاندا دەربارەی ئابڕووچونەکانی گەندەڵی دەخوێننەوە و نارەحەت دەبن و لە دەرئەنجامدا دەنگ بەو سیاسەتمەدارانە دەدەن کە تێوەنەگلاون. دووەم، پارتە سیاسییەکانیش جیاوازی لە دۆخەکەدا دروست دەکەن. هەروەها بە هۆی فشاری یەکێتی ئەورووپاوە، رۆمانیا دەزگایەکی چاودێری سەربەخۆیی دژە گەندەڵی دامەزراندووە و ئەم دەزگایە بێئەندازە کارایە. کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ چەندین سیاسەمەتداری باڵادا کردووە، لە ئێستاشدا بەهۆی گەندەڵییەوە یەکێك لە سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئەو وڵاتە لە زینداندایە. رەنگە ئەو کێشانەی لە ئێستادا رووبەڕووی عێراق دەبنەوە قووڵتر و بە پەلەتر و مەترسیدارتر بن لەو کێشانەی رووبەڕووی وڵاتانی دیکە دەبنەوە، بەڵام هێشتا ئێمە دەتوانین دەرس لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی شوێنەکانی دیکە وەربگرین لە بارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشانەوە. زۆر ئاسانە مۆدێلە دەرەکییەکان کۆپی بکەن، عێراقیش دەتوانێت بەلای کەمەوە دەرس لە چیرۆکە سەرکەوتووەکانی سەرتاسەری جیهان وەربگرێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە من تا رادەیەك گەشبینم.

*** بە شێوەیەکی گشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشەی پارتە سیاسییە نادیموکراتییەکان هەیە کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان و لە پرۆسە دیموکراتییەکەدا دەکەن بۆ ئەوەی بگەنە دەسەڵات، بەڵام کاتێك ئەو پارتە سیاسییانەت کە لە بونیادی خۆیاندا دیموکراسی نین و کاتێك دەگەنە دەسەڵات ئەوا بنەماکانی دیموکراسی پێشێل دەکەن، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکەین؟ بۆ نموونە وەك کێشەی ئیخوان موسلمین، دەکرێت لەم رووەوە چی بکرێت؟**

- ئەمە کێشەیەکی گریمانکراو نییە، ئەمە کێشەیەکی راستەقینە و مێژووییە. زۆر نووسراوە لە بارەی حزبی نازی لە ئەڵمانیا لە سالانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی رابردوودا. کاتێك ئەڵمانیا لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بە دیموکراتی کرا، دەستەواژەی «دیموکراسیەتی جەنگاوەر»یان داهێنا. ئەمەش لە بنەڕەتدا ئەو دیموکراسییەیە کە بەربەرەکانێ دەکات بە دوورخستنەوەی ئەو پارتە سیاسییانەی مایەی هەڕەشەن بۆ سەر دیموکراسی. لە سالانی پەنجا و شەستەکاندا، دادگای باڵای دەستووری لە ئەڵمانیا دوو پارتی سیاسی هەڵوەشاندەوە، یەکێکیان ئەو پەڕی چەپ و ئەوی دیکەیان ئەو پەڕی راست. قەناعەتەکە ئەوە بوو کە ئەو دوو پارتە نەك هەر نادیموکراتین، بەڵکو دژ بە دیموکراتین و ئەگەر بگەنە دەسەڵات ئەوا دیموکراسی هەڵدەوەشێننەوە، لەبەر ئەوە راگەیەندرا کە دیموکراسی مافی ئەوەی هەیە و ئەرکیشی لەسەر شانە کە رێگری لە رووادنی ئەمە بکات. ئەگەر ئێستا بێمە سەر نموونەکەی ئێوە لە بارەی میسرەوە، من دڵنیا نیم لەوەی ئیخوان موسلمین وەسفی نادیموکراسی بەسەردا جێبەجێ ببێت، ئەوە لەوە گەڕێ کە وەسفی دژ بە دیموکراسی بەسەردا جێبەجێ نابێت. کاتێك –ئیخوان موسلمین- لە دەسەڵاتدا بوو کارێکی کەمی کرد بۆ لە ناوبردنی دیموکراسی. بە دڵنیاییەوە تۆ هاوڕانیت لەگەڵ ئەوەی ئەوان کێن و چی دەکەن، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نایەت کە ئەوان نادیموکراتین، یان دیموکراسی لە مەترسیدایە. ئەگەر لە تورکیای ئێستا بڕوانیت لە سایەی دەسەڵاتی سەرۆك ئەردۆغاندا و لەوە بڕوانیت کە دەیەوێت چی بکات، کە دەیەوێت دووبارە دەستوور بنووسێتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی زیاتر بە سەرۆك بدات، ئەوا ئەمە مایەی نیگەرانییە، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە، ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە ئەردۆغان کەسێکی نادیموکراتییە، یان پارتەکەی پارتێکی نادیموکراتییە. دەبێت ئایدیای دیموکراسیەتی جەنگاوەر تەنیا لە حاڵەتە هەرە توندەکاندا بەکاربهێندرێت ئەویش کاتێك مەترسییەکی روون و هەنوکەیی لەسەر ئایندەی دیموکراسی دروست دەبێت لە لایەن هێزگەلێکی نادیموکراتی، یان دژ بە دیموکراسییەوە. بەدەر لەوە، من دڵیەم لێیان گەڕێن ئەم پارت و بزووتنەوە و گرووپانە بەشداری لە پرۆسە دیموکراتییەکەدا بکەن، لەبەر ئەوەی باشترە لە ناو پرۆسەکەدا بن، نەك لە دەرەوەی پرۆسەکە، چونکە ئەگەر لە دەرەوە بن، مایەی هەڕەشەی زیاتر دەبن. لە دەرئەنجامدا، دەبێت ئەوەندەی دەکرێت دەرگای سیستمە سیاسییەکە بۆ هەمووان ئاوەڵا بێت.

**دیموکراسی چەند کەموکوڕی هەبێت، هێشتا گەندەڵی کەمترە بە بەراورد بە دیکتاتۆرییەت. ئەوەش بەهۆی بوونی ململانێی سیاسییە لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا**

**لە سیستمی لیستی کراوەدا دەنگدەران دەتوانن جیاوازی دروست بکەن، ئەویش بە پاداشتکردنی سیاسەتمەدارە باشەکان و سزادانی سیاسەتمەدارە گەندەڵکارەکان**

**پارتە سیاسییەکان لە هەموو شوێنێک ناوبانگێکی خراپیان هەیە، نەک تەنیا لە پێوەندی بە پرسی تێوەگلانیان لە گەندەڵییەوە، بەڵکو لە پێوەندی بە پرسی پێدانی هەلی کار لە سەر بنەمای مەحسووبییەت بە دۆست و ئەندامانی پارتەکەیان**